




# بەشێک لە بابەت و وتووێژی

## مافناس عەزیز ماملێ

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

١- دوکتور قاسملوو دیاردەیەکی نوێ لە بزاڤی کورددا ........ ٣

٢- بانگەوازی (فەوتی خانمی دانیەل میتران،) ........ ٧

٣- هەڵبژاردنی فەڕەنسا و دۆزی کورد ........ ٩

٤- کریس کوچیرا چی بۆ کورد کرد؟ ........ ١٢

٥- لە ماتەمینیی ڕێزدار "سارمەدینی سادق وەزیری"ی مەزن دا ........ ١٧

٦- سپاس ڕۆژهەڵات ........ ٢٣

٧- پیرۆزبایی کردنی کاک "عەزیز مامڵێ" لە مامۆستا "مەزهەر خالەقی" ........ ٢٤

٨- عەزیز مامڵێ بۆ ئاڤاتودەی: دەبێت کورد ڕوو لە چەپبوون بکاتەوە ........ ٢٥

٩- ژیانی کاک جەلیل گادانی مەدرەسەیەکی باڵایە ........ ٣٠

١٠- شێوازی هونەری شەجەریان ........ ٣٧

١١- هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد چۆن دامەزرا؟ ........ ٤٠

١٢- گەڵاڵە ٢٦ی ماددەیی هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد ........ ٧٦

١٣- "پێشەکی" بۆ کتێبی: "دیپلۆماسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" ........ ٨٤

١٤- "پێشەکی؛ وەرگێڕانەوەی کتیبی: "دفاع از دو چهره برجسته جنبش ملی کرد ........ ٩٠

١٥- وتوێژ لەگەڵ عەزیزمامڵێ مافناس سەبارەت بە کارنامەی کۆمەڵایەتی و سیاسی سارمەدین سادق وەزیری بەرنامەی ڕاوێژ، تێلێڤیزیۆنی ستێرک ........ ١٠١

١٦- سەبارەت بە مەنشووری کوردستان؛ یەکگرتوویی کورد لە سەردەمی ١٣٥٨دا و پەرتەوازەبوونی ئێستای ڕێکخراوە سیاسییەکان ........ ١١٩

## دوکتور قاسملوو دیاردەیەکی نوێ لە بزاڤی کورددا.



لـە سـاڵەکانی ١٩٨٠ی زایینـی، ئەسـتێرەیـەک لـە ئـاسمانی بزووتنـەوەی کـورد وەدەرکـەوت، درەوشـاوە، گەشـاوە، رازاوەو رووناکایی خستە سەر سیاسەت و ستراتیژیی کورد.

ئـەو دیـاردەیـە کـە شـتێکی نـوێ بـوو لـە مێـژووی سیاسیی کـورددا، کەسـایەتـییەکی کـوردی رۆژهـەڵاتـی کوردسـتان بـوو، رووناکبیرێک بوو تێگەیشتوو لە کێشەی کورد لە نێو "معادلات" و پێوەندییە نێونەتەوەییەکان، پێگەیشتوو لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان، بەفەرهەنگی بەرزی تایبەتییەوە.

کاراکتێرو کاریزمای دوکتور قاسملوو لە چ پلەو رادەیەکدا بوو کە توانی لە ماوەیەکی کورتدا جێگەیەکی پتەو لە مەیدانی خەباتی کورد، هەروەها پێگەیەکی بەربڵاو لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری، بە تایبەت ناو وناوبانگێکی ئەوتۆ لە جیهاندا بۆ خۆی دابین بکا؟

دوکتور قاسملوو کۆمەڵێک تایبەتمەندیی رەنگاورەنگ و جۆراوجۆری لە خۆیدا کۆ کردبۆوە.

لە هۆش و زەکاوەتدا پلەی زۆر لە سەرەوە بوو، لە ناسین و لێکدانەوە گورجو ئازا، لە بیرو فکردا بەرزو باڵا، لە

هەڵسەنگاندندا بەپێزو بەهێز، لە بۆچوون و ئانالیزەکردن بەدەسەلات و بە توانا بوو. تەواوەتی ئەو سروشتە تایبەتی‌یانە هی ئەوە بوو کە پیاوێکی فرە زاناو عالم بوو. لە فەلسەفە هەتا کۆمەڵناسی، لە عیلمی ئابووری هەتا سیاسەت، مامۆستایەکی پایەبەرز بوو. لەبەر ئەوە بوو کە کەسێکی باوەڕبەخۆ بوو، متمانەی بە لێوەشاوەیی و لێهاتوویی خۆی هەبوو ئەو کاراکتێرە شەخسی و بەرچاوانەی دوکتور قاسملوو وای لێ‌هاتبوو کە لە دانیشتن و پێوەندی لەگەڵ هەر کەس، لە نێو هەر کۆڕوکۆمەڵێک، دەکەوتنە بەرچاوو سەرنجیان رادەکێشا و کەسایەتی و ژیریی ئەو ئینسانەیان بەرجەستە دەکرد.

من کە شانازیی بەرپرسیارێتی پێوەندی‌یە گشتی‌یەکانی ئەو سیاسەتوانە بە ئەزموونەم هەبووە لە نێو حیزبی دیمۆکراتدا، چەن نموونەیەک بە کورتی باس دەکەم بۆ دەرخستنی هەڵسوکەوت و چۆنیەتیی پێوەندی‌یەکانی ئەو شەهیدە نەمرە:

* لە کاتی شەڕی سێ مانگەدا لە چیاکانی کوردستان، لە چاوپێکەوتنەکانی نێوان رێبەرانی کوردی باشووری کوردستان وەک یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی شیوعیی عێراق، حیزبی سۆشیالیستی کوردستان، کەسایەتیی دوکتور قاسملوو لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سەرۆکایەتیی ئەو حیزبانە گەلێک بەرچاو بوو.

* لە دانیشتن لەگەڵ خومەینی و شەریعەتمەداری و وتووێژکردن بە زمانی حاڵی ئەوان، سەرنجی ئەو دوو کەسایەتی‌یە ئایینی‌یەی بۆ لای خۆی راکێشاو شەریعەتمەداری بە زمانی تورکی پێی‌گوت: دەبێ من و تۆ ببین بە دۆست.

* لە پێوەندی‌یە دیپلۆماسی یەکاندا کاتێک بۆ یەکەمجار لەگەڵ کاربەدەستێکی پایەبەرزی کابینەی وەزیری دەرەوەی فەڕانسە و چەند کەس لە هاوکارانی کۆ بۆوە، ئەوان زۆر زوو قوشقیی شێوەی قسەکردن و لێکدانەوەی وەزعی رۆژهەلاتی نێوەڕاست و ئێران و کوردستان بوون و لە نێوچاوانی ئەو دیپلۆماتە پایەبەرزانەدا تەمجیدو تەعزیم بۆ دوکتور قاسملوو دەبینرا.

* لە نێو کۆبوونەوەکانی شووڕای بەرگریی میللی سەر بەرێکخراوی موجاهیدینی گەلدا جێگەی دوکتور قاسملوو وەک کەسێکی زاناو بە ئەزموون و بەتواناو خاوەن‌نەزەر لە سیاسەتدا زۆر زەق و بەرچاو بوو.

* لە دانیشتنەکانی لەگەڵ هاوڕێی یاسر عەرەفات، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی فەتح و رێکخراوی ئازادی‌خوازی فەلەستین و بە ناوی محەمەد سەرتاوی، پێوەندی‌یەکی ئەوتۆ رێکوپێک و بەکەڵک و بەجێ‌ورێ پێک هاتبوو کە بەر لە هەر شتێک

دەگەڕاوە بۆ ڕێزو حورمەتێک کە ئەو کەسایەتی‌یە فەلەستینی‌یە بۆ دوکتور قاسملووی دادەنا.

سروشتە شەخسی‌یەکانی دوکتور قاسملوو زۆر زوو جیاوازیی پلەو رادەی پێگەشتوویی ئەوی لەگەڵ لایەنی ڕووبەڕوو، لەگەڵ دەوروبەر، لەگەڵ دانیشتووان و ئامادەبووان دەخستە بەرچاو. دوکتور قاسملوو لە لێکدانەوەکان و باسەکانی خۆی بۆ چکۆڵەترین قسەو بابەت، گەورەترین ئانالیزو بەربڵاوترین چەمکی دەخستە ئارا، باوەڕی قورسی بە پێداویستی بە بوونی پرۆژەی دیاریکراو هەبوو، بە شێوەی زانستی لەگەڵ ڕووداوەکان ڕووبەڕوو دەبوو.

لایەنێکی بەرچاوی دیکە لە کەسایەتیی دوکتور قاسملوو لە پێوەندی و وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەوانەکان بە تایبەتی وڵاتانی ئورووپایی‌دا خۆی دەنواند کە دەتوانم بڵێم لە هیچ کەس لە کەسایەتی‌یە کوردەکان تەنانەت لە ئێرانی‌یەکاندا نەدیتراوە.

قسەکردن بە چەند زمانی زیندووی جیهان، دەسەڵاتداری بەسەر بابەتەکان، ئاگاداریی تایبەتی لە وەزعی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی جیهان، بە تایبەتی زۆر زوو وەرگرتنی پرسیارەکان و گورج جوابدانەوەیان، سەرنجی گشت ڕۆژنامەوانەکانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، لەم چوارچێوەیە دا بە ڕاستی بە تواناو بە نرخ بوو. لێرەدا دەردەکەوێ کە چەند سیاسەتوانێکی مەزن و بە ئەزموونە.

دوکتور قاسملوو کوردێک بوو لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو هاتبووە دەر، بەڵام لە ژیانی دەرەوە لە ناسینی ئورووپاو ئاشنا بوون لەگەڵ پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی و نێونەتەوەیی‌یەکاندا فرە سەرکەوتوو بوو.

دوکتور قاسملوو بە شارستانییەتی تایبەتی خۆی و هەروەها لێهاتوویی بێوێنە گەیشتە پلەیەک کە لەگەڵ پیاوە سیاسی‌یەکانی پلە یەکی جیهان بەرابەریی دەکرد، ئەو کەسایەتی‌یە کوردە هەموو مەرجەکانی دەوڵەت پیاوێکی کوردی لە خۆیدا کۆ کردبۆوە. من بۆخۆم زۆر هەستم بە وێ چوون و وەکیەکچوونی دوکتور قاسملوو لەگەڵ فرانسوامیتران دەکرد.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو وەزعە تایبەتی‌یە بوو کە کۆماری ئیسلامی چەندین ساڵ بوو پیلانی تیرۆری ئەو ڕێبەرە کوردەی دارشتبوو. ساڵی ١٩٨٢، شەوێک کاتژمێر ١٢، هاوڕێی یاسر عەرەفات بە ناوی محەمەد سەرتاوی کە دۆستی دوکتور قاسملوو بوو تەلەفۆنی بۆ من کرد و پەیامێکی بۆ ناوبراو دانا. پەیامەکە ئەوە بوو کە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران پیلانی تیرۆری دوکتور قاسملوویان بە دەستەوەیە، هەر ئەو شەوە پەیامەکەم بە ناردراوی دەفتەری سیاسی لە پاریس ڕاگەیاند. نازانم ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات چۆن ئەو پەیامەی وەرگرت و بۆ پووچەڵ کردنەوەی چ هەنگاوێکی هاویشت.

**لە بیستەمین ساڵی شەهید بوونی ئەو بلیمەتەدا، جێگەی لە مەیدانی خەباتی کورددا، دیارو چۆڵ و بەتاڵە. مێژووی کورد زۆر زوو ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتووی لە کیس چوو، کەسێک کە لە دنیای ژیئۆپۆلۆتیکی ئەمرۆ، لە پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی کوردا نەخشی گەورە بەجێ بگەیەنێ. لە دیرۆکی کورددا، دوکتور قاسملوو جێگەو بەش و شوێن و شوێنەواری تایبەتیی هەیە. رووحی شاد و رەوانی خۆش بێ.**

**پاریس.**

**٢٣ی مانگی ژوئەنی ٢٠٠٩**

**سەرچاوە: لە ژمارە ٥١٤ ی "رۆژنامەی کوردستان"،(١٣ی ژوویەی ٢٠٠٩)**

---

## بانگەوازی

**خەڵکی کوردستان**

**گشت حیزب و ڕێکخراوەسیاسێ کانی کورد لەگشت بەشەکانی کوردستان**

فەوتی خانمی دانیەل میتران، خەباتگێڕ و دۆستی ڕاستەقینەی نەتەوەی کورد بوو بەهۆی پەژارەیەکی مەزن لەناو کۆمەلگای کوردەواری دا-

بزووتنەوەی کورد بەگشتی لەو سەردەمە ناسک و پرر لەمەترسی‌یە دا، کە دوژمنانی کورد خەریکی بەر بەرەکانی ڕاستەو خۆ و ناڕاستەو خۆ ن لەهەر چوار بەشی کوردستان، پشتیوان و پارێزەر و پسپۆڕیکی گەورەی لەدەست دا کەبەتەنیا بەقەد دەوڵەتێک و بەئەندازەی ڕیکخراوێکی ناونەتەوەیی یارمەتی و پشتگری خەباتی کوردی کرد. لەخۆ ڕا نەبوو کەئەو کەسایەتیە فەڕانسەویە لەجیهان دا بەدایکی نەتەوەی کورد ناسرابوو- خاتوو میتران نەک هەر بۆ کورد، بەڵکوو بۆ گەلی "تەببەت" و "زاپاتیست"ـەکانی مێکزیک و بزووتنەوە دیموکراتیەکانی ئامریکای لاتینیش فرەتێکۆشەر و ئامادەبوو-

من بەهۆی ئەوەی کە ماوەی نزیک بەسێ ساڵ لەسەر داوای شەخسی خانمی میتران شانازی ئەندامەتی کۆنسەی بەڕیوەبەری بونیادی فرانس لیبێرتەم، پێ ئەسپاردرابوو. بۆ ڕیز گرتن لە کەسایەتی پایەبەرزی ئەو خانمە سیاسی و فەرهیختەیە، داوا لەخەڵکی کوردستان و گشت حیزب و ڕێکخراوەسیاسێکان لەتەواوی بەشەکانی کوردستان دەکەم، کە ڕۆژی بەخاک سپاردنی خاتوو دانیەل میتران، ڕیکەوتی شەممۆ ٢٦ ی نۆڤامبری ٢٠١١ وەک ڕۆژی ڕیز گرتن لەو خانمە تێکۆشەرە ڕابگەیێنن و لەکاتژمێری ١٢ ی نیوەڕۆ، دەقیقەیەک بێ دەنگی لەبەر چاو بگرن و لەتەواوی شا ر و گوند و ناو چەکانی هەر چوار

پارچەی کوردستان کۆر ۆ کۆمەڵی ڕیزگرتنی بۆ پێک بێنن.

بێگومان پەسەند کردنی ئەو داوایە چ لەناو کوردستان و ناوچەدا، چ لەڕادەی ناونەتەوەیی دا، وەک هەڵوێستێکی بەجێ بۆ ڕیزدانان لەخزمەتەکانی دۆستی دیرینەی گەلی کورد بایەخی پێ دەدرێ.

عەزیزی مامڵێ

پاریس، ٢٢ ی نۆڤامبری ٢٠١١

## هەڵبژاردنی فەڕەنسا و دۆزی کورد



بە درێژایی مێژو هەڵبژاردنی فەڕەنسا سەرنجی هەمو جیهانی بۆ لای خۆی راکێشاوە و کەمپین و چالاکیی پاڵێوەران لە لایەن روناکبیرانی چوار گۆشەی جیهان پێشوازی بەرچاوی لێکراوە. ئەوەش بۆ جێگەو پێگەی دیرۆکی فەڕەنسا دەگەڕێتەوە کە بەهۆی شۆڕشی ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٧٨٩ و هەروەها کۆمۆنی پاریس لە ساڵی ١٨٧١ لە نێو کۆمەڵگای جیهاندا مسۆگەری کردوە. جگە لەوەش ٢٣٨ ساڵ بەر لە ئێستا مافەکانی مرۆڤ بۆ یەکەمجار لەو خاکەدا راگەیاندراو و بەها و بایەخەکانی وەک: "ئازادی - بەرانبەری - برایەتی" بۆتە بنەمای داواکاری ئازادیخوازان.

سەردەمی تێکۆشانی هەڵبژاردن لە خولەکانی پێشودا گەرم و گوڕتر بو لەو دەورەیەدا بە رێبازێکی سەیر و سەمەرەدا دەچێتە پێش. لە رابردو دو کاندیدی سەرەکی لە دو پارتی چەپ و راست دەکەوتنە ململانیی هەڵبژاردن و هەندێک پارت و رێکخراوی بچوکیش جموجۆڵیان دەکرد، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا رەوشی کلاسیک و کۆنی پێشو ئیتر لە ئارادا نەماوە و بۆ یەکەمجار لە مێژوی فەڕەنسادا یازدە کەس خۆیان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری کاندید کردوە و، یەکەمجاریشە کە دو کاندید سەر بە هیچ پارتێک نین و بە پێی هەڵسەنگاندنەکان لە پلەی دوەم و سێهەمدا جێیان گرتوە. مشتومڕ لە ناو کاندیداکان وەک پێشتر نییە و زیاتر لەسەر لە قاودانی گەندەڵی ساغ دەبێتەوە.

ئەوەی کە بەرچاوە، زیادبونی رێژەی ئەو کەسانەیە کە نازانن کە دەبێ حەوتوی تر واتە لە دەوری یەکەمی هەڵبژاردندا دەنگ بە کام یەک لە کاندیداتۆرەکان بدەن. هۆکاری سەرەکی کەمایەتی نیزیک سەدا چلی کۆمەڵگەی فەڕەنسا کە ئامادەگی

دەنگدان و دیاریکردنی یەکێک لە کاندیداکانیان تێدا نییە بۆ دو خاڵ دەگەڕێتەوە:

**یەکەم:** لە ناو فەڕەنساش وەک زۆربەی کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆی جیهان کەسایەتی خاوەن ئەزمون و پاک و زانا و خۆشەویستی خەڵک کە مەرجەکانی دەوڵەت پیاوی تێدابێ کەم و نایابە و فەڕەنسییەکان پێیانوایە کە وڵاتەکەیان خراپ ئیدارە دەکرێت.

**دووەم:** دەتوانین بڵێین کە خەڵک بە جۆرێک توشی بێ تەفاوەتی بون و متمانەیان بە سیاسەتمەداران نەماوە و بۆشاییەکی گەورە لە نێوان دەسەڵات و خەڵک بەدیهاتوە. قەیرانی ئابوری، گرانی و بەرزبونەوەی ڕێژەی بێکاری و گرفتی گەنجان کە هەست بە بێ دەرەتانی و بێ داهاتویی دەکەن،بە تایبەت لە دەوری شارە گەورەکاندا وایکردوە بڕوا بە دەسەڵات نەمێنێت و،ئەوانە ئاستەنگی جددین بۆ ڕانەکێشانی ئەو ڕێژەیە بۆ سەر سەندوقەکانی هەڵبژاردن.

بێ باوەری کۆمەڵگای فەڕەنسا بە سیاسەتمەدار و کاندیداکان بۆتە هۆکارێک کە ئاکامی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی فەڕەنسا ڕون نەبێت و گریمانەی هەر سناریۆیەک دەتوانێت بێتە ئاراوە.

دورکەوتنی پارتی سوسیالیست و کۆماریخواز وەک دو حیزبی سەرەکی لە خەڵک کە بەپێی ڕاپرسییەکان کاندیداکانیان شانسی بردنەوەیان نییە،هەر لە ئێستاوە سوسیالیستەکانی توشی چەند بەرەیی کردوە و ئەگەر نەتوانن یەک بگرنەوە لە پاش دەوری یەکەمی هەڵبژاردن توشی لێکترازان دەبن و لەو ڕویەوە پارتی کۆماریخوازیش دۆخی لە سوسیالیست باشتر نییە.

خاڵێکی دیکە کە پێویستە ئاماژەی پێبکرێت چالاکبونی لۆبی ماڵی و ئابورییە کە بە هەمو توانا پشتگیری لە کاندیدای بە رچاوی خۆی دەکات و، بۆ یەکە مجارە کاندیداکان کە لە لایەن میدیاکانی لۆبی پشتیوانی ناکرێن ڕاستەوخۆ بەگژ میدیاکاندا دەچن.

## "دۆخی کورد و هەڵبژاردنی ئەمجارە"

دەوری گرنگ و بەنرخی دەوڵەتی فەڕەنسا بۆ کورد لە ناو وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان پاش ڕاپەرینی (١٩٩١) بو بەوەچەرخانێک لە رەوشی کورد لە باشوری کوردستان. ئەمڕۆکەش یارمەتی حکومەتی فەڕەنسا بە هێزەکانی

پێشمەرگە لە شەڕی داعش، بە فەرمی کردنەوەی نوێنەرایەتی رۆژئاوای کوردستان لە پاریس، سەردانی فەرمی فرانسوا ئۆلاند وەک یەکەمین سەرۆک کۆماری جیهان بۆ هەولێر و پێشوازی لە فەرماندەی هێزەکانی شەڕڤانی ژن [یەپەژە] لە کۆشکی ئێلیزە، بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە باوەڕ و پشتگیری سەرۆک کۆماری فەڕەنسا لە بزوتنەوە و مافی کورد بە گشتی.

بەڕونی دەتوانین بڵێین کە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا سیاسەتی وڵاتی شۆڕش و کۆمۆن (فەڕەنسا) بۆ پشتگیری لە کورد بە کار هێنراوە و لە هێنانی نوێنەرانی کورد بۆ ناو پیوەندی ناو نەتەوەییەکاندا فرە بە کەڵک بوە.

کەسایەتی هەمیشە زیندو خاتون دانیەل میتران و خزمەتەکانی بۆ بزاڤی کورد لە مێژوی هەم فەڕەنسییەکان و هەمیش کوردەکاندا ماوەتەوە و دەمێنێتەوە.

شتێکی بێ وێنە کە یەکەمجارە لە بەرنامەی یەکێک لە پاڵێوەراندا دەبینرێت و لە خۆیدا بۆ بەرخۆدانی کوردەکان لە شەڕی داعش دەگەڕێتەوە کە چەندە ئاستی کوردی بەرز کردۆتەوە و خزاوەتە ناو بیری سیاسیی جیهان، باس لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردستانە.

"نیکۆلا دیوپۆن ئێنان" کە سەر بە ژەنێراڵ دو گۆڵ سەرۆککۆماری بەناو بانگ و خۆشەویستی فەڕەنسایە و کاندیدی "گۆڵیست"ە بە ئاشکرا لە بەرنامەی سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا و لە خاڵی هەڤدەهمدا بە پشت بەستن بە رێککەوتنامەی "سیڤەر" پشتیوانی کورد بۆ دروستکردنی دەوڵەت دەکات.

### خاڵی هەڤدەهەم رۆژهەڵاتی نزیک:

دەوری گرنگ بۆ ساغکردنەوەی سوریا و عێراق بێتە ئاراوە. هەوڵبدرێت کە دەوڵەتی ئیسرائیل لە لایەن تەواو دەوڵەتانی ناوچە بە فەرمی بناسرێت و ریگا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی فەلستین خۆش بکرێت. پشتگیری لە نەتەوەی کورد کە بە لێهاتویی دژ بە داعش شەڕیان کرد لە گەڵ ئامانجە مەشروعەکانی بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی هەر وەک لە ساڵی (١٩٢٠) رێگەی پێدرابو.

دیارە مەبەستی ئەو کاندیدە گۆڵیستە،دەوڵەتێک بۆ سەرجەم کوردستانە و پیوەندی بە چەمکی ریفراندۆم و ڕاگەیاندنی

سەربەخۆیی باشوری کوردستانەوە نییە.

هەر چەند تەنیا یەکێک لە یازدە کاندیدای ئەو دەورەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی فەرەنسا باسی لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کردوە، بەڵام ئەوە لە خۆیدا شتێکی نوێ یە و پێشتر نەبیراوە و جێی رێز و پێزانینە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی چاوی گەل - ڕێکەوتی: ١٨ی ئەپریلی ٢٠١٧

---

## كريس كوچيرا چی بۆ كورد كرد؟




"كريس كوچێرا" ناوی دوو كەسە. یەكەمیان بە نێوی "پۆل مۆبێک" كە ڕۆژی ٣١ی مانگی ژووئیە تووشی ڕاوەستانی دڵ بوو و لە ڕۆژی یەكی مانگی ئووت لە نەخۆشخانە كۆچی دوایی كرد.

ئەوەی دیكە "ئیدیت مۆبێک"، خانمەكەیەتی كە وێنەهەڵگری دامەزراوەی "كريس كوچێرایە"-

مەڵبەندی كريس كوچيرا خاوەن ماڵپەڕی:

**Kurdistan-photolibrary.org**

**Kurdish history image**

كە ئەو ماڵپەڕە هەر بەردەوامە و لە ڕێگای وێنەكانی، مێژووی كورد دەخاتە بەر چاو و لە ڕووی ئارشیڤەوە گەنجینەیەكەی پڕبەها لە مێژوو و خەباتی كورد تێیدا كۆكراوەتەوە كە هەر دێ و زیاتر بەربڵاوتر دەبێت.

"پۆل" كە لە ناو كورددا هەر بە ناسناوی "كريس كوچێرا" دەناسرێت، هەرچەند بە هۆی نەخۆشی "پاركینسۆن" نەیتوانی درێژە بە كارە بەنرخەكانی بدات، بەڵام لە ماوەی ٤٦ ساڵ پیوەندی و تێكەڵاوی لەگەڵ بزاڤی كورد، خزمەتێكی بێوێنە وبەنرخی بە نەتەوەی كورد كرد. گرینگترین تایبەتمەندی نووسەر و ڕۆژنامەوانی وەک كريس كوچێرا لەوە دابوو كە

بەردەوام و لە هەل ومەرجی گەلێک دژواردا چ لە شاخ و چ لە شار، سەردانی کوردیان دەکرد.

یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧١ سەفەری باشووری کوردستانیان کرد و چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیان لەگەڵ "مەلا مستەفا بارزانی" ڕێکخست و هەر لەو سەردەمەشدا لەگەڵ د.قاسملو ئاشنا بوون و ئەوەش بوو بە سەرەتای پێوەندییەکی نیزیک و درێژخایەن. لە لوبنان چاویان بە "ئۆجالان" کەوت و لە ئیتالیاش لە دۆخێکی دژوار کە ئۆجالان تێیدا بەسەر دەبرد، سەردانیان کرد و وتووێژیان لە گە ڵ ئامادە کرد. لە سوریا دیداریان لە گەڵ مام جەلال پێکهێنا و لە گوندی "تووژەڵ"ی سەر بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیمانەکانیان دووپات کردەوە و لە سلێمانییش درێژەیان پێدا.

دە رئە نجامی گشت ئەو سەفەر و چاوپێکەوتن و وتووێژە ڕۆژنامەوانیانە لە ناو مێدیاکانی فەڕەنسا و ئورووپا بڵاوکراوەتەوە کە لە خۆیدا ڕۆڵ و دەورێکی گرنگی لە ناساندنی پرسی کورد بینی و لە سەر و بەندێکدا کە بزووتنەوەی کوردستان کەم باسی لێوە دە کرا، توانیان ڕەوش و دۆخی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت بە لێکدانەوەی بە پێز بخەنە بەرچاو و ڕای گشتیی ئورووپا و ببنە پردێک لە نێوان کورد و دونیای دەرەوە.

کریس کوچێرا لە ناو مێدیای فەڕەنسادا سەرچاوە و گەنجینەیەکی پڕبەها و باوەڕپێکراو لەمەڕ دۆزی کورد بوو کە هەرکات سەبارەت بە ڕووداو یان بابەتێک ناوی کورد هاتبا گۆڕێ، ئەو جوامێرە بە زانیاری تە واو و شارەزایی چڕوپڕ وەک کوردناس و ڕۆژنامەوانێکی بە ئەزموون بەرسڤی پرسیارەکانی دەداوە و وەک پارێزەرێکی بەتواناش هەڵسەنگاندنی بەناوەرۆکی بۆ بابەتەکان دەکرد.

کریس کۆچیرا کۆمەڵگای کوردەواریان لە ڕووی سیاسیی - کۆمەڵایەتی و تەنانەت داب و نەریت وەک بەری دەست دەناسی و هاوکات خۆشیان لە کارەسات و پەژارە و هەروەها خۆشییەکانی کوردستان بەشدار دەزانی و بە هەموو هەست و توانا چاویان لە ڕووداوەکان دەکرد و بە نووسینی وتار یا ڕوونکردنەوەیان بۆ مێدیاکانی وەک، لۆمۆند، لۆمۆند دیپلۆماتیک و گۆڤارە جیا جیاکان، دەنگی نەتەوەیەک بوون کە بە ڕۆژانە لە چەوسانەوە دابووە. گە ر مادام "میتێڕان" بۆ کورد دەنگی بە دەنگان بوو لە ڕاستی دا کریس کۆچیراش دەنگ و ڕەنگی شۆڕشی کورد بوو و بە قەڵەم و بە وێنەی کەموێنە، دەنگ و باسی کوردستانیان لە ئوروپا بڵاو دەکردەوە و لەو بوارەدا گە ورەترین خزمەتیان بە کورد کرد.

لە دوو کتێبی پڕناوەڕۆک لە سەر دیرۆکی خەباتی کورد بە هەر دوو زمانی فەڕەنسیی و ئینگلیزی بە لێهاتوویی بۆ خۆێنەرانی ئورووپایی مێژووی کوردیان شێ کردەوە.

هەندێک دەبێژن کە کوچیرا لە فلان لایەن یا فلان بەرپرسی حیزبی نیزیکبوون و لایەنگریان لە لایەنێکی تایبەت، بە زیانی ئەوەی تریان کردووە. چاوپێداخشاندنێکی ورد لە ناوەڕۆکی نووسراوەکان بە تایبەت لە دوو کتێب کە لە سەر مێژووی کورد نوسراوە، پێمان دەسەلمێنێ کە بە پێچەوانەی ئەو قسە وباسانە، کوچیرا وەک نووسەرێکی بێلایەن و پرۆفێشنال شرۆڤەیان بۆ ڕووداوەکان کردووە و بە شێوەی ئۆبژێکتیو پەنجەیان خستۆتە سەر کردەوەکانی نالەباری بەرپرسانی کورد و لە سۆنگەی ڕەخنەگرانەوە شیکاریان کردووە.

من لە ساڵی ١٩٩٩ لە دوای دەرچوونی کتێبی "ئالە نگاری کورد یان خەونی سەربەخۆیی" کە بۆ خۆی پێشکەشی کردم، ئەو دەرفەتم بۆ هەڵکەوت کە ئەو کتێبە وەرگێڕمە سەر زمانی فارسی کە پاشان بەڕێز کاک حەسەن ڕەستگار بۆ کوردی وەریگێڕایەوە. لەو کتێبەدا بە وردی تیشکیان خستۆتە سەر زۆڵم و زۆرداری دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و هاوکاتیش چاویان بە سەر هەڵە و هەڵوێستە ناڕەواکانی سەرکردایەتی کورد نەبەستووە و لێیان خۆش نەبوون، چ لە ڕۆژهەڵات یان باشووری کورستان چ ئەو کەسانە کە پیوەندی فرەتریان لە گەڵیان بووە و چ ئەوانی تر.

کریس کوچیرا لە ڕووی دڵسۆزی بەڵام، بە تووڕەیی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ جیابوونەوەی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرد و وەک نارەزایەتییەک پێوەندیان لەگەڵ هەر دوو لایەنی حیزبی دێموکرات (حدکا - حدک) پچڕانبوو. سەرەڕای تکای من بۆ دیتن و چاوپێکەوتن و وتووێژ کردن لەگەڵ مێدیا و تەلەڤیزیۆنەکانیان، جا لە کوردستان بێ یان پاریس، بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبوون لە گەڵیان دابنیشێت و پێشمەرجیان، یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات بوو.

کریس کوچیرا ژیانێکی زۆر ساکار و ئاساییان بە ڕێوە برد، هە تا ئێستاش هەر لە کرێ نشینی دا بوون، ڕۆژێک کە لەگەڵ سەرمایەدارێکی کورد سەردانیانمان کرد لە ماڵەکەی لە پاریس، برادەری کورد هەر بڕوای نەدەکرد کە مرۆێکی ئەوتۆ ناسراو و بە ناوبانگ دەتوانێ و دەبی ئاوا بەتەنگدەستی و بەفەقیری ژیان بەرنەسەر - کوچیرا بە شەرافەتمەندی ژیان و بە ڕووسوری کاریان کرد هەرچەندە کە دەیانتوانی شێوەیەکی دیکە بۆ ژیانیان هەڵبژێرن - ڕۆژی دووشممە ٧ی مانگی ئووت واتە شەش ڕۆژ لە پاش کۆچی دوایی "پۆل مۆبێک" لە شاری "گێرێ" بە ئامادەبوون ئێدیت و کچەکەی سوازیک و نیکۆلای کوڕی و لە سەر داوای خۆی تەرمەکەیان سووتاند.

من وەک دۆست و هاوڕێیەکی نیزیکی کریس کوچیرا کە دۆستایەتیمان بۆ ساڵی ١٩٧٩ لە سەر چیاکانی کوردستان دەگەڕێتەوە بەشداری ڕێوڕەسمەکە بووم و جگە لە دۆستایەتی، بۆ دەربڕینی هەستی پێزانین لە تێکۆشانی بە کەڵکی ئەو پیاوە و خانمەکەی کە لە خزمەت بزاڤی ئازایخوازی کوردستاندا بووە بە ئەرکی سەر شانم زانی کە لە گەڵ بنەماڵەکەی

ئامادەی پرسە و ڕێ و ڕەسمەکە بم، ئەوانیش وەک دۆست و کوردێک، بەدڵۆڤانی وەریان گرتم.

پۆڵ مۆبیک باوەڕی بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بوو و ئەوەشی بە مافێکی حاشا هەڵنەگر دەزانی و زۆر جاریش لە ساڵەکانی ڕابردوودا لە گفتگۆکانماندا باسی ئەو پرسەمان دەکرد و پێی وابوو کە لە داهاتوویەکی نیزیکدا باشووری کوردستان لە عێراق جیا دەبێتەوە.

ئەمڕۆ بەختەوەرانە بەشێکی چالاک لە کریس کوچیرا لە مەیدانی تێکۆشاندا ماوەتەوە و بە دەوڵەمەندکردنی وێنەکانی کوردستان درێژە بە کار و ئەرکەکانی دەدات و سەرچاوەیەکی بەنرخیشی دامەزراندووە بۆ توێژەر و لێکۆڵەری کورد و غەیری کورد.

"کریس کوچیرا هەر زیندووە"

عە زیز ماملێ

پاریس

٨ی مانگی ئووتی (ئاگوست)

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٧

---

## لە ماتەمینیی ڕێزدار "سارمەدینی سادق وەزیری"ی مەزن دا



قەڵەم تازیەبارە و کاغەز ماتەمینی گرتووە، کتێب و ڕۆژنامە شێن دەگێڕن، ئاخر ئەمەگناسێکی گەورەیان لەدەسداوە. کەسێک کە باشترین پێوەندیی لەگەڵیان هەبوو و بە درێژایی تەمەن هاتووچوویانی کرد. دۆستایەتیی نێوانیان قووڵ و بەردەوام بوو. ئەویندارى یەکتر بوون و پێوەندیەکانیان لە قووڵایی کۆمەڵگە ڕەگیان کوتا و بەریان گرت، بەرهەمی ئەو پێوەندیە مرۆڤ دۆستی، ئەخلاق و هەوڵ بۆ گەیشتن بە یەکسانی و دادپەروەریی بوو. دادوەر(قازی)ی بوێری تاران، پارێزەر(وەکیل)ی بە ئەزموون، سیاسەتوان و تێکۆشەری ماندوونەناس، سارمەدینی سادق وەزیری کۆچی دوایی کرد.

کۆمەڵگەی سیاسی و حقوقیی ئێران و کوردستان خەم دایگرتوە، ئازادیخوازان و پێشکەوتنخوازان، دۆست، هاوڕێ و هاوبیرێکی جێگای ڕێز، بەئەزموون، پێشکەوتنخواز و ئەرک وەخۆگریان لەدەسداوە. لێرە ناتوانم سیاسیە و کارنامەیەک لە تایبەتمەندیەکانی ڕیز بکەم. دەرەتان تەسکە، مەودا تەنگەبەر و خەم تەشەنای سەندوە. لەم هەلە دا هەر دەتوانم بەکورتی ئاماژە بە تایبەتمەندی و سەرمایەی دەوڵەمەندی فەرهەنگی سیاسی، حقوقی و کۆمەڵایەتیی بکەم.

لە بواری "قەزا" دا خۆشناو و لە مەیدانی سیاسەتدا ئەوپەڕی بڕوا و خۆشناوی. هەموو ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی

لە بواری پیشە و لە باری ڕێکخراوەییەوە بەو پەڕی کارامەیی ڕادەپەڕاند. قورس و قایم پێبەند بە بایەخە کۆمەڵایەتییەکان بوو، لە بەرابەر هیچ داگیرکەر و ستەمکارێکدا داینەنواند، خاوێن ژیا و نوێنگەی پاکی لە ئەخلاق مایەوە.

لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوەکان گەرچی پێی لەسەر عەرز بوو، بەڵام سەری لە ئاسمان و بۆ بیرۆکە سیاسی‌یەکان و گەران بۆ ئامانج، کاکڵەی ئیدە و دۆزینەوەی ڕێگاچارە بوو. ئیدە و ڕێگەچارەیەک کە هەڵقوڵاوی ڕاستیەکانی کۆمەڵگە بوون.

لە سیاسەت دا هیچکات ئەدەب و پاراستنی حورمەتی لەبیر نەکرد و پێ بەند بە ڕێوورەسمی ئەخلاقی و ئینسانی بوو و بە مەتانەتەوە لەو بوارانەدا هەڵسوکەوتی دەکرد. تێگەیشتوویی و زانستی خۆی لە خزمەت ئامانجەکانی دانابوو و ئامانجی مرۆڤدۆستی و خزمەت بە کۆمەڵانی ستەملێکراو و مافخوارو بوو. ئەویندار و عاشقی سەوداسەری دیموکراسی بوو و بە تەنیا هەڵبژاردەی بۆ چارەسەری کێشە سیاسی و ئیدارییەکانی ئێرانی دەزانی، بە تێفکرینەوە دژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆریی خەباتی کرد و لە بوارەدا بڕیاری ئیعدامی بۆ دەرچوو.

وەک مرۆڤێکی شەریف، بوێر، دیار و تێکۆشەر لە لای هەموو کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکان و کەسایەتیە دێموکرات و شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازەکانی ئێران لە نزیک بە یەک سەدەدا، ڕێز و حورمەتێکی زۆری بۆ خۆی دەستەبەر کرد. دڵی هەمیشە لای خەڵک بوو، ڕێزی لە کۆمەڵگە دەگرت و بۆ ئەو مەبەستەی(خەڵک خۆش ویستن و ڕێزگرتن لە کۆمەڵگە) لە خۆبوردوو بوو و تاوان یکی زۆریشی بۆ دا. لە ڕێگەی خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئازادیخوازانە و بەرابەری خوازانەکانی حوکمی ئیعدامی بەسەردا سەپا. لەو بوارەدا ترس لە ئیعدام و دڵەراوکێی لەدەسدانی کار و هەلومەرجی بنەماڵەیی لای گرنگ نەبوو و هیچکات تووشی ڕاڕایی نەهات.

لە بواری "قەزاوەت" (وەک قازی و دادوەر) و پارێزەر(وەکالەت) لە مافی خەڵکی ستەم لێکراو و لە "داد" (عەدالەت) دیفاعی کرد و لە مەیدانی سیاسەتدا، داکۆکیکاری ستەملێکراوان و بەشمەینەتان بوو. بە سەرنج و دەسپاکیەوە، بە بوێری و لەخۆبوردوویی هەموو بەڵێنەکانی خۆی لەو بوارانەدا بە ئەنجام گەیاند. دادوەری (قەزاوەت) و پارێزەر(وەکالەت) و سیاسەتی لەو پەڕی سەداقەت و سەلامەت و حەکیمانە و عالمانە ڕەچاوکرد و

لە گەڵ خەبات بۆ ئازادی، بەرابەری و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی پێکەوەی گرێدان.

هێژا سادق وەزیری نوێنگەی تێکۆشان و خەبات بۆ مافە دێموکراتیکەکانی خەڵک لە سەردەمە مێژووییەکاندا بوو.ئەو بە مێژووی زیندووی ئێران و کوردستان دەژمێردرا. ژیانی ٩٠ ساڵی ڕابردووی هاوکات بوو لەگەڵ رووداوە گرنگ و چارەنووس سازەکان لە ئێران و کوردستان. بەشداری و چالاکیەکانی هەر لە خەبات و ڕاپەرینەکان لە ساڵەکانی ٢٠ و ٣٠ەوە تا بەشداریی چالاک و گشت لایەنە لە شۆڕشی ٥٧، دەبێ بە شانازیی و سەربەرزیەوە چاولێبکرێن. لە هەموو ئەو سەردەمانەدا لەوتار و نووسین و کردارەکانی دا بلیمەتی لە کەسایەتیی و لێبڕاوی و بەردەوام بوونی لە ئاستێکی بەرز دا لەخۆی نیشان دا. لە کۆڕی ئازادیخوازانی ئێراندا باسی گۆڕانکاریی دێموکراتێکی لە دەسەڵاتی سیاسی و یاسای بنەڕەتیی وڵات هێنایە ئاراوە و بانگەشەی بۆ کرد. پێ ئەسپاردنی پلە و پۆستی هەستیار و بەرپرسایەتیی گرینگ لە دامەرزاوەکانی وەک کومیتەی ئازەربایجان - کوردستان و کۆمەڵەی خەبات دژ بە ئیستعمار، هەروەها هەڵبژاردنی وەک ئەندامی بەڕێوەبەریی کانوونی وەکیلانی دادگوستەریی ئێران، دەرخەری ئەوپەڕی بڕوای هاوخەبات و هاوکار و هاوپیشەکانی لە لایەک و نیشانەی لووتکەی شیاو بوونی بۆ بەرێوەبردنی ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکان بوو. قسە مێژووییەکانی لە زانکۆی تاران لە هەڕەتی لاوێتی لە تەنیشت دوکتور موسەدێقەوە، لە کاتی رووداوی مێژوویی گەڕانەوەی دوکتور موسەدیق بۆ پارلەمان(مەجلس) کە بوەهۆی برینداربوونی، نیشانەی توانایی، کارزانی و تایبەتمەندیی بایەخدار بوو لە کەسایەتیدا.

لە "کانوونی وەکلای ئێران" و لە کۆڕی پارێزەرانی پێشڕەودا لە بنەمای "سەربەخۆیی قوەی قەزاییە" و هەروەها دامەرزان و پاراستنی سەربەخۆیی "کانوونی وەکلا" پشتیوانیی کرد. لە پێکهاتنی "جەمعیەتی حقوقدانانی ئێران" کاریگەریی هەبوو کە لە دامەرزێنەرانی بوو. لە سەرهەڵدان و دامەرزانی "جبهەی دمکراتیک ملی" بەشدار بوو.

هەموو ئەو هەوڵ و تێکۆشانانەی بە بێ هیچ خۆدەرخستن و خۆپەرستیەک ئەنجامدا.

هێژا سادق وەزیری دروست و ئاگاهانە "شوێن و قورسایی بزووتنەوەی نیشتمانی - شۆڕشگێڕانەی کوردستانی لە بواری گشتیی بزووتنەوەی شۆڕاگێڕانەی ئێران" دا بە بایەخدار دەزانی و "ڕاستیی تاڵی دەرکی هەڵە یا تەم و مژاویی ڕێکخراوە پێشکەوتنخواز و شورشگێڕەکانی ئێران لە ئاستی دا" وەبیر دەهێنایەوە و هەمیشە لە سەرئەوە

پێداگر بوو کە: "بەردەوامیی حەرەکەتی شۆڕشگێڕانە و دێموکراتیک لە سەرانسەری ئێران لە پێوەندیی راستەوخۆ و نزیک و بەردەوام و مانەوەی بزووتنەوەی نیشتمانی - دێموکراتیکی کوردستان دایە". وەک دیتمان رووداوەکانی پاشتر راستیی فێکر و هەڵسەنگاندنەکانە ژیرانەکانی سارم خانی سەلماند.

رێزدار سارم خان، بە سەرنج و وردبینی و لە روانگەی زانستی سیاسیی مودێڕنەوە بزووتنەوەی کوردستانی بە "نیشتمانی - شۆشگێڕانە" ناو هێنا و وەک راستییەکی تایبەتمەند هێنایە ئاواوە کە لەهەلومەرجی دیاری مێژوویی لەم سەردەمەدا، ئامانج دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردە لە چوارچێوەی ئێرانێکی سەربەخۆ و ئازاد دا. چەندەش زانایانە و ژیرانە لە بەرابەر ئەوانەی کە دژی بۆچوون و بیرۆکەکەی راوەستان و نووسین یان لەسەر بڵاوکردەوە راوەستا و وەڵامی کونجاوی دانەوە. وەک دەبینین لە کتێبی "رێگا رێگای دێموکراسییە" لە وەڵامی نووسەرێک کە لە بابەتێکدا بەناوی "رێگە لە کام لایە" و دژایەتیی روانگەکانی لەسەر داکۆکی لە دێموکراسی و مافی نەیەوەیی کردبوو، ئاوا دەڵێ:

"تەنیا رێگا، دێموکراسی ڕاستەقینەیە، ئەویش بە زەمانەت کردنی ئەوەی کە کۆمەڵانی خەڵک بتوانن مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان لە بوارەکانی نیشتمانی، تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیدا هەبێت. بە لەبەرچاوگرتنی ڕاستییەکانی ئێران و دواکەوتوویی ئابووری و کۆمەلایەتیی نەتەوە ستەملێکراوەکانی وەک کورد، تورکمەن، بەلووچ، عەرەب و ئازەربایجانی؛ بەبێ دەستەبەر بوونی ئەو مەرج و ئەوهەلە کە باسکرا، هەرچەشنە قسەیەک لە دێموکراسی و فرەچەشنی و شتی لەو بابەتە قسەگەلێکن بۆ لە خەو خستن(خاپاندن)ی بەشمەینەتان ونەتەوە ستەملێکراوەکان. ئاخر کاتێک نووسەر خۆی دەڵێ: بەشی هەرە زۆری هێزی بەرهەمهێنان و سەرچاوەکان و هەروەها فابریک و دامەرزاوەکانی بەرهەم هێنان لەدەستی دەوڵەت دان، کاتێک بەڕێوەبەران و کارگێڕان و بوروکراسی حاکم بەگشتی لە یەک نەتەوەن، کاتێک ناوچەکانی کوردستان و بەلووچستان لەباری ئابووری و فەرهەنگیەوە دواکەتووترلە ناوچەکانی دیکەی ئێرانن، چۆن دەتوانرێت بەبێ رەچاوکردنی مێکانیزمی تایبەت کە ئەو نابەرابەریانەی کورد و بەلووچ قەرەبوو بکاتەوە و مافی هەردوو گەلی کورد و بەلووچ دەستەبەربکات، تەنیا بە گەمەی زۆرینە و دەستاودەست کردن دڵ خۆش بکەین؟"

جەمعیەتی کوردانی دانیشتووی ناوەند(جمعیت کردهای مقیم مرکز)ی لە تاران دامەرزاند و رۆژنامەی برووسکە و

سدای مەعاسری بە هەوڵ و تێکۆشانی کەم وێنەی خۆی، کردە سەنەنگەری دیفاع لە بزووتنەوەی کوردستان لە بەرابەر هێرشەکانی پاسدارانی کۆنەپەرستیدا. رێکخراوە سیاسی‌یەکان بە رێزی تایبەتەوە دەڕوانینە کەسایەتیی ئەم گەورە پیاوە و لە رێنوێنی و راسپاردە داهێنەرانەکانی کەڵکیان وەردەگرت.

رێزدار سارم خان هەمووکات پێویستیی یەکێتی رێبەریی سیاسی - نیزامی بۆ راوەستان لەبەرابەر شەڕی سەپێندراوی بازرگان و خومەینی و مەلاکانی تاران بەسەر کوردستان، وەبیر حیزب و رێکخراوە کوردیەکان دەهێنایەوە. هەوڵ و تێکۆشانی بەرێز سادق وەزیری و هاوکات داخواز و زەختی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و هەست بە بەرپرسایەتیی هێزە سیاسی‌یەکان و تەیایبەت مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی بونە هۆی سەرهەڵدانی لاپەڕێکی زێڕین لە خەباتی گەلی کورد، کە ئەویش پێکهێنانی دەستەی نوێنەراتی گەلی کورد(هیات نمایندگی خلق کرد) بۆ وتوویژ لەگەڵ نوینەرانی دەوڵەت.

سارم خان بەوەش نەوەستا و بۆ چاودێری و رێکوپێک کردنی کاردکرد و کاری دەستەی نوێنەراتی کورد چوە مەهاباد و لە نزیکەوە چاودێری وتوویژ و ئەرکەکانی "دەستەی نوینەرایەتی کورد"ی کرد. گرنگترین بەرهەمی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد، "گەلاڵەی ٢٦ مادەیی" بوو کە سارم خان بە گەلاڵە دارێژی سەرەکیی دەژمێردرێت، ئەم گەلاڵەیە پێشکەش بە گەل و هاوکات وەک بنەمای وتوویژ لەگەڵ دەوڵەت، پێشکەش بە دەسەلات کرا.

کەسایەتیی سارم خان ئەوەندە بەرز و بەرێز بوو کە لە شەڕی سنە (نەورۆزی خوێناوی ١٣٥٨) لەسەر بانگ هێشتی ئاغای ئەحمەد حاج سەید جەوادی لە شوێنی لەدایک بوونی خۆی(سنە) ئامادە بووو لە بەرابەر بەهەشتی، رەفسەنجانی، بەنی سەدر، تالەقانی و ئەحمەدی سەدر داکۆکیی لە مافەکانی گەل کرد و بە پێشنیار و داهێنانی بەرێزیان شوورای شاری سنە پێک هات کە لە سەردەمی خۆیدا بە دەستکەوتێکی گەورە حیساب دەکرێت.

لە تەبعیدی سیاسیش دا ئارام دانەنیشت و بەردەوام بە نووسین و راوێژ و راسپاردەی ژیرانە یارمەتتیی هێزە کوردیەکانی دەدا و بەهەر بۆنەیەکەوە بوایە هەڵە و ناکۆکیەکانی وەبیر دەهێنانەوە. پێشنیار و گەلاڵەی "پێکهێنانی شووای کاتیی شۆڕشگێری سەراسەریی کوردستانی ئێران، پێویستیی حاشاهەنەگری قۆناخی ئێستا"ی لە ساڵی ١٣٦١ نموونەیەک لە هەست بە بەرپرسایەتیەکی بەنرخی بەرێزیان بوو.

یادزیندوو سادق وەزیری بە قەڵەم و بە قەدەم، بێ ئەملاو ئەولا، وەک "ژان ژورز" بیرمەندی فەڕانسەیی هەموو بیر و توانی خۆی نایە خزمەت مرۆڤایەتی، دیفاع لە ستەملێکراوان و بەتایبەت پشتوانی لە ڕێبازی چەپ و پێشکەوتنخوازی، لە ماوەی ژیانی پڕ لە شانازیی‌دا، ئەوەی لە توانایدا هەبوو بۆ خزمەت بە چوونە پێشی خواستی کۆمەڵانی خەڵک و ڕێبوارانی رزگاریی ئێران لە دەستی سەرەڕۆیی و ئینحسار بەکاری هێنا. جەنابی سادق وەزیری بە هۆی ئەو ڕێز و حورمەت و بەکردەوە هەنگاو نان بۆ دیفاع لە ئازادی و بایەخە ئەخلاقی و ئینسانیەکان هەیبوو ناوبانگی تایبەتی هەبوو. هەر ئەوەشە هەتا هەتایە، یاد و خۆشناوی و تایبەتمەندیە ئینسانی و ئەخلاقیەکانی لە کۆڕ و کۆمەڵە حقوقی، سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دەمێنێتەوە.

من بەتایبەت قەدرزانی ئەو پەروەردە بەرزەم کە لە سەردەمی پڕ لە شانازیی قوتابی بوونم لە مەکتەبی ئەم کەسایەتیە گەورە وەرم گرتوە و هەمیشە لە ناخی دڵەوە سپاسیان دەکەم، دەفتەری وەکالەتی بەرێزیان بۆ من بایەخدارترین کەنجینە و کتێبخانە بوو و جەنابیشیان باشترین مامۆستا و سەرچاوە بوو بۆ من. هەستی باوکانە و لوتف و گەورەیی بەرێزیان تا دوا هەناسەی ژیانم لەبیر ناکەم.

من ئیمڕۆ باوکی مەعنەویم لەدەسدا.

پاریس

یازدەی ئاوریل ٢٠١٨

# سپاس ڕۆژهەڵات

## سپاس و پێزانین

**خەلکی قارەمانی کوردستان،**

ئێوە بە بەرسیودانەوە بە بانگە وازی هێزە سیاسیە کانی کورد، بە گرتن و بە ستن و ئامادە نە بوون لە سەرکار و نەکردنەوەی دوکان و بازاڕ بە کۆمەڵانی خەلکی ئێران و کوردستان و جیهان نیشانتان دا کە دەستدرێژی ریژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر گەلی کورد، ئێعدامی سێ گەنجی بێتاوانی کورد و هێرش بۆ سەر بارەگاکانی حیزبی دیموکرات هەر وا بێجواب نامێنێتەوە - ئەگەر دەوڵەتی تیرۆریستی ئێران بە ئامرازی نیزامی و سەربازی و پۆلیسی و بە شێوەی درندانە وەک داعش هێرش دەکاتە سەر رۆڵەکانی کوردستان، ئێوە بە شێوەی مەدەنی و مۆدێرن و پێشکەوتوو و پێگەیشتوو تورەیی و ناڕەزایەتی خۆتان دەردەبڕن و پێشانتان دا کە لە بەرانبەر جێنایەتەکانی کۆماری ئێسلامی کە لە چوارچێوەی جینایەت دژ بە مرۆڤایەتی دا خۆی دەبینێتەوە، بێدەنگ و بێتەفاوەت نامێننەوە- ئێوە زۆر بوێرانە نافەرمانی مەدەنیتان ڕەچاو کرد و گوێتان بۆ هەڕەشە و گوڕەشەی کاربەدەستانی حکومەت شل نەکرد و لە شنۆ هەتا پاوە بە یەک ڕەنگی و بە کردەوە ئێعدام و کردەوەی تیرۆریستیە کانیتان مە حکوم کرد-

من لیرەدا زۆرترین پیرۆزبایی و سپاسی بێ پایانی خۆم بۆ هەستی بەرپرسیارەتیتان بەرانبە ر بە کۆمەڵگای کوردەواری و گەلی کورد ئاراستەی ئێوە خەلکی بەشەرەفی کوردستان دەکەم و دڵنیام ئەو کردەوەیەی ئێوە دەبێتە بنەمایەکی مێژوویی و وەر چەرخانێک بۆ بزووتنەوەی کورد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی فەرمیی ماملێ - ڕێکەوتی: ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## پیرۆزبایی کردنی لە مامۆستا "مەزهەر خالەقی"



**برای بەرێز و مامۆستای گەورە کاک مەزهەری خالقی**

**ئە ورۆ ئاگادار بووم کە زانکۆی سلێمانی ئەرکێکی گەورەی بەدەستەوە گرتووە و بە پێزانین بە خزمەتە گەورە و بەنرخەکانی ئێوەی بە رێز و دوکتورای شانازیی پێشکەشتان کردووە، بەراستی جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی برای گەورە و بەرێزی خۆم دەکەم و هەروەها سپاسی خۆم بە بەرپرسان، بەرێوەبەران و بریاردەرانی ئەو لاپەڕە پڕ لە شانازییە رادەگەیێنم و خوم و هەموو بەرێوەبەرانی مەڵبەندی هونەریی ماملێ، لە و شادی و بەختەوەریە بەشدار دەزانم و بنەماڵەی ماملێ بەختەوەر و سەرفەرازە کە زووتر هەنگاوێکی لەو چەشنە بۆ رێز گرتن و لێنانی دەستی قەدر و بەها لە ئێوە هونەرمەندی بەرێز هەڵێناوە، ئاواتەخوازی لەشساغی و تەمەنی دوور و درێژم بۆ ئێوەی بە رێز هەیە.**

**براتان عەزیز ماملێ**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی فەرمیی ماملێ - رێکەوتی: ٥ی مای ٢٠١٩**

## هەڤپەیڤین لە گەڵ تۆڕی میدیایی ئاڤاتودەیە کە لە وڵاتی فەڕەنسا

### دەبێت کورد ڕوو لە چەپبوون بکاتەوە

### هەڤپەیڤین

ئەمە گفتوگۆیەکی تۆڕی میدیایی ئاڤاتودەیە کە لە وڵاتی فەرەنسا لەگەڵ توێژەری سیاسی عەزیز ماملێ ئەنجام دراوەو تیایادا قسە لەسەر دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کوردەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان و شەڕی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی دەکات:

**ئاڤاتودەی**: خوێندنەوەی جەنابت بۆ کێشەی کورد لە ئەوروپا و کوردستان چییە؟

**عەزیز ماملێ**: من لە سەرەتاوە کە هاتم بۆ ئەوروپا هەستم کرد دوو ڕوانگەی جیاواز لە نێو کوردانی ئەوروپا هەیە. **ڕوانگەیەک یەکەم**: پێان وایە خەباتی کورد لە ناوخۆی هەر کام لە بەشەکانی کوردستان پێویستە بەرێوە بچێ و لەگەڵ خەڵکی دیکەی ئەو وڵاتانە هەوڵ بدەن و خەباتی خۆیان پتەوتر بکەن و ڕژیمێکی دیموکرات بێننە سەر کار.

**ڕوانگەی دووەم**: کوردان بە گشتی بۆ درووستکردنی دەوڵەتی کورد هەوڵ بدەن باشترە.

بەرەی یەکەم پێی وابوو لە ئێستادا خراپە هەوڵ لەسەر تێکدانی سنووری وڵاتان بکرێت تەنانەت ئەگەر خەباتەکەشت ڕەوا بێت. هەر بۆیەشە داوای چارەسەری کێشەی کوردیان لە هەر بەشەی کوردستان دەکرد . لەو چوارچێوەدا بۆچوونیان وابوو کوردەکان دەبێ هەوڵ بدەن دۆخی کوردەکان لە بەشی خۆیان چارەسەر بێت و مافەکانیان بێتە دی و لە ئاکامدا ئەوە دەتوانێ بەستێنی خەباتێکی گشتگیرتر لە داهاتوودا درووست بکات کە گشتپرسی لێبکەوێتەوە و لە ئەنجامدا کوردەکان بتوانن وڵاتی خۆیان دروست بکەن.

بەرەی دووەم پێی وابوو ئەوەی تا ئێستا بەرامبەر دووژمنانی کورد لە ناوەند کراوە، بی ئەنجام ماوەتەوە. دەسەڵات و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە گرینگیان بە خەباتی کورد و ویستی کورد نەداوە و تەنیا ڕێگە خەباتی هاوبەشی نەتەوەییە.

ئەوە دوو ستراتیژییە بوون کە لە ئەوروپا ڕووبەڕووی یەکتری بوونەوە.

ئێوە دەزانن دوای هاتنی شەپۆلی پەناخوازانی کورد بۆ ئەوروپا لە ساڵەکانی ١٩٨٠ بەولاوە و زیادبوونی کوردەکان، بیری سەربەخۆییخوازی و دروستکردنی کوردستانی گەورە بووە بیرێکی بەهێز تا ئەو ڕادەیە کە کوردێکی عێراق و ئێران و بەشەکانی دیکە خۆیان بە کوردی کوردستان دەزانی و لە باری جوگرافیاوە ڕۆژهەلاتیبوون و باشووری و ڕۆژئاوایی و باکورییبوون لە نێو کوردان پێک هات.

ئەو شەپۆلە کوردە داوای کوردستای گەورەیان کرد، بەڵام حیزبە سیاسییەکان نەچوونە ژێر باری بیری دیاسپۆرای کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ناوی خۆی پاراست و پەکەکە و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران هەموویان خەباتی خۆیان بە پارچەکانی دیکەوە گرێ دەداوە.

دامەزرانی فیدرالیزم لە باشووری کوردستان هێندێک دۆخەکەی تێک دا. بەو شێوە کە خەڵکی زیاتر هاندا بەرەو بیری سەربەخۆیی بچن و لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و ئێرانیش هێندێک ئاڵوگۆڕی پێک هێنا. هیزە سیاسییەکانی ئێران کە دیتیان فیدرالیزم لە باشوور پێک هاتووە، کۆمەڵێک هەڵوێستی تایبەتیان گرت. لە کاتی سەرهەڵدانی باشوور ئەو هێزە سەرتاسەریانەی ئێران ترسیان لێ نیشت. بە واتایەکی دیکە دوای چەسپانی فیدرالیزم ڕێکخراوە سەرتاسەرییەکان لە ئێران زۆر لە پرسی کورد سارد بوونەوە. بە ناڕاستەوخۆ دژی نەتەوەی کورد دەجووڵانەوە. تەنانەت خۆیان پاراست لە بەکارهێنانی کۆمەڵێک دەستەواژەی وەک خەڵق و گەل و میللەت و ئیدی ئەوجار تەنیا دەیانگووت "مردم" کرد.

ئەو دۆخە دوای دروستبوونی ڕۆژئاوای کوردستان هێندەی دیکە زیادی کرد و ترسەکان لە بەرەو سەربەخۆییخوازیی کورد هێندەی دیکە زیاد بوو.

ئەو دۆخەی لە باشوور هاتە پێشەوە، خزمەتێکە گەورەی بە کێشەی کوردی نەکرد، لەبەر ئەوەی بیری سەربەخۆییخوازی لە ناو کورد لاواز کرد. کاتێک کوردەکان دیتیان سیستەمی فیدرالی لە باشوور ئەو ئیدەئالە سیاسی و دۆخە دیموکراتیکە نییە کە کورد چاوەڕێی دەکات و بە تایبەت لە کاتی ڕێفراندۆم و دوای ڕێفراندۆمیش هێندەی دیکە ڕەوتی سەربەخۆییخوازی کوردەکانی لاواز کرد. لەو کاتەدا ئەو پرسیارە لە لای کورد دروست بوو کە توانایییەکانی کورد چەندن؟

سیاسەت ئەگەر دەڵێن هونەری مومکینە، خەباتیش هونەری مومکینە، دەبێ بتوانین بارتەقای درووشمەکانمان هەنگاو

هەڵێنینەوە. بە بڕوای من بێتو کورد، دۆستە ستراتیژیکەکانی خۆی لە ناو ئێران، سوریە و تورکیە کە چەپەکان و هێزە سەرتاسەری و عەرەبەکانن لە دەست بدات خەساری گەورەی بەر دەکەوێت. مێژوو نیشانی داوە کورد بە تەنیا لە هیچ کام لەو وڵاتانە ناتوانێ دەوڵەتی ناوەندی بڕووخێنێت.

**ئاشاتودەی**: ڕوانینی ئەوروپا بەرامبەر سەربەخۆیی پارچەیی و گشتی کورد چۆنە؟

**عەزیز مامڵێ**: ئەوروپا لە دوای ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان دەرکەوت کە نایەهەوێ سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێک بدات. نە ئەمریکا، نە ڕووسیە و نە چین نایاهەوێ سنوورەکان تێک بدەن لەبەر دەوڵەتێکی نادیار بە ناوی کوردستان. ئەوان کوردستان بەو شێوەیە چاو لێدەکەن کە بەشێکی کەمە لە عێراق، سوریە و ئێران.

**ئاشاتودەی**: بەڵام کورد زۆرە و تەنانەت لە کۆی حەشیمەتی عێراقیش زیاترە؟

**عەزیز مامڵێ**: وایە، بەڵام ئەوەی کە بۆ ئەوان گرینگە جوگرافیایە و ئەگەر کورد ١٠٠ ملیۆن کەسیش بێت ناتوانێ بەرژەوەندییەکانی ئەوروپا دابین بکات.

دۆخی جیۆپۆلیتیک و جیۆسیاسی کوردستان، سەرەنجی ئەوروپا و ئەمریکا ڕاناکێشێت. تا پێش ڕیفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان، سەرکۆماری وڵاتان دەهاتنە هەولێر و ڕاستەوخۆ لەگەڵ کاک مەسعود دادەنیشتن و بانگهێشتی کۆبوونەوەی ناتۆیان دەکرد و تەنانەت خەڵاتیان پێ دەدا، بەڵام دوای ڕیفراندۆم ئەوە نەما و دیار نییە ئاسەوارەکانی ڕیفراندۆم بەرەو کوێمان دەبەن.

ئەمن پێم وایە ئەگەر ئەوروپا و ئەمریکا هاوکاری بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخواز نەکەن بە تایبەت لە ناوچەیەکی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زەحمەتە ئەو بزووتنەوەیە سەر بکەوێ. دۆسیەی کۆسۆڤۆ جیاوازە، ئەروپا دەیهەویست یوگوسلاڤی و سربیاش تێک بدات، بەڵام نایانهەوێ ئێران و عێراق تێک بدەن. تورکیە ناگۆڕن لەبەر ئەوەی هەم لەگەڵ ڕوسیە و هەم لەگەڵ ناتۆیە.

ئەگەر پەکەکە سەرەتا باسی مافی چارەنووسی دەکرد هاوڕای بووم، بەڵام کە گۆڕیشی دژایەتیم نەکرد لەبەر ئەوەی ناتوانێ سنووری وڵاتێکی ناتۆ بگۆڕێت. کورد دەبێ خەباتی چەکدرای هەبێ و نابێ لە هیچ هەلومەرجێکدا چەک دابنێ، بەڵام ئەو

چەکەبەرامبەر چەکی دوژمنان، لاوازە. دووژمنەکانمان تەکنۆلۆژیایان هەیە، بۆیە کورد دەبێ هەوڵی ئەوە بدات دۆستی چەپ و دادپەروەر بۆخۆی درووست بکات بۆ ئەوەی ڕژێمی چەپ و دادپەروەر بێنێتە سەر کار و بەو شێوە بە مافەکانی بگات.

**ئاڤاتودەی**: ئەمریکا گوشارەکانی لەسەر ئێران زیاد کردووە. ئایا دەیهەوێ ئێران بەرەو کوێ ببات و چی بەسەر بێنێت؟

**عەزیز ماملێ**: بە باوەڕی من ئەمریکا نایهەوێ ڕژێمی ئێران بگۆڕێ، ئەگەر ئەو ڕژێمە بگۆڕێ فرۆشی چەکەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە زۆر کەم دەبێتەوە. بە بوونی کۆماری ئیسلامی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا باشتر دەپارێزرێت تا ئەوەی دەسەڵاتێکی دیموکرات لە ئێران لەسەر کار بێت.

ئەمریکا دەیهەوێ دوو کار بکات:

**یەکەم**: خەیاڵی ئیسرائیل ئاسودە بکات، بەوەی ئێران لە یەمەن، ئەفغانستان و لوبنان بکشێنێتەوە و مەترسی حیزبوڵا لە سەر ئیسرائیل کەم بێتەوە.

**دووەم**: دەیهەوێ مووشەکە بالستیکەکانی ئێران کەم کاتەوە و سیستەمی ماڵی ئێران زیاتر گرێدراوی خۆی بکات.

**ئاڤاتودەی**: ئەگەر ئەمریکا ئاسمانی بەدەستەوەیە لە ناوچەکەدا، ئەوا ئێران گۆرەپانەکەی بە دەستەوەیە! ئەگەر ئێران بیهەوێ عەرەبستان وێران دەکات، ئەم بڕینی دەستانەی ئێران ئاسانە؟

**عەزیز ماملێ**: مانگ و نیوێک پێش ئێستا، شەڕێک لە نێوان ئیسرائیل و غەزە ڕووی دا کە لەو شەڕەدا حەماس موشەکێکی زۆری ئاراستەی خاکی ئیسرائیل کرد. ئیسرائیل لە خوای دەویست ئاگربەست درووست بێت، حیزبووڵا ۱۳۰ هەزار مووشەکی هەیە و کەوابوو مووشەکانی ئێران دەتوانێ لەسەر ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی کاریگەر بێت. ئەمریکا ڕاستە ئاسمانی پێیە، بەڵام نایهەوێ ئاسمان دژی ئێران بەکار بێنێت. هەتا ئێستا براوەی شەڕی نێوان ئەمریکا و ئێران، خودی ئێرانە و ئەگەر شەڕ روو بدات ئێران زیاتر دەمێنێتەوە و قەیرانەکانی ئێستاشی تێپەڕ دەکات.

**ئاڤاتودەی**: پێتان وایە ڕێککەوتنی ئەتۆمی جارێکی دیکە هەموار بکرێتە یاخود ئێران و ئەمریکا جارێکی دیکە پێکەوە دادەنیشن؟

**عەزیز ماملێ**: ئێران هەوڵی ئەوە دەدات زەمان تێپەڕ بێت تا ئەو کاتەی کۆمارییەکان دێنە سەر کار. جۆ بایدن ڕایگەیاندووە ئەوان بێنەوە سەر کار دێنەوە نێو ڕێککەوتنی ئەتۆمی، بەڵام ئەمریکا ناتوانێ لە کەنداو بکشێتەوە و ئەگەر ئەو کارە بکات دیپلۆماسی ئەمریکا شکست دێنێت.

لەسەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی دەمهەوێ بڵێم ئەو ڕێککەوتنە بە زەرەری ئێران بوو و براوەی ئەو ڕێککەوتنە ئەوروپا و ئەمریکا بوون. ئێران چاوپۆشی لە ٦٠٠ ملیار دۆلار سەرمایەگوزاری خۆی کرد و ئاژانسی ئەتۆم بە بەردەوامی سەردانی ئێرانی دەکرد و ڕایدەگەیاند کە ئێران یاساکان دەپارێزێ. بۆیە لە ڕووی یاساییەوە ئێران پابەندی ڕێککەوتنی ئەتۆمی بوو و ئەوەی ئەمریکا دەیڵێ دژی ڕێککەوتنەکەیە. ئەمریکا دەیهەوێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکشێتەوە و موشەکە بالستیکەکان کۆ بکاتەوە.

**ئاڤاتودەی**: کەواتە ئەمریکا ئێستا بیانوو بە ئێران دەگرێ ئەگەر نا ڕێککەوتنەکە کێشەی نییە؟

**عەزیز ماملێ**: بەڵێ ئەوروپاش ئەوە دەڵێ.

**ئاڤاتودەی**: پێت وایە ئەگەر ترامپ دووبارە هەڵبژاردن بباتەوە شەڕ ڕوودەدات؟


**عەزیز ماملێ**: نا ڕوونادات. ترامپ نایهەوێ شەڕ بکات لە ناوچە و ئەوە بە قازانجی ئێران تەواو دەبێت. لە ڕاستیدا ئەمریکا دەیهەوێ لە ڕێگەی گەمارۆکان ئەوەندە ئێران شپرزە بکات کە دوو خاڵەکەی پێ جێبەجێ بکات.

**ئاڤاتودەی**: پێتوایە ئەوروپا و بە تایبەتی دەوڵەتی فەڕانسە بێتە ناو کێشەکە و ناوبژیوانی لە نێوان ئەمریکا و ئێران بکات؟

**عەزیز ماملێ**: دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان دەوڵەتی فەڕانسە لەگەڵ شەریکەکانی فەڕانسە. شەریکەکانی فەڕانسە بە هیچ شێوەیەک ئەوەیان ناوێ. شەریکەکانی فەڕانسە ساڵانە ٢٠ ملیار ئاڵوگۆڕی بازرگانییان لەگەڵ ئێران هەیە، بەڵام ئەوروپاییەکان نیزیکەی ٥٠٠ ملیار دۆلار لەگەڵ ئەمریکا بازرگانییان هەیە. بۆ فەڕانسەییەکان ئەوەی گرینگە بەرژەوەندیی کۆمپانیاکانی خۆیەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاڤاتودەی - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٩

## ژیانی کاک جەلیل گادانی مەدرەسەیەکی باڵایە



**هێمای خۆڕاگری و فێرگەی بەرزی ئەزموون و بڕوایە.**

چەند کاتژمێر لەپاش کۆچی دوایی فڕانسوا میتێران، ژاک شیراک سەرۆک کۆماری ئەوووەختی فەڕانسە ڕایگەیاند: "فڕانسوا میتێران بەرهەمێکی نەتەوەییە"

ماف و ئەرکی ئێمەیشە کە بە سەربەرزی لە کاک "جەلیل گادانی" وەک بەرهەمێکی نەتەوەیی کۆمەڵگای کوردستان یاد بکەین.

کەسێک بوو کە زیاتر لە حەفتا ساڵ بەبێ هەدادان و وەستان خزمەتی نەتەوە و نیشتمانی کرد و بەشداری شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی کرد. تایبەتمەندییەکانی کاک جەلیل چەند ڕەهەندی بوو:

**لە بواری سیاسی:**

کەسایەتی سیاسیی کاک جەلیل لە کۆماری کوردستاندا فرچکی گرت و پتەو بوو، لە قوتابخانەی منداڵان و مەکتەبی فەرهەنگی - سیاسیە دامەزراوە کورتخایەنەکەی، فۆرماسیۆنی تێپەڕ کرد و پەروەردە بوو، هەر ئەوەیش بوو بە بنچینەی

باوەڕی بەهێزی کوردایەتی و بناوانی بەتوانا و درێژخایەنی ئیدیۆلۆژی سیاسی.

هیچ تەگەرە و لەمپەرێک ڕێگر نەبوو لە تێکۆشان و هەوڵدانی کاک جەلیل بۆ دووپات کردنەوەی ئەزموونەکان و گەیشتن بە ئامانجەکان؛ نە گوشاری ئەمنی، نە گرتن و ئەشکەنجە و تەنانەت حوکمی ئێعدام، نە ژیان لە ناو چیا و چۆڵ و شێو و دۆڵ، نە کوێرەوەری و کوێندەبەری، نە کێشەی ناوخۆیی و نە تەمەنی بەساڵداچوویی، نەیانتوانی دەوری نەرێنییان ببێت لە سەر کاک جەلیل.

چرای ژیانی کاک جەلیل بە خەباتی سیاسی داگیرسابوو، ئەوەی کە زۆر گرینگ بوو ئەو بەشە بوو کە ئەو چاکسوارە شۆڕشگێڕە بە وزە و توانا، بە پشوودرێژی، بە پاکی و پاقژی، بە ڕاستگۆیی و ئازایەتی، بە دروستی و دەستپاکی، بە دیسیپلین و مەتمانەبەخۆبوون ئەسپی خەباتی لە گشت ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاو دا. کاک جەلیل خونکارێکی سیاسی مەزن بوو، دووری دەڕوانی، لە هەر دەرفەتێک کەڵکی وەردەگرت بۆ ئەوە کە دژ بە پەلهاویژی داگیرکەران و دەستدرێژی زۆرداران هەڵوێست بگرێت. ئامانجی پاک و ئاکاری چاکی ڕەچاو کرد، بە کەسی هەڵنەگوت، لە سازشی تێکدەرانە و پیلانی ڕیکخەرانە بێزار بوو، لە جێی خۆیدا و لە نێو دامەزراوەی سیاسیدا، ڕەخنەی ئاراستە دەکرد و نارەوایی لەقاو دەدا. هەوڵی زۆری دا بۆ یەکگرتوویی، نەک هەر لە نێو حیزب، بەڵکوو لە نێوان کۆی هێز و ڕێکخراوەکانی کوردستاندا؛ یەکێک لەو کەسانە بوو کە بیرۆکە ی کۆنگرەی نەتەوەیی بەهێز کرد و پاڵپشتی لێ کرد، کاتێک سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر بوو، بۆ کۆبوونەوە سەرەتاییەکان بانگێشتن کرا و گەلێک پێشنیاری بەنرخی ئاراستە کرد و بۆ پێکگەیشتن و تێکگەیشتن هەوڵی زۆری دا.

هەر لەو سەردەمەدا وەک سکرتێری حیزب زۆر هەڵسووڕاو بوو و پێوەندیەکانی لەگەڵ ئەو لایەنانە دامەزراند کە بڕوایان بە پرسی کورد بوو و لە ناو میدیاکانی دەرەوە چالاکی بەرچاوی بوو. بە زەحمەت و خۆماندو کردنێکی زۆر لەگەڵ سمایلی ماملێ، کتێبی «شەهیدانی حیزبی دیموکراتی کوردستان»یان ئامادە کرد و لە چاپیان دا.

کاک جەلیل ئەندامێکی فرە بە دیسیپلینی حیزبی بوو، ئەوین وخۆشەویستیی بۆ حیزبی دێموکرات لە ڕادەبەدەر بوو؛ من هیچ کەسم نەدیت بەو شێوەیە و ئەوتۆ بە زمان و خامە، بە هەنگاو و دڵ و بە گیان ڕێز لە ڕێکخراوەکەی بگرێت. کاک جەلیل لە یەکەمین چاوپێکەوتنی لەگەڵ خومەینی، بەرنامە و پێڕەوی دیاریکراوی خستە بەردەست نێوبراو. هیچکاتێک ڕاسپاردە و بڕیارەکانی حیزبی خۆشەویستی خۆی ڕەد نەکردەوە، نە ناڵەی هات و نە زاڵە؛ کاک جەلیل لەگەڵ بڕو بیانو و پاساو نامۆ بوو و هەروەها لەگەڵ بڕیاری پێشوەختە. لە نێو حیزب دا خۆی لە ململانێ و ناکۆکی دوور ڕادەگرت. زۆر هەوڵی دا کە

دووبەرەکی لە نێو حیزب دا پێک نەییێت و هەرچەند ڕەخنەی زۆری بوو لە شێوەی بەڕێوەبردنی کۆنگرەی هەشتی حیزب، بەڵام زۆر جاران بۆ منی گێڕاوەتەوە کە جیابوونەوەی بەسەردا سەپا.

بەڕێز کاک جەلیل سەرەڕای ئەویندداری بۆ حیزبی دێموکرات، هیچکات نەچووە ژێر باری بڕیارە نالەبارەکان و هەڵوێستە ناڕەواکان و بۆ لقاودانیان بە جەرگ و ئازایانە دەنگی ناڕزایەتی هەڵدەبڕی. یەکێک لەو دەگمەن کەسانە بوو کە پێی وابوو دانیشتن و وتوویژ لەگەڵ ڕژیمی ئیسلامی لە ڕووی سیاسیەوە ماڵ ویرانکەرە؛

بەو هۆیەوە پێوەندیە ناڕەواکانی حیزبی لەگەڵیان ڕەد دەکردەوە و پێیوابوو کە ناکرێ دوژمنی دوێنێ دۆستی ئەورۆ بێت. ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، بەرهەڵست کاری بەشداری خەڵکی کوردستان بوو لە تەواوی "هەڵبژاردنەکانی ئێران" لە دەورانی ڕژیمی ئیسلامی دا.

لەو دواییانەدا هەندێک ئەندامی تازە پێگەیشتوو لە بەڕێوەبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بە بێ لەبەرچاوگرتنی مێژوو، بە پێچەوانەی ڕاستی ڕووداوەکان و بێ ئەوەی کە بۆ خۆیان بەشداری ئەو بەشە لە شۆڕشی کوردستاندا بووبن؛ واتە بە بێ ئاگاداری و زانیاری، ئاوی پاک بەسەر "موفتیزادە" دا دەکەن و حیزبی دێموکڕات، کۆمەڵە و مامۆستا شێخ عیزەددین و لایەنە سیاسیەکانی دیکە بە سووچدار دەزانن. بەو هۆیەوە شەوێک لە پاش بیستنی هەڵوێستێکی نالەباری ئەوتۆ، تەلەفۆنم لە برای گەورەم کاک جەلیل کرد و ناڕەزایەتیەکانم لەو جۆرە بۆچوونانە پێ عەرز کرد، براگەورەم وڵامی ئەوە بوو: هەر ئێستا دەچم بۆ ڕێبەرایەتی و بۆخۆم دژ بە و هەڵویستانە ڕادەوەستم.

### کاک جەلیل دەوری گرنگی بینی لە ناو شۆڕشی گەلانی ئێراندا.

لەگەڵ یادزیندوو کاک عەزیزی یۆسفی، ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە ماوەی بیست و پێنج ساڵ لە گرتووخانەکانی رژیمی پاشایەتی دا حەبس کرابوو دۆستایەتی نزیکیان بوو. لەپاش ڕزگاربوونی، کاک عەزیز لە سەفەرەکانی بۆ تاران لە ماڵی کاک جەلیل دەماوە. لە کۆچی دوایی کاک عەزیزدا کاک جەلیل چالاکی زۆر بەرچاوی بوو بە تایبەت لە ڕۆژی ڕێوڕەسمی ناشتنی لە شاری سابلاغ، کاک جەلیل یەکێک لەو کەسانە بوو کە وتارێکی لە سەر کاک عەزیز ئاراستە کرد و خەڵکی دژ بە سیاسەتی رژێمی شاهان دا. لە ئاکامدا ساواکی حکومەت دەستی کرد بە گرتنی خەڵک و کاک جەلیل یەکێک لە گیراوەکان بوو لە گرتووخانەی ورمێ. من ئەو کات پارێزەر بووم لە شاری سەقز و چووم بۆ دادگای سەربازی ورمێ و پەروەندەی ٤٦ کەس لە حەبسکراوەکانم خوێندەوە. تەواوی بەندکراوەکان بە تایبەت چەند کەسێک، زۆر

زۆر بـوێرانە وڵامـی پرسـیارەکانی دادوەریـان دابـووەوە، یەکێـک لەوانە کـاک جەلیلـی بەڕێـز بـوو کە بە گـژ دام و دەزگـای دەوڵەتدا هاتبۆوە. سەردەمی شۆڕش بوو، ئەوکات سەرەڕای ئەوە کە حکوومەتی نیزامی ڕاگەیێنـدرابوو، خەڵکی مەهابـاد بە تایبەت گەنجەکان هەموو ڕۆژ لە نێو شەقامەکانی شار خۆپێشاندانیان ڕێک دەخست و داوایان دەکرد:

"زیندانیەکانمان بۆ بەردەن"

٤٦ بەندکراوی سابڵاغی لە ورمێ، یەکەمین دەستەی بەندکراوە سیاسیەکانی ئێران بوون کە لە دەورانی شۆڕشدا ئـازاد کـران. لە پێشوازیە گەرمەکەی خەڵکی شار و دێ، کاک جەلیل و کاک حەسەنی ماوەڕانی و من لە ماشێنێک دا بووین؛ کـاک جەلیـل دەستی بۆ خەڵک هەڵدێنا و لەبە رخۆیەوە دەیگوت:

"ئەو خەڵکە هەر بۆ ئەوە دەبێ کە خۆی بۆ بەخت کەی"

کـاک جەلیـل یەکەمین میتینگی سەدهەزار کەسیی حیزبـی دێموکڕاتی لە ستادیۆمی مەهاباد بەڕێـوە بـرد. ئەو خەبـاتگێڕە ماندوویینەناسـە لە سـەرێک لە کوردسـتان کـاری حیزبـایەتی لە سـەردەمی شۆڕشـدا بەڕێـوە دەبـرد و لە بەرێـک لە تـاران ئەرکەکـانی تەشکیلاتی بەجێ دەگەیانـد. دەگەڵ زینـدوویاد بەڕێـز سارمەدینی سـادق وەزیـری "ڕێکخـراوی کـۆڕی کوردەکـانی دانیشتووی تـاران"یان دامەزراند کە خزمەتێکی یەگجار گەورە بوو بە بزووتنەوە و بەرخۆدانی کورد دژ بە کۆماری ئیسلامی.

ڕابردووی تێکۆشانی سیاسی و هەڵسوکەوتی کاک جەلیل ئەوەندە چڕوپڕ و دەوڵەمەند و بەربڵاوە کە ڕەنگە لە چەنـد کتێب دا بکرێت باسیان لێ بکرێت، وەک چالاکی و بەشداربوونەکانی.

تەنیا دەتوانم پەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشم کە هەڵسووڕاویی کاک جەلیل، تێوە گلانی لە سیاسەت دا، ئەنـدامەتی لە حیـزب و بە دەستەوە گرتنی ئەرکی ڕێبەرایەتی لەو پەڕی بەرپرسایەتی و دڵسۆزیدا، بە بـێ دەمارگرژی و پـاوانخوازی وەدی هـاتن. کاک جەلیل جگە لە ڕەچاو کردنی ئوسوولی ئەخلاق لە سیاسـەتدا، لە سۆنگەی ئیدیۆلۆژیشـەوە کەسیکێ پێشکەوتوو بـوو و باوەڕی قورسی بە سۆسیالیزم هەبـوو و زۆر سوور و پێداگر بـوو لە دەستەبەر کردنـی دادوەریـی کۆمەڵایەتی. بـۆ داهـاتووی ئێران و کوردستان داواکاری ڕژیمێکی لاییک بوو، بـاوەڕی بە یەکسـانی مافەکـانی ژن و پیـاو هەبـوو و تەواوی تەمەنـی خـۆی لە پێناو دیاری کردنی مافی چارەنووسی نەتەوەی کورددا تەرخان کرد.

کاک جەلیل بە هۆی لایەنە پێشکەوتنخوازەکانی، لەبەر سروشتی چاک و پاکی، لە ڕووی کردەوە و ڕەفتاری ڕەوایشەوە کەسایەتییێکی ناسراو، خۆشناو و باوەڕ پێکراو بوو؛ جێگەی ڕێز و متمانە بوو نەک هەر لە نێو جوغرافیای کوردستان بەڵکوو، لە نێو ئێران و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئێرانی دا.

**لە ئاستی کۆمەڵایەتی:**

من ئەو شانسە گەورەم بوو کە هەر لە سەرەتای گەنجیمەوە بە خزمەت کاک جەلیلی گادانی گەیشتم. ئەوکات، لە سەرەتای ساڵی ١٣٤٦ تازە لە گرتووخانەی ڕژیمی پاشایەتی ڕزگاری ببوو، کەش و هەوای سیاسی و زەخت و زەبر و زەنگی ساواک هێندە زۆر بوو کە زۆر کەس نەیاندەوێرا خۆ لە بەندکراوە ئازاد کراوەکانی سیاسی بدەن. ئەگەر دۆستایەتی لەگەڵ کەسایەتیەکی گەورە و ئەوتۆی سیاسی بۆ من جێگەی شانازیی بوو، بۆ هێندێک کەس سەرسوڕ هێنەر بوو. زۆر جاران نەمر مامۆستا ماملێ کە دۆستی نزیکی کاک جەلیل بوو و گەلێک ڕێزی لێدەگرت، بۆی دەگێڕامەوە: "فلانە کەس پێی گوتم بۆ چی دەهێڵی "خانە" هەستان و دانیشتنی کاک جەلیل بکات؟ منیش پێمگوت: بۆچی نەیکات؟ "

کاک جەلیل قوتابخانەییێکی بۆ منداڵانی پێش سەرەتایی دامەزراند و گەلێک سەرکەوتوو بوو بەڵام لە پاش چەند مانگێک ساواک دایخست و هێندەی پێ نەچوو کاک جەلیل لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی ٤٦ - ٤٧، بەشی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان گیرا و ڕەوانەی گرتووخانەی (فلک الافلاک) لە (خرمئ‌باد) کرا. لە پاش ئازاد بوونی لە تاران نیشتەجێ بوو و لە تاقی کردنەوەی فێرگەی زمانەکانی بێگانە لە "تاران"دا پلەی یەکەمی بە دەست هێنا و لیسانسی زمانی فەڕانسەی وەرگرت. کاک جەلیل هۆگری زمان و ئەدەبیات و شارستانیەتی فەڕانسە بوو و لە گرتووخانە توانیبووی دوو کتێب بە زمانی فارسی وەرگێڕێتەوە: اسیر فرشته وش، چگونه انسان غول شد.

ماڵی کاک جەلیل و ئەسمەر خانم لە تاران کانگای ئازادیخوازان و لێ قەوماوان بوو. پێویستە ئاماژە بە زەحمەتەکانی ئەسمەر خانم بکەم کە شەو و ڕۆژ، بێ وچان و بەردەوام پێشوازی لە میوان دەکرد. کاک جەلیل ئەوەندە ناسراو و ناوخاس، ناو بەدەر و خۆشەویست بوو کە نەک هەر لە شاری سابلاغ بەڵکوو لە تەواوی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هات و چۆیان دەکرد. ڕووناکبیرانی کورد، هاوبیران و هاوڕێیان بۆ چاوپێکەوتنی دۆستی خۆشەویستیان سەردانیان دەکرد؛ بیر و ڕایان دەگۆڕییەوە و پرس و ڕایان پێ دەکرد. ماڵی کاک جەلیل لە تاران هەروەها شوێنی داڵدەهێنان بوو، خەڵکی بێ دەرەتان و داماو پەنایان بۆ کاک جەلیل دەهێنا، ئەویش یارمەتی دەدان و کەسی بە دڵناخۆشی بەڕێ نەدەکرد؛ ئەگەر بۆ خۆیشی هیچی لە دەست نەهاتبایە، دۆست و پێوەندی زۆر بوو لێر و لەوێ و داوای ئالیکاری لێ دەکردن.

کاک جەلیل لە ڕیزگرتن لە دۆستایەتی و وەفا و ئەمەگ بۆ دۆستانی خۆی کەسێکی بێ وێنە بوو، خۆپێوە ماندووکردن بۆ نەک هەر دۆستان بە ڵکووبۆ ناسراوان، لە خەم و لە فکر دابوونی ئەم و ئەو تایبەتمەندییەکی زۆر بە نرخی کاک جەلیل بوو کە تەنیا بەو دەکرا و لە کەسی تر ناوەشێتەوە. لە ساڵەکانی ١٩٧٠ کاک جەلیل لە مەدرەسەی نابینایان بۆ ماوەی دوو مانگ لە تاران ناوی نووسی بۆ فێربوونی خوێندنەوە بە قامکەکانی دەست (بریل) بەو مەبەستە کە بتوانێ فێری دۆستێکی نابینای خۆی بکا بە ناوی (مەلا غەفووری دەبباغی) شاعیری بە ناوبانگ لە شاری مەهاباد کە بۆی نەبوو سەفەری تاران بکا. بە دەرد و مەرگی خەڵکەوە ماندووبوون لەو دواییانەدا گەیشتە جێگایەک کە تەنانەت لەو دۆخە پڕ لە مەترسییەی کۆویدی ١٩، کاک جەلیل خۆپاراستن و ئاگالەخۆبوونی وەلا نا و فیدای دۆستایەتی کرد، سەردانی هاڤاڵەکانی کە تووشی ئەو نەخۆشییە ببوون ئەویشی تووشی کۆرۆنا ویرووس کرد و زۆر مەعسووم لەسەر تەختی نەخۆشخانەی سلێمانی لە کوردستان گیانی فیدای کوردستان و ئامانجە بەدی نەهاتووەکان و پڕەنسیپەکانی کرد.

کاک جەلیل گەڵیک خەڵک خۆشەویست بوو و پێوەندی بەرچاوی دەگەڵیان هەبوو وەک باوک و براییکی دڵسۆز چاوی لە گرفت و دژواری خەڵک دەکرد، کێشەی ئەوانی بە هی خۆی دەزانی، فرە بە دەرد و مەرگی کۆمەڵگای کوردی دانیشتووی تارانەوە ماندوو بوو.

کاک جەلیل براییکی گەورە و دۆستێکی دڵسۆز و هاڤاڵێکی گەورەی لە مێژینە بوو بۆ من، ڕابردوویێکی نزیک بە ٥٦ ساڵ دۆستایەتی و نزیکایەتی. لە ڕێ و ڕەسمی دەسپێکی ژیانی هاوبەشی سوهەیلا و من دا، کاک جەلیل نوێنەرایەتی ئێمەی بە جێ گەیاند.

گەورەترین یارمەتی کە ئەو بلیمەتەی مرۆڤدوستی و ئەخلاق بە منی کرد، ئەوە بوو کە منی بە جەنابی سارم خانی سادق وەزیری، دۆستی نزیکی خۆی ناساند و سەرەتای ژیانێکی پڕ لە شانازی بۆ من چێ کرد.

ئەو چەند ڕستەیە لە سەر کاک جەلیل "کەمێکە لە سەر زۆر و شەمێکە لە چاو خۆر". خۆزگە و بریا نەوەی داهاتووی کورد بتوانێ ڕەوشت و ئاکاری کاک جەلیل بگرێتە بەر و ڕچەی ئەو پیاوە مەزنە ڕەچاو بکات. ژیان، کردەوەکان و دۆسیەی سیاسی - کۆمەڵایەتی و ڕابردووی کاک جەلیل بۆ خۆی فێرگەییێکی بەرزە.

کاک جەلیل بە لێشاوی ولێهاتوویی، دەستەچیلەی خۆی وەبەر ئاگری خەبات و بزاڤی کورد دا، ئەرکەکانی ڕێک و پێک و بە بێ دامان و تاسان و بە دوور لە قرە و گومان بەجێ گەیاند. سروشتییە کە بنەماڵەی بەڕێزی گادانی، دۆستان و

هاوڕێیان، هاوخەباتیان و هاو حیزبیان چاویان کز و سیس و فرمێسکاوی بێت، بەڵام ڕامان لە کەسایەتی کاک جەلیل، لە خۆشەویستیی لە نێو خەڵکدا، لە پێشوازی کۆمەڵگا لەو کەسایەتیە پایەبەرزە، پێمان دەسەلمێنێت کە ئەو خەباتگێڕە پلە و پێگە و جێگەی تایبەتی لە نێو دیرۆکی کورد دا دەستەبەر کرد. کاک جەلیل نەڕۆیشت بۆ نەمان و نادیاری و ناکجا ێ باد، چوو بۆ ناو جەرگەی مێژووی کورد و کوردستان.


دڵی گەرمی کاک جەلیل هەتا دوا هەناسە بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد لێیدەدا و گومان لەوەدا نیە کە دوایین شێعری مامۆستا هێمن "ناڵەی جودایی" لە مێشکی دا هات و چۆی کردووە:

دێم هەتا هەمبێ بڕست و بیر و هۆش
گەر گلاشم کوردەواری و ئێوە خۆش

عەزیز ماملێ — فەرانسە
١٨ی گەلاوێژی ١٣٩٩ = ٨ی مانگی ئووت ٢٠٢٠

سەرچاوە: ماڵپەڕی شار پریس - ڕێکەوتی ١٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## شێوازی هونەری شەجەریان



جێی خۆیەتی پرسەوسەرەخۆشی خۆم بەبۆنەی کۆچی دوایی گەورە هونەرمەندی ئێران بەڕێز محەممەد ڕەزا شەجەریان بەبنەماڵەی بەڕێزیانو تەواوی گەلانی ئێران ئاراستە بکەم.

شەجەریان لەدەورانی ڕەشی زاڵبونی کۆنەپەرستی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیو قەدەغەکردنی هونەر بەتایبەت هونەری مۆسیقای فارسی ڕچەی شکاندو بەهاوکاری هونەرمەندانی پێگەیشتوو کە دەوری هونەرمەندانی کوردیش تێیدا بەرچاوبوو، بەرەبەرە پێیان نایە ناو سەردەمێکی تازە لەمۆسیقا، گرنگی کاری ئەو تاقمە هونەرمەندە بەربەرەکانی بوو دەگەڵ «نهی از منکر»ی تەواوەتی مەکتەبی ئایینی - سیاسی ڕژێم بەتایبەت وەزارەتی ارشاد اسلامی.

### تایبەتمەندییەکانی بەڕێز شجریان:

١- هەڵبژاردنی شێوەیەکی نوێ لەمۆسیقا، ئەگەر «شعر نو»ی فارسیو کوردی لەساڵەکانی ٤٠ بوو بەشێوەیەکی تازە لەئەدەبیاتدا، گۆرانی سازیو شێوازی گۆرانی (تەنیا گۆرانی، نە مەقام)و هونەری شەجەریانو مۆسیقای موسیقاژەنەکان لەساڵەکانی ٦٠، گەیشتە دەورانێکی نوێ کە بەتەواوی دەگەڵ پێشینیان جیاوازی بوو، مۆسیقا گۆڕانکاری بەسەرداهاتو مۆسیقای ڕەسەنی فارسی پەرەیسەند، ئامێرەکانیش هەروەتر، بۆ نمونە ویۆلۆن جێگای خۆیدا بەکەمانچە، هەندێک ئامێری کۆنی ئێرانی کە لەگۆڕێدا نەمابوو هاتنەوەسەر دەور، بەڕێز شەجەریان بۆخۆی چەند ئامێری هێنایە ناو کۆڕەکەی خۆیو

زەحمەتی زۆری لەسەرکێشاو کاری گەورەی کردو گەلێک دەوڵەمەندی کرد.

٢- بەڕێز شەجەریان لەبنەماڵەیەکی ئایینی خورتدا گەورە بوو، کاردانەوەی ئایینی بەسەردەنگی خۆشی ئەو مامۆستایە پایەبەرزەدا زاڵبوو، لەمەقامەکانی (نە لەگۆرانیەکان)دا بەتایبەت لەسەرەتای کارەکانی نەیتوانی خۆی لەباروڵایەنی ئایینی ڕزگاربکات، لەزۆربەی مەقامەکانیدا «گۆشەی حسینی» زەقو بەرچاوە، شێوەی «ڕەببەنا» واتە ئەو ئایەتە کە لەقورعان خوێندویەتیو لەئێران لایەنگری زۆری هەیە لەزۆرینەی مەقامو ئاوازەکانیدا دەبیسرێ، ئەگەر هەڵسەنگاندنێک بکەین لەگەڵ هونەرمەندانی گەورەو مامۆستایانی ئاوداری مەقامو ئاوازی فارسی وەک غلامحسین بنانو حسین قوامیو هتد، شێوازی بێژەریی شەجەریان لەشێوەی گوتنی ئەو دووهونەرمەندە جیاوازی بەرچاوی هەیە.

٣- لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە بەرێز شەجەریان ئیبسانێکی گەورەو خۆپارێزو وریا بوو، کەسایەتیەک بوو کەفرە بەحورمەت بوو بۆ خۆیی‌و بۆ کۆمەڵگە، مەندو سەنگینو بەئەدەب بوو، نێوچاوانی پڕبوو لەخۆشەویستی بۆ هونەرو کۆمەڵگا، سەرباری پایەبەرزی هونەرییو خۆشەویستی لەناو خەڵکدا قەت لەخۆبایی نەبوو، هەرێمی کۆمەڵگای پاراست، بژاردەی شیعرەکانی نیشاندەری ئەوڕاستیە بوو.

٤- لەڕوی سیاسیەوە: لایەنو بەرژەوەندی خەڵکی ڕەچاوکردو چەندجار هەڵوێستێ لەباری گرت بۆ پاڵپشتیکردن لەجەماوەری خەڵک.

٥- ئەگەر بتوانم ڕێگا بەخۆم بدەم تێبینییەکم بیێت لەسەر شێوەی گوتنی گۆرانیو مەقامی ئەو هونەرمەندە گەورە، ڕەنگە باسی ئەوەبکەم کە بەڕێز شەجەریان زیاتر گرنگی دەدا بەدەنگ هەتا بەهێنانەدەری وشەکان لەدەم، لەبەرئەوەیە کە لەهەندێک جێ وشەکان تاڕادەیەک دەخورێن.

برادەرێکی هێژاو ئەدیب باسی لەیەکسانی پلەو پایەی بەرێزان سەید عەلی ئەسغەری کوردستانیو شەجەریان کردبوو، من بەپێچەوانە وا بیردەکەمەوە کە بەرێز شەجەریان سەرەڕای ئەوە کە مامۆستایەکی جێکەوتوو خاوەنی سەبکو شێوازی تایبەت بەخۆی بوو، لەگەڵ ئەوەش کە نەک هەر لەگۆرانیو مەقامدا دەوری فرە بەرچاوو بەربڵاوی بوو نەخشو دەوری گەورەی دانا لەناو مۆسیقای فارسی، سەرباری ئە وە کە بەڕاستی لەزانیاریو زاڵبوون بەسەر ڕەدیفو دەزگاکان لەچڵە پۆپە دابوو، لەگەڵ ئەمر سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی لەڕادەیەک دانانێنو بەیەکەوە هەڵیان ناسەنگێنم.

شێوەی «تحریر»ەکانی سەید عەلی ئەسغە ڕوبارێکایی دەنگی شتێکی بێ وێنەیە، من بەهۆی پەیوەستبوون بەبنەماڵەیەکی هونەری موسیقاوە هونەرخۆشەویستم‌و هەرلەتەمەنی چوار پێنج ساڵی واتە لەسەرەتای فامکردنەوەم رۆحو دڵو دەرونم بەمۆسیقا گەشاوەتەوەو گۆرانی کوردیو فارسیو تەنانەت ئەرمەنیو ئازەریو عەرەبی دۆستی نزیکو هەڤاڵی شەوو ڕۆژم بونو ئێستاش هەر هەیە، کاتێک گوێ ڕادەگرم بۆ گۆرانی، پێمخۆشە بچم بۆ ناوەرۆکو قوڵایی بەرهەمەکە: کاری گۆرانی سازەکە، مۆسیقا، دەنگی گۆرانی بێژەکە، شێوازی گوتنی، چۆنێتی بەڕێوەبردنو ڕازاندنەوەو هاوکاری مۆسیقا ژەنەکانو جوابدانەوەی گۆرانیبێژەکە، شیعری گۆرانیەکە، لەبەرئەوەیە کە گەلێک سەرنجم داوەتە چۆنێتی وتنی گۆرانیو مەقامەکانی کوردیو فارسی، دەنگی نەمر سەیدعەلی ئەسغەر ئەوەندە بەهێزو بەتوانابوو کە هەتا ئەوڕۆش هیچ کەس تۆزی نەشکاندوە، زەرافەتی «تەحریرەکانی» دەگەڵ هی نەمر شەجەریان فرە جیاوازی هەیە، ئۆکتاوی دەنگی سەیدعەلی ئەسغەر زۆر بەرزترە لەهی شەجەریان، دەسەڵاتو زاڵبونیان بەسەر دەنگیاندا لەپلەو ڕادەیەکدا نییە.

شەجەریان بەگۆرانی سازیو دەنگەخۆشو لەبەردڵانەکەی لاپەڕەی زێرینی لەناو مێژویی مۆسیقای ئێراندا نەخشاندوەو بێگومان یەکێک لەگەورە هونەرمەندەکانی سەردەمی ئەوڕۆی ئێرانە، لەگەڵ مۆسیقای کوردیو هونەرمەندانی کورد نزیکایەتی بەرچاوی بووو چەندجاریش سەفەری باشوری کوردستانی کردو پێشوازی گەرمی لێکرا.

نەمانو نەبونی ئەو هونەرمەندە لێزانو لێهاتویە کەلێنێکی گەورە دەخاتەسەر مۆسیقای ئێرانیو پڕکردنەوەی بۆشاییەک کە بەجێهێشت فرەزەحمەتو سەخڵەتە.

پاریس؛ هەینی ۹ی مانگی ئۆکتۆبەری ۲۰۲۰

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ۱۰ی ئۆکتۆبەری ۲۰۲۰

## هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد چۆن دامەزرا؟



لەو چەند لاپەڕەدا پێداچوونەوەیەکی کورتدەکەین بۆسەر دامەزراندنی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد، لەدەرفەتێکی دیکە بەتێروتەسەلی ڕودەکەینەسەر ئەو پێکهاتە بەنرخە کە چەپکەگوڵی سەرسەوەتەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بوو.

سوپاسو پێزانینی خۆم ئاراستەی برای بە ڕێزم کاک زانیار عومرانی دەکەم کە بە دڵفراوانی کاری پێداچوونەوەی ئەو نووسراوەی گرتە دەست و بە هەستی جوان، لێهاتوویی و خۆ پێوە ماندووکردنی زۆر گەلێک یارمە تیدام.

### پێشەکی:

لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی ۱۳۵۸، مێژوو پەیامێکی ئاراستەی کورد کرد: دەرفەتێک ڕەخساوە بۆ گەلی کورد ولەسەردەمێکی نوێدا خۆی دەبینێتەوە، ئاڵنگاری بەرچاو ڕووبەڕووی بووەتەوە.

دەبێ رزگاری بێت لە پەلهاوێژی داگیرکەران و دەستدرێژی زۆرداران. ڕۆڵەکانی کورد ئەشێ جارێک بۆ هەمیشە زرێ پرگرێ و پتەوەکان لەبەریەک هەڵوەشینن، کۆتایی بەچارەڕەشی و ژیانی تاڵ بهێنن، چیدی مافەکانی نابێ پێ خوست بکرێ. بەوریایی و لێهاتوویی و یەکگرتوویی لێکدانەوە و تێکخرانەوە بکەن بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی نوێ کە درێژە پێدەری دەکات لەسیاسەتەکانی سەردەمی پێشوو.

ڕۆژگـاری دژوارو ئەسـتەمیان لەبەرە، بەزیتـی وردبـنەوەو ژیـرانە لێـی بکـۆڵنەوەو نەچـنە ژێـر گوشـاری ئەوانە کە بـوون و کەسایەتیی و ناسنامەی کورد و کۆمەڵگای کوردستان نـاپەژرێنن. کورد ڕاستییەکی مێژوویی و سیاسییە، کورد هەم فـاکتەرە هەم ئاکتەر بۆ درێژەپێدانی شۆڕشی ئێران و ڕزگار کردنی لەداکەوتن. مێژوو هەروەها ئەرکێکیشی بۆ دەستنیشان کردبوو:

**یەکیەتی و یەکدەنگی.**

گەلـی کـورد لەگەڵ پڕانـی گەلانـی ئێـران شۆڕشـی دژ بە دیکتاتۆرییـان گەیانـدە ئاسـتی سـەرکەوتن، بەڵام بەتەنهـایی‌و بەپشتگیری هێزی چەپو دیموکراتو ئـازادیخوازی ئێران ڕاپەڕێنێکی نوێی گرتەدەست، نـاوەڕۆکی سەرەکی لەم ڕاپەڕینەدا ڕەوتو ڕوداوێکی تـازەبوو، دیـاردەیەکی جیـاواز بـوو، لەئێرانـی پـاش شۆڕشـی ٥٧دا دوو ناوەنـد بەرچـاو دەکەوت: ناوەنـدی ڕوحـانیەت کە بنـاغەی حـوکمڕانی لەسـەر شـەریعەتی ئیسـلام دادەمەزرانـدو لەئیسـلامی سیاسـیدا سـەرمایەی وەگەڕدەخست، لەبەرامبەردا ناوەندی کوردستان بوو کە بڕوای بەعلمانییەت (سیکۆلاریزم) بـوو، لەمـافە بنەڕەتییەکـان‌و ئـازادی‌و دیمۆکراسی دەڕوانی.

هەر دوو لەو ناوەنـدانە خەریکـی ڕێکخسـتن و بەجێگەیانـدنی نەخشـەڕێگاکانیان بـوون، بەڵام دووهەمیـان بەڕەتکـردنەوەی بەرنـامە و پێکهـاتە و دامەزراوەکـانی یەکەم دەوری دەبینـی. لایەنـی کـورد لەڕێـواری سیاسـیدا بەرامـبەر بە سـتروکتورە ئیسلامییەکانی دەوڵەت کە لەسـەر بنچینـەی نـابەرابەری پێکـدەهات و نێشـاندەری زاڵبـوون بەسـەر ڕەهەنـدەکانی سیاسـی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بوو چۆکی دانەدا، ڕاوەستا و ململانێ کرد و شێتیی و دێوانەیی و جنوونی دەسەڵاتی نوێی بەرپـرچ دایەوە. مێـژووی سـاڵەکانی ٥٧ و ٥٨ لێواولێـوە لەتونـدوتیژییەکانی حوکمڕانـانی ئێـران بـۆ سـڕینەوەی بەرهەڵسـتکارەکان. تایبەتمەنـدییەکانی ڕژێمـی نـوێ لەگەڵ دەسکەوتەکانی کوردسـتان ئاشـتیهەڵنەگر بـوون. سیاسـەتی ڕاگرتنـی خەڵـک لەژێـر فەرمانبەری، دەست لەسەرچۆکدانان و گوێڕایەڵ کردن بۆ ئامۆژگارییەکان، کاردانەوەی نەبوو. سیستەمی دەستبەسەرداگرتن و پێشـێلکردنی دەسـکەوتەکان لەکوردسـتان سـەری نەگـرت. ڕق و تـووڕەیی دەسـەڵات لەم دۆخەی کوردسـتان لەسـەرێک بـۆ تۆڵەکردنەوە بوو، لەبەرێک بۆ کۆتاییهێنان بە عیلمانییەت.

بەم هۆکارانە بوو کە سیاسەتی دەسەڵاتی نوێ لەچوارچێوەی ئێتنۆسید Ethnocide دا شرۆڤەی بـۆ دەکرا، سیاسـەتێک کە لێهاتووتر بـوو لەجینۆسـاید، بەرپرسان بڕیاریانـدابوو کە ناسـنامەی نەتەوەیی، فەرهەنگو بەتـایبەت ئەو شارسـتانییەتە پێشـکەوتوە کە لەڕاپەڕینـی کوردسـتان چەکەرەی کردبـوو، بنەبـڕیکەن. گەلـی کـورد وریـابوو: ڕووحـانییەتی کـورد خـۆی لەدەستێوەردانی سیاسەت بەدور ڕاگرتو شەرعییەتی داخوازییەکانی کوردی کردە چرای ڕێگای داهاتوو.

پێکهاتە سیاسسیەکان بەهاکانی ئینسانی، نەتەوەیی‌و دیموکراتییان کرد بەئامانج‌و ئۆبژێکتیڤ و لەگەڵ خەباتی دژ بەتۆتالیتاریزم و سەرەڕۆیی تێئۆکراسی ئێران تێکەڵاویان کرد. بەشداری لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لەکوردستان هەوڵ و هەڵمەتێکی پان و بەرین بوو بۆ بەجێگەیاندن و بەدەستەوەگرتنی مافی دیموکراسی و چارەنووس. نەتەوەی کورد پاڵنەری داخوازیی مافی چارەنووس بوو بۆ دیاری کردنی رژیمی سیاسی - حقوقی ناوخۆیی لەژێر دەستەواژەی خودموختاری. کورد یەکدەنگ و یەک وتار نوێنەرایەتی خۆی بەخشیبوو بەهێزە سیاسییەکان.

**داواکاریی و کەڵکوەرگرتنی نەتەوەی کورد لە پرەنسیپەکانی مافی نەتەوەکان بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووس دوو بەشی لەخۆ گرتبوو:**

*** دامەزراندنی سیستەمێکی حوکمرانی بۆ دابین کەردنی ئازادی ڕاستەقینە و دیموکراسیی بەشدارکردنی خەڵک لە هەڵسووڕاندنی کاروباری ئێران.**

*** پێگەیشتن بەمافەنەتەوەییەکان وەک کۆمەڵگایەکی خودموختار.**

پێکهاتە سیاسییەکان لەڕوی سیاسییەوە تێکۆشانی چەندلایەنەو داواکاری جیاوازیان هەبوو، بەڵام کاتێک کوردستان کەوتەبەر پەلاماری سەربازی، کۆی ئەوانە دژ بەدوژمنکاریی دەسەڵات ڕابونو قۆڵیان هەڵمالی بۆ بەرپەرچدانەوە. بەرخۆدانی سەربازی، ڕەوتی بزاڤی کوردی گۆڕی و لەو سەردەمەدایە کە خۆی لەبزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیدا دەبینێتەوە. حیزب و ڕێکخراوەکان خەباتی هاوبەش لەئەستۆ دەگرن کەبریتییە لەپاراستنی خەڵک و دەسکەوتەکان و گەیشتن بەئامانجەکان.

*** بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەئاستی نێونەتەوەییدا خاوەنی مافو ئەرک بوو:**

**١- مافەکان:**

- ماف بوو ئەوە کە لەدەستدرێژییەکانی دەوڵەتی ئێران بپارێزرێ‌و بۆی نەبێت پەیمانە نێونەتەوەییەکانی واژۆکراو لەژێر پێبنێت.

- سود لەپەیماننامە جیهانیەکان وەربگرێت بۆ پشتگیری‌و یارمەتی.

**٢- ئەرکەکان:**

- پرەنسیپەکانی وەک بەها ئینسانی و حقوقیەکان رەچاو بکات.
- لەیەکەمیاندا ناکام ماوە، بەڵام لەبەشی دووهەمدا سەرکەوتوو بوو.
- لەو حاڵەتەدا لەبەرئەوە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد چاوەدێری پرەنسیپە نێونەتەوییەکانی کردبوو، کۆمەڵگای جیهانی ئەرکی سەرشانی بوو کە هەڵوێست بگرێ بەرامبەر بە توندوتیژیی و دەستدرێژی دە وڵە تی ئێران بۆسەر ئازادی و مافەبنەڕەتیەکان، واتە ئەوهێرشە سەربازییانە کە بزاڤی کورد ڕووبەڕوویان ببوویەوە.

٤١ ساڵ بەسەر دامەزرانی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورددا تێپەڕدەبێ. پێکهاتەیەک کە لەسەردەمی خۆی و لە میژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لەڕووی یەکدەنگی و یەکگرتوویی هێزەکانی کورد دیاردەیەکی بێوێنە و بێهاوتا بوو و کاردانەوەی لەئاستی سیاسی وکۆمەڵایەتی لەسەر کۆمەڵگای کوردستان بەرچاوە.

**جێی خۆیەتی لەدۆخی ئەوڕۆ ئاوڕێک بدەینەوە سەر:**

- چۆنیەتی دامەزرانی ئەو ڕێکخراوە یەکگرتوویە، چاوخشاندنێک بەبارودۆخی مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان و ئێران،
- پێکهێنەرو پێکهاتەکان، هەوڵەکان و چاوپێکەوتنەکانی پێشووی نێوان هێزەکانی ئەو سەردەمەی کورد، هەڵوێستەکان و لێکدانەوەکانیان،
- هەڵوێست وهەڵسوکەوتی بەرپرسانی هەیئەتی تایبەت بە پرسی کورد،
- دەسکەوتەکان.

**هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد لەچ دۆخێکدا دامەزرا؟**

لەپاش ڕوخانی رژێمی پاشایەتی لەئێران، بەشی ئایینی و ڕووحانیەتی ئێران بەسەرۆکایەتی ڕوح الله خومەینی باڵیان خستەسەر دامودەزگاکانی کارگێڕی، سیاسی، ئابووری و میدیایی و خێرا دەستیان داگرت بەسەر دەسەڵاتەکان. دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی و بونیادنانی شەریعەتی ئیسلام وەک بنچینەی دەستوور و یاسا بۆ رژێمی سیاسی، ئیداری و حقوقی نەک هەر بۆ ئێران بەڵکوو بۆ ولاتانی ئیسلامیش بوو بەستراتیژییەکی درێژخایەن لەلایەن مەلاکانی شیعەوە.

لەکوردستان بەهۆی بەرزبوونەوەی هۆشیاری نەتەوەیی و هەبوونی ڕابردوویەکی پڕ لەخەباتی ئازادیخوازی بۆ بەدەستەوەگرتنی مافی دیاری کردنی چارەنووس، کەشوهەوای سیاسی، داخوازییەکان، تێکەڵاوی و پشتگیری خەڵکی کوردستان لەخەباتی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان جیاوازی بەرچاوی بوو لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران، ئەو جیاوازی و تایبەتمەندییانەی کوردستان ببوو بەهۆی پشتگیری و پشتیوانی و جێگەی بڕوا و هیوا بۆ ئازادیخوازانی ئێرانیش.

ئامانج و ستراتیژی کورد بریتی بوو لەخۆخاوەنی و خۆبەڕێوەبەری، بەڵام ئیسلامیە توندڕەوەکانی بەحکومەت گەیشتوو سیاسەت و دینیان تێکەڵ کرد. خومەینی زۆرجاران دەیگوت کە خەبات بریتییە لەچالاکی وتێڕوانینی ئیسلامی ودینی. ئازادیخوازانی ڕاستەقینە لەئێران و لەکوردستان خوازیاری ئەوە بوون کە بۆ پێچانەوەی لاپەڕە ڕەشەکانی سەردەمی حکوومەتەکانی دیکتاتۆڕی قاجار و پەهلەوی دەستوورێک لەسەربنەمای پرەنسیپە دیمۆکراتیەکان دابمەزرێت و سیستەمێکی سیاسی بێتە سەرکار و قەوارەیەکی سیاسیی پلورالیست(فرەڕەنگ)، دادپەروەر و لاییک بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی مافەکانی ژن و پیاو، بەفەرمی ناسینی مافی دیاری کردنی چارەنووس و عەدالەتی کۆمەلایەتی لەئێرانێکی دیمۆکراتیک بێتە ئاراوە.

ئەگەر لەسەرانسەری ئێران خەڵک خێرا تووشی بەرتەسکبوونی ئازادییەکان و زەخت و فشار و سەرەڕۆیی حکوومەتی نوێ بوونەوە، لەکوردستان کەشوهەوایەکی ئازاد دەستەبەر بوو و بیری ئازادیخوازی و پاراستنی دەسکەوتەکان بەردەوام تەشەنەی ئەسەند. گەلی کورد و ڕێکخراوە سیاسییەکان بۆیان گونجا لێکدانەوەیەکی وردی زانستیانە لە چییەتی دەسەڵاتی تازەپێگەیشتوو شرۆڤە بکەن. لەکوردستان جەماوەری خەڵک لەگشت شار و ئاواییەکان، بەدەربڕینی ئیرادە بۆ ئازادی و مافی چارەنووس لەچوارچێوەی خودموختاری و هەروەها بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەستیان بەچالاکی و تێکۆشانێکی بەربڵاوی جەماوەری کرد و ئازایانە سەرەتای بزووتنەوەیکی نوێیان گرتەدەست، ئەگەر ڕێکخستنی کۆمەڵەی ژ - ک و دامەزراندنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و بەتایبەت ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دەستپێکی مۆدێرنیتەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بوو، بەشداربوونی تێکڕایی خەڵکی کوردستان لەشۆڕشی دژ بەدیکتاتۆڕی پاشایەتی و پاشانیش ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕ و نەتەوەیی سەرەتای سەرهەڵدانێکی نوێ و دووروودرێژ بوو. سێ جیل و نەوەی کورد تێکەڵاوی ئازادیخوازیی و داواکاریی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بوون و ئێستاش خەباتی سیاسی و مەدەنی بەردەوامە بۆ گەیشتن بەداخوازییەکان.

لەپاش شۆڕش دوو بەرە لەئێران لەگەڕدا بوون: لایەنگرانی دامەزرانی کۆماری ئیسلامی و باوەڕپێکراوان بە بەها ئینسانی و جیهانی ودیمۆکراتییەکان، زێدەگۆیی نییە ئەگەر بڵێین کۆمەڵگای ئەو وەختەی ئێران دوو جەمسەری بوو: قۆم و تاران

لەدیویک، کوردستان دیوەکەی دیکە.

**لەڕاستیدا کێشەی سەرەکی نێوان خومەینی و حکومەت و شووڕای ئینقلاب لەگەڵ کوردستان کێشەی دۆکترین بوو:**

* لەکوردستان ویستی خۆخاوەنی و خۆبەڕێوەبەری لەئارا دابوو، لەقۆم و تاران چەمکی یەکڕیزی ئیسلامی.

* لەکوردستان باس لەمافە بنەڕەتییەکان و ئازادی و دیمۆکراسی دەکرا، لە تاران و قۆم لە ویلایەتی فەقیە.

* لەکوردستان باس لەئەسڵی جودایی دین لە دەوڵەت دەکرا، لەتاران و قۆم لەئیسلامیزم. زیندوویاد مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی دەوری گرنگ و بەرچاوی بوو بۆ ئەوە کە پێشنوێژەکانی کورد خۆیان بەدوور ڕابگرن لەخۆڕادەست کردن بە بیر و ئێدەئۆلۆژی ئیسلامی سیاسی.

* لەکوردستان داوای دابین کردنی ئازادیە دیمۆکراتیەکانی کەسیی و کۆمەڵ دەکرا، لەقۆم و تاران ڕیزگرتن لەهەریمی ئیسلامی.

* لەکوردستان تێکۆشانێکی بەرفراوان لەگۆڕێدا بوو بۆ دامەزراندنی کۆماری دیمۆکراتیک، لەقۆم و تاران هەوڵی بەربڵاو لەئارادابوو بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی.
* لەقۆم و تاران خۆیان بە"حق" دەزانی و کوردستان بە"باگل".
* لەکوردستان بڕوا لەسەر ئەوە بوو کە بۆ پێشگرتن و ڕێگرتن لەدووپاتبوونەوەی سیستەمی حوکمرانی دیکتاتۆری لەئێران، جیابوونەوە و سەربەخۆیی سێ ناوەندی دەسەڵات وەک داد: ,Judiciaire یاسادانان Lésilatif: و کارگێری Eexécutif: مەرجی سەرەکی دیمۆکراسییە، لەقۆم و تاران وەلی فەقیە سەرۆکایەتی بەڕێوەبردنی ئەو ناوەندانەی دەگرتەدەست.

* لەکوردستان جەختیان لەسەر کۆتاییهێنان بەچەوساندنەوەی چینی کرێکار و زەحمەتکێش دەکرد، لە قۆم و تاران لە"مستچعف" قسە دەکرا و بەربەرەکانیان دەکرد لەگەڵ مافی دەربڕینی ناڕەزامەندی لەلایەن کرێکاران و زەحمەتکێشان، مافی خۆپیشاندان، دامەزراندنی شووڕا و سەندیکا و گشت مافە کرێکارییەکان.
* لەکوردستان هەول دەدرا بۆ یەکیەتی و یەکڕیزی لەناو گەلانی ئێران، لەتاران و قۆم بۆ جیهانی ئیسلام بەتایبەت شیعە.

* لەقۆم و تاران یەکسانی جێندەری و هەروەها میللەتیان ڕەد دەکردەوە، واتە نیوەی کۆمەڵگە و بەشێک لەجوگرافیای ئێران، لەکوردستان بۆ بەرابەری مافەکانی نێوان ژن و پیاو و هەروەها لەنێوان نەتەوەکانی ئێران درووشمیان دەدا.

* لەقۆم و تاران شەڕیان هەڵدەگیرساند و توندوتیژیی و تۆوی لێکدابڕانیان دەچاند و خۆیان تەیار دەکرد بۆ وورووژاندنی هەڵمەتی سەربازی، لەکوردستان هەولیان دەدا بۆ پەرەپێدانی ئاشتی و دۆزینەوەی ڕێگای سیاسی و دیالۆگی ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەری پرسی کورد.

* لەکوردستان پشتگیری لەگەشەپێدانی فەرهەنگ وهونەر بەگشتی و هونەری مۆسیقا بەتایبەتی دەکرا، لەتاران و قۆم فەرهەنگ وەک "نهی از منکر" دەنرخێندرا و "مۆسیقا" حەرام" دەکرا.

دەسەڵاتی نوێی ئێران زوو هەستی بەو جیاوازیە سەرەکیانە کرد لەنێوان کۆمەڵگای کوردستان و قۆم و تاران و ئەمەی وەکوو هەڕەشە لەسەر خۆی دەبینی. هەربۆیە هێندەی پێنەچوو گەلی کورد بەتایبەت لەسۆنگەی هەڵگرتنی داوای یەکسانی مافە نەتەوەییەکان و ئازادیخوازی و هەروەها پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ئێران، کەوتە بەر پەلاماری چەواشەکاری و ڕاگەیاندنی ژاراویی و پرۆپاگاندەی بەرپرسانی حکوومەتی نوێ. فشار و زەبروزەنگ و تەوژمی ڕاگەیاندنە چەوت و نالەبار و پڕ لەدرۆ و بوختانیان بەمەبەستی ڕێخۆشکردن بۆ ئاستی هێرشی سەربازی ڕێک دەخست.

### ویلایەتی فەقیهی خومەینی، بەخۆی و "شووڕای ئینقلاب "و حکوومەتی کاتی، دوو شەڕیان بەسەر کوردستاندا سەپاند:

#### ١- شەڕی چەواشەکاری:

هەر لەڕۆژەکانی یەکەمی پاش تێکشکانی دەسەڵاتی پەهلەوی، شالاو و شەپۆلێکی بەرفراوان و توندی ڕاگەیاندن دژ بەبزاڤی کورد هاتە ئاراوە کە بەتەواوی بێبنەما و بۆش بوو. سەرەتا بەقسە بۆ کوردهەڵبەستن، تاوانبار کردن، تۆمەتبارکردن، درووست کردنی ترس و دڵەڕاوکێ، هەڕەشەوگوڕەشە و هەڵسەنگاندنی هێزە سیاسیەکان وەک "دژ بەشۆڕش" دەستیان پێکرد. هەر وەک بەرپرسانی ڕژێمی شا و لەشێوەی ناسیۆنالیستە ئێرانیەکان بۆململانێ و مشتومڕ لەگەڵ خوازیاریەکانی کورد، تاوانی جیاییخوازیان ئاراستەی کورد و بزووتنەوەی کوردستان دەکرد. سانسۆر و تێکدەری لەناو ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتیی لەسەر ڕاستیەکانی سەر کوردستان چێشتەخۆشکەی لێدوانەکان و ڕاگەیاندراوەکان و وتاری مەلاکانی سەربە دەوڵەت لەنوێژەکانی هەینی بوون. ئەوانە هەڵیاندەکوتایە سەر نوێنەرانی

ڕاستەقینەی نەتەوەی کورد واتە ڕێکخراوە سیاسییەکان و کەسایەتییە خۆشەویستەکانی ئایینی و سیاسی کورد.

ئەمە شەڕی یەکەم بوو و گەلێک ناهاوسەنگ و لەڕاستیدا یەکلایەنە بوو، لەبەرئەوە کە میدیای سەربە دەوڵەت بەتەواوی لەبەردەست بەرپرسانی دەوڵەتدا بوو، هیچ ئیمکان و ئەگەرێک بۆ نوێنەرانی کورد ئامادە نەبوو بۆ سڕکردنەوە و پووچەڵ کردنەوەی هۆنراوە ناڕاستەکان و فڕوفیشاڵی هەڵبەستراو دژ بە ئەزموونی گەلی کورد. ڕاستە کە هێزی دیموکرات و چەپ و پێشکەوتنخواز لەئێران پاڵپشتی سەرهەڵدانی کوردستانیان دەکرد و لەچاپەمەنیەکانی خۆیان دەستیان پێکردبوو بە پشتگیری لەکورد و تێکۆشان بۆ وەدرۆخستنەوەی لێدوانی کاربەدەستان و پڕۆپاگاندە میدیاییەکانی سەربە دەوڵەت، بەڵام بەبەراوەرد کردن لەگەڵ هەوڵەکانی بەرپرسانی دامودەزگا دەوڵەتییەکان بۆ دژایەتی بەرامبەرکورد و ئیمکاناتێکی بەرفراوان کەلەبەردەستیاندا بوو، فرە کەم و کورت بوو.

دوکتور عەبدوالڕەحمانی قاسملوو وتەبێژی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد لەدانیشتنی گوتوبێژی ٢٠ی سەرماوەزی ١٣٥٨ دا ئەو بابەتەی هێنایە گۆڕێ و بەگوێی هەیئەتی تایبەتی دەوڵەت بۆ پرسی کوردی هەڵکێشا:

"ڕادیۆو تەلەویزیۆن لەدەست دەوڵەتدایە، چەند مانگان ئێمەیان خستەژێر کەملوتفی، بەڵام ئێمە چکۆلەترین ئیمکانمان نەبوو بۆ ئەوە کە دیفاع لەخۆمان بکەین. بەپێی عەداڵەت و ئینساف ناکرێ ڕادیۆ و تەلەویزیۆن هەر لەئیختیارهەیئەتی تایبەت دابێ، چ دەبێ ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ ئێمەش بتوانین سوودی لێوەربگرین و ماف و ئیجازەمان ببێت کە داخوازییەکانمان لەچوارچێوەی کۆماری ئیسلامی، لەناو وڵاتی خۆشەویستمان بۆ خەڵک ڕوون بکەینەوە؟ "

## ٢- شەڕی سەربازی:

لەپلەی یەکەم شەڕی ڕەوانی حکوومەت زەمینەی خۆش دەکرد بۆ بەرنامەدارشتن بۆ داگیرکردنی کوردستان. ئەمجارە دەوڵەتی تازەپێگەیشتووی ئێران شەڕیکی سەربازی بەسەر گەلی کورد داسەپاند، هێزە سیاسیەکانی کورد ناچارکران دەست بۆ چەک بەرن و پاراستنی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئامانجەکانی کورد و بەتایبەت بەرگری لەهێرشە بەربلاوەکانی پاسدارانی رژیم بگرنە ئەستۆی خۆیان.

ئەوە کە کۆمەڵگای کوردستان خاوەنی چەند هێزی سیاسی بوو دەرفەرت و شانسێکی گەورە بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەربازی و ململانێ سیاسی لەگەڵ حکوومەتی تاران و دەسەڵاتی قۆم. دەرەتانێکی لەباری دیکە بوو بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ

حکوومەت، کورد خاوەنی ئامرازی خۆپاراستن بوو، بەتێڕادیوی لەئەزموونەکانی ڕابردو و تێڕامان و وردبوونەوە لەچییە تی بەرپرسان و حوکمڕانانی ئێران لەتاران و قۆم دەستی داگرتبوو بەسەر چەک وتەقەمەنی هەندێک لەبنکە و بارەگا و پادگانە سەربازییەکانی رژێمی پێشوو بەتایبەت پادگانی مەهاباد کە دەسکەوتێکی بەرچاو بوو.

ڕوو لەشەڕکردن لەلایەن بەرپرسانی تاران و قۆم سەلمێنەری ئەو بەڵگە و بۆچوونە بوو کە ئەوان بەعەقڵییەتی خۆیان بڕیاریان داوە بۆسەر بزووتنەوەی کوردستان. چەواشەکاریە سەرەتاییەکان و تەوژم و هێرشەبەر بڵاوەکان کەئاوێتەی ئێعدامەکانی کەموێنە بوو، دەرخەری ئەو ڕاستیە بوو کە بڕیاردەرانی قۆم و تاران لەشوورای ئینقلابەوە بگرە هەتا حکوومەتی کاتی ساغ بوونەوە بۆ تێکڕماندن و خاشەبڕکردنی بزووتنەوەی کورد، ڕاهێنەر و بناوانی تەواوی ئەو بیروبڕوا و بڕیارانەش، ئامۆژگاریە شەخسییەکانی خومەینی بوو.

## شەڕی سێ مانگە؛

"شەڕ لەپاوە دەست پێدەکا. بەشێکی زۆر لەشار دەکەوێتە دەست هێزە کوردییەکان. چەمران فەرماندەی هێزەکانی پاسدار لەمەقەری ژاندارمریدا گەمارۆ دەدرێت.

٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ چەمران بە ڕەمزێک ئەو شکستە بۆ خومەینی دەنێرێ و ئەویش هەر لەو ڕۆژەدا جیهاد بەدژی کورد ڕادەگەیەنێ. (کارێک کە نە بەدژی رژێمی شا کردی و نە دواتریش بەدژی سەددام) لەهەموو لایەکەوە هێزی سەربە مەلاکان خۆیان دەگەیننە پاوە. کورد لەبەر نەبوونی فەرماندەیی و یەکگرتوویی، پاشەکشە دەکەن. شەڕی سێ مانگە بەرپا دەبێ.

شەڕی سێ مانگە بەکوشتوبڕ دەستی پێکرد. لە٢٨ ی گەلاوێژی ٥٨ خەڵخاڵی لەپاوەدا ١٢ دەستبەسەرکراو حەوت کەسی ئێعدام کرد. دیسان هەر لەو ڕۆژەدا فەرمانی هێرش بۆسەر سنە بەبیانووی بەبارمتەگرتنی ژنانی موسڵمان لەلایەن خومەینییەوە دەرچوو. ئەو هەواڵە درۆیە لەلایەن دەفتەری موفتیزادەوە دەرچوو. کۆمەڵە و فیدایی لەبەیانییەکدا داوای خۆڕاگریان لەخەڵک کرد و خۆشیان تێیانتەقاند وهەڵاتن و شاریان بەبێ تەقە بەجێهێشت. مفتیزادە لایەنگرەکانی بۆ ناساندن و بەگرتندانی لاوەکانی سنە نارده پارمەتیدانی داگیرکەران.

٣١ی گەلاوێژ هێرش بۆ زانکۆی تاران و ڕێپێوان بەدژی کوردستان.
٣ی خەرمانانی ١٣٥٨ نۆ کەس لەمەریوان ئێعدام کران.

٤ی خەرمانانی ٥٨ لەسەقز پێشمەرگە بەرەنگاری هێزەکانی حکوومەت دەبنەوە، بەڵام زۆر ناخایەنێ شار داگیر دەکرێ.
سەربازخانەی سەردەشت بەبێ تەقە لەلایەن حدکا و کۆمەڵەوە چەک دەکرێ.
٥ی خەرمانانی ٥٨ ئێعدامی ١١ کەس لەسنە.
٦ێ خەرمانانی ٥٨ ئێعدامی ٢٠ کەس لەسەقز.
١٢ ی خەرمانانی ٥٨ مەهاباد لەلایەن ئەرتەش و پاسدارەوە داگیر کرا.
١٣ ی خەرمانانی ٥٨ بانە پاش ٧ سەعات بەرگری لەلایەن هێزی ئەرتەشەوە داگیرکرا. "

کتێبی سەفەری خەیاڵ، تەیفوور بەتحایی، ل ٩٦ - ١٠٠

ڕوداوەکانی شەڕخوزانەو شەرفرۆشانەی دامودەزگای دەوڵەتی کە بەشێوەی کرۆنولۆژی لەسەرەوە تۆمار کراوە ڕاستییەک ئاشکرا دەکا، پرسی کورد ئەشێ بەشیوەی سەربازی تەعامولی لەگەڵ بکرێ، تەواوی بەرپرسانی رژیم بەمەلا وغەیرەمەلا لەسەر ئەوە ساغ ببوونەوە کە تەنیا ڕێکار بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دۆخی کورد ڕێواری نیزامییە.

ئەگەرهێزە دەوڵەتیەکانی ئێران لەسەرەتای داسەپاندنی شەڕ بەهۆی ئامادەکاری پێشوەختە توانیان بەتوندوتیژی وهێرشی بەربڵاو و درندانەی پاسدار و ئەسکەری حکوومەت دەست دابگرن بەسەر شارەکانی کوردستان، هێندەی پێنەچوو کەهێزی پێشمەرگە لەپاش خۆڕێکخستنەوەی خێرا قۆڵیان هەڵماڵی بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەی هێرشەکان و دەستدرێژییەکان.

وەرەی بەرزی هێزەکانی سیاسیو سەربازیی کورد لەلایەکو پشتگیری خەڵک لەلایەکەی دیکە هەلو دەرفەتێکی فرە لەباری ڕێکخست بۆکۆتاییهێنان بەهێرشو داگیرکەرییەکان. ئینجا پەلاماردانو شاڵاوبردن بۆسەر پاسدارو ئەرتەش دەستی پێکرد، خەڵکی شارەکانی کوردستانیش بەسۆزداریو پشتگیری تەواو لەپێشمەرگە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد، ڕێبازی سیاسییان گرتەبەر و دەستیان بەهەڵمەتێکی مەدەنی کرد بۆ فشارهێنان بۆ سەر دامودەزگا دەوڵەتییەکان.

لەکۆتایی سێ مانگ بەرگری وهێرش، پێشمەرگە تەنگی بەهیزەکانی دەوڵەت هەڵچنی، ئەوانە زەبروزەنگی زۆریان بەرکەوت و هیزی پێشمەرگە زاڵ بوو بەسەر ناوچەکان و چالاکی سیاسی لەناو شارەکان دەستی پێکردەوە.

دۆخێکی چەقبەستوو لەبەردەم دەوڵەت دابوو، هەوڵە نەزۆکەکان بۆ ڕاونان و سەرکوت کردن سەریان نەگرت وهێرشەکان بەریان پێ گیرا. دەرکەوت کە خەڵکی کوردستان تا چ ڕادەیەک ناڕازین لەسیاسەتەکانی سیاسەتگێڕانی حکوومەت و

سیستەمی ستەمکاری و بەتایبەت توندوتیژیی و شەڕەکان.

بۆ خۆدەربازکردن لەو ڕەوشە، خومەینی لەڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ پەیامێکی بڵاو کردەوە، ئەوە سێهەمین پەیامی خومەینی بوو بۆ کوردستان، یەکەمیان لەنۆفل لۆشاتو لەفەرانسە، بۆ پێشکەشکردنی سپاس و پێزانین لەبەشداریکردن و چالاکبوون و خۆبەختکردن و قوربانیدانی خەڵکی کوردستان لەشۆڕشدا، دووهەمیان فەرمانی جیهاد دژ بەشۆڕشگێرە سپاس لێکراوەکانی پێشوو، سێهەم پەیام بۆ دەربڕینی پەرێشانی و پەشیمانی لەداسەپاندنی شەڕ و زەمینەخۆشکردن بۆ وتوویژ. ئەمجارە وەک ئەوە کە نە بای دیبێت و نە بۆران، ڕایگەیاند کە ناحەزان هەواڵی ناڕاستیان لەپێش داناوە و شۆفار دووزمانیان کردووە. لەڕاستیدا ئەوە یەکەمین جامی ژاربوو کە ڕێبەری ئیسلامیستەکانی ئێران هەڵیلووشی.

## پێکهاتنی هەینەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد

وا باشە ئاوڕیک بدەینەوە بۆسەر جموجۆڵەکانی پێشوو کە لەناو هێزە سیاسیەکانی کورددا دامەزرابوو، بەڵام سەری نەگرتبوو.

کاتێک بنکە و بارەگای بەڕێوەبەری حیزب و ڕیکخراوە سیاسیەکانی کورد جووڵەیان پێ کرا و گەیشتنە سەرشاخ و کێوەکانی کوردستان، لەو سەردەمەدا پێگەی هێزە سیاسیەکانی وەک یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی شیوعی عیراق و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان بەڕیبەرایەتی دوکتور مەحمود عوسمان و کاک ڕەسووڵ مامەند لەناوچەی تووژەڵ جێگیر ببوون.

ئەوەش لەخۆیدا ڕاکێشەر بوو بۆ هێزەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەو شوێنانە بەتایبەت بۆ کۆمەڵە کەپەیوەندی چڕوپڕ و هەمەلایەنەی لەگەڵ یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان دا هەبوو، کۆمەڵە زۆر زوو لەوێ دابەزی و حیزبی دیمۆکراتیش بەتایبەت مامە غەنی بلووریان چەند ڕۆژێک لەو بەشە گیرساوە. دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەددینیش سەرەتا هەرلەو جێیە نیشتەجێ بوو.

## دانیشتنی یەکەمی توژەڵ:

کۆمیتەی ناوەندی حیزب گوێزراوە بۆ ئاشی پشکاوێ. ئەو وەختە من وەک ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی حیزب، بەرپرسیارێتی پەیوەندیە گشتییەکانی حیزب و بەڕیوەبردنی دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندیم پێ سپێردرابوو و بۆ گشت چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ سکرێتێری یەکەمی حیزب دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو هاوڕێییم دەکرد. ڕۆژێک پەیامێکمان

لەلایەن بەڕێوەبەری کۆمەڵە و دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەددین بەدەست گەیشت. لەو پەیامەدا داوایان کردبوو کە دانووستاندن و هەڵسەنگاندن بکەین بۆ ڕێکخستنی پاراستنی سەربازی هاوبەش دژ بە پەلامارەکانی دەوڵەت. زیندوویاد دوکتور قاسملوو لەگەڵ پێشوازیکردن لەو بیرۆکە، ئەرکی بەشداریکردنی پێ سپاردم.

یەکەمین کۆبوونەوەمان لەدۆڵی تووژەڵە ناسراو بەدۆڵی ئەحزاب بەجێ گەیشت. کاک فاتێح شیخ الاسلامی کە ئەو وەختە دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەددینی بەڕێوە دەبرد وهەروەها کاک شوعەیب زەکەریایی وەک نوێنەری کۆمەڵە بەشداری چاوپێکەوتنەکە بوون. نوێنەری ڕێکخراوی چریکە فیدایەکانی گەلی ئێران لەو کۆبوونەوەدا بەشدار نەبوو، بەڵام هیچ مەبەستێکی تایبەتی هۆکاری ئەو ئامادەنەبوونە نەبوو، تازە شارەکان چۆل کرابوون، دۆخەکە شپرزە بوو ڕێکخراوەکان هێشتا لەشوێنێکی تایبەتدا جێگیر نەبووبوون. دەست نەدەگەیشتە هەمووکەس بۆ پەیوەندیگرتن. ئێمە بۆ نموونە چەند ڕۆژان پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی حێزب پچڕابوو.

لە پاش باسێکی چڕوپڕ لەسەر ڕەوشی پێکهاتوو لەئەنجامی شەڕی داسەپاوی دەوڵەتی ناوەندی بۆسەر کوردستان، بەشداربووان باوەڕی تەواومان بەوە بوو کە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەبەرامبەر دەستدرێژییەکانی هێزی داگیرکەر و دژ بەشۆڕشی گەلانی ئێران، هاوبیریی و هاوکاریی لەکۆی بوارەکاندا پێویستە، بەدیاریکراویش لەبەشی ڕێکخستنی بەرخۆدان و بەرگریی سەربازی.

جەخت لەسەر ئەوە کرا کە پێکهاتەیەکی سەربازیی یەکگرتوو بەمەبەستی پاراستن لە دەسکەوتەکان، لەبەرژەوەندییەکان و لەگیان و ماڵی خەڵکی کوردستان ئەرکی حاشاهەڵنەگری هێزەکانی کوردستانە.

بڕیاردرا نوسراوێک ئامادەبکرێ بۆ واژۆکردنو ڕاگەیاندن وەک سەرەتای هاوکاری. کاک فاتێح ئەو هەنگاوەی خستەسەر شانی خۆی و ڕۆژی دوایی گەڕامەوە بۆ تووژەڵ و چاوم بەپێشنووسی ڕاگەیەندراوەکە کەوت. خاڵی بەهێزی ئەو مەتنە ئەوە بوو کەبزاڤی کورد ی وەک بزووتنەوەی بەرگری کوردستان - جنبش مقاومت کردستان- خویندنەوەی بۆ کرابوو. تییدا هاتبوو کە" ئەمپریالیزم و ئیسرائیل خەریکی ئاژاوەنانەوەن لەئێران و گەلی کوردیش لەو دەستێوەردانانە زیانی بەردەکەوێ."

من بەئاشنابوون بەسیاسەتی ڕێبەرایەتی حێزب، خۆم لەواژۆ کردن پاراست و بەرهەڵستکاری خۆم سەبارەت بەو بەشە لەمەتنی پێشنووسی ڕاگەیەندراوەکە دەربڕی و سەرەڕای ئەوە کە سکرێتێری حیزب و ئەندامانی دەفتەری سیاسی ئیختیاری تەواویان بۆ واژۆکردن بۆ من لەبەرچاو گرتبوو، گوتم ئەشێ ئەم مەتنە پێشکەشی هاوڕێیان و ئەندامانی بەڕێوەبەری حیزب

بکەم. کاتێک گەڕامەوە بۆلای دەفتەری سیاسی حیزب، دوکتورقاسملوو لە پاش خوێندنەوەی پێشنووسی ڕێککەوتنەکە گوتی باسی ئەمپریالیزم بەجێیە، بەڵام پێویست ناکا ئیسرائیل لە پەنای دابنێین لەبەرئەوە کە ئێمە پێمان وانییە کە ئەو دەوڵەتە دەوری هەیە لەشەڕی کوردستان، پێشنیازی حیزب ئەوەیە کە ناوی ئیسرائیل هەڵبگیرێت، ئینجا ئێمە واژۆی دەکەین.

ڕۆژێ سێهەم گەڕامەوە بۆ تووژەڵ و بۆچوونی دەفتەری سیاسیم پێ ڕاگەیاندن، کاک فاتێح و کاک شوعەیب هەڵوێستی ئێمەیان بەدڵ نەبوو و ئامادەش نەبوون دەستتێوەردانی مەتنەکە بکەن و ناوی ئیسرائیلی لێ دەربھاوێژن. باسەکانمان بێئەنجام ماوە و کۆبۆونەوەکان کۆتاییان پێهات و ئۆرگانی ستادی سەربازیی هاوبەشمان بۆ دانەمەزرا. دوایی بیستمانەوە کە ئەو لایەنانە بڵاویان کردبوویەوە کە ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لایەنگریمان لەسەهیۆنیزم کردووە و ئامادە نەبووین پشتگری لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی فەلەستین بکەین و داواکاری ئەوە بووین کەناوی یەکیەتی سۆڤیەت بگونجێنین لەڕاگەیاندراوەکەدا وەک دەوڵەتێک کە لەوانەیە یارمەتیدەری کورد بێ. هەمووی ئەو لێدوانانە بێ ڕێچکەبوون، بەدڵنیاییەوە هیچ باسێک لەبزووتنەوەی فەلەستین نەهاتۆتە گۆڕێ و هیچ پێشنیار و باسێکیشمان لەسەر یەکیەتی سۆڤیەت نەکردبوو. من وەک شایەتحاڵێک بۆ مێژوو لەسەر ئەو ڕاستیە مێژووییانە پێدادەگرم و ئێستاش لە پاش چڵ ساڵ هەڵوێستی حیزب فرە بەجێ و ئاقلمەندانە و بەرپرسیارانە ی دەزانم.

### کۆبوونەوەی دووهەمی تووژەڵ:

چەند ڕۆژ دوای ئەو چاوپێکەوتنە نەزۆکە، بەدەسپێشخەری مامۆستا شێخ عیزەددین و کاک غەنی بلووریان و بەمیوانداری مام جەلال تاڵەبانی کۆبوونەوەیەک لەناوخێوەتی مام جەلال کە دەفتەری کاری بوو، بۆ دانووستاندن لەناو هێزەکانی کوردستانی ئێران پێک هات. مەبەست ئەوە بوو کە یەکگرتوویەک پێک بێت لەناو ئەم هێزانە کەبەشداری بزووتنەوەی بەرگری چەکداریی کوردستان بوون. بەشداربووان جگە لەمیوانداران، بریتی بوون لە:

دوکتور قاسملوو،
کاک عەبدوڵڵا موهتەدی و کاک شوعەیبی زەکەریایی لەکۆمەڵە،
کاک فاتێح شیخ الاسلامی وەک دەفتەری مامۆستا،
بهزاد کریمی ناسراو بەرەفیق مەمەد و کاک مینەی شیخانی لەڕێکخراوی چریکەفیداییەکانی گەلی ئێران - لقی کوردستان،
کاک حەسەن ماوەڕانی و کاک مینەی چیرە،

نووسەری ئەو چەند دێڕەش (عەزیز ماملێ) و کەسی سێهەم لەحیزبی دیموکرات.

بەر لەوە کە باسی سەرەکی دەست پێ بکرێ، کاک عەبدوڵڵای موهتەدی داوای کرد کە: ئەو دوو برادەرە ناناسن و داوای ناساندنیان کرد، دیارە کاک عەبدوڵلا دەیناسین بەڵام بەلایەوە سەیر بوو کە لەگەڵ ئێمە دانیشتبوون. کاک حەسەنی ماوەڕانی و کاک مینەی چیرەخۆیان وەک" یەکیەتی لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان" ناساند، نوێنەری کۆمەڵە گوتی هەتا ئێستا ڕیکخراوی ئەوتۆیان نەبیستووە و نەناسیوە تائێستا لەکوردستان هیچ تێکۆشانیکی سیاسییان نەبووە، ئەگەر ئەندام یان لایەنگری حیزبێکی تایبەتین با باسی بکەن .

ماموستا شێخ عیزەددین نێوبژیوی کرد و ڕایگەیاند:

"ئەگەر ئێوە لەحیزبی توودە نزیکن ئێمە دەتوانین ماوەیەک بۆ ئێوە لەبەرچاوبگرین بۆ پەیوەندی گرتنتان لەگەڵ بەڕێوەبەری حیزب، ئەگەر ئەوان ڕازی بوون بۆ بەشداریکردن لەو شتە کە ئێمە خەریکین پێکی بێنین، ئێوە بەخێردێنە ناو و بەشدار دەبن. مامە غەنی، دوکتور قاسملوو و مام جەلالیش هەر ئەو پێشنیارەی ماموستایان پەسند کرد و دووپاتیان کردەوە و ماوەی دوو مانگیان بۆ لەبەرچاو گرتن بۆ پەیوەندی لەگەڵ ڕێبەرایەتی حیزبی توودە.

مامە غەنی دەستیکرد بەقسەکردن دژبە هێرشی دڕندانەی دەسەڵاتی ئێران بەسەر گەلی کوردو لەکۆتایی وتارەکەیدا باسی لەیەکگرتوویی و پێداویستییەک کرد لەئاستی کۆکردنەوەی هێزەکان بۆ ڕووبەرووبوونەوە لەگەڵ هێرشەکانی پاسدار و ئەرتەش. ماموستا و دوکتور قاسملوو و مام جەلال و بەشدارانی دیکەش لەو بەستێنەدا بۆچوونی خۆیان دەربڕی و وەک ئەرکێک بەراوردیان کرد.

برای بەڕێز کاک شوعەیب زەکەریایی کە بۆخۆی لەو کۆبوونەوەدا بەشداربوو لەم دواییانەدا لەلێدوانێکی ڤیدیۆییدا هەندێک ڕاگەیاندنی بڵاو کردۆتەوە کەبەداخەوە تێکەڵاوی تێدایە.

کاک شوعەیب لەپەراوێزی لێکدانەوەکانی لەسەر "هەوڵ و تەقەلـلا بۆ پێکهێنانی بەرەیەک"، باس لە" ئاکامی ئەو سیاسەتانەی کە حیزبی دیموکرات گرتوونەتی بەر "باسێکی دوورو درێژ بڵاو دەکاتەوە، لێرەدا بەپێویستی نازانم هیچ جوابێک ئاراستەی ئەو بەڕیزە بکەم، تەنیا ئەوەندە ئێژم کەئەمڕۆ ستایش کردن لەلایەک و بە شەیتانی کردنی ئەوانی تر هیچ یارمەتییەک بەپتەوکردنی ڕایەڵەکانی پەیوەندی لە باری سیاسی ناگەیەنێت و ئەم جۆرە لێدوانانە دەرفەتێک

ناکەنەوە بۆ بیرکردنەوەیەکی ئەرێنی و بێلایەنداری و شێوەی لێکدانەوە و جۆری هەڵسەنگاندن لەڕووداوەکانی ڕابردوو، شتێکی کە فرە پێویستە بۆ داوەرییەکی دادپەروەرانە.

پێشەکی دەبێ ڕونبێتەوە کە مەبەستی هیچ یەک لەدانیشتنەکانی نێوان هێزەکانی کورد پێکهێنانی بەرەنەبوو، کاک شوعەیب باس لەکۆبوونەوەیەک دەکا لەسەردەشت کەدەبێ لەدەفتەری حیزبی دیمۆکرات وەدی هاتبێ. ناچمە ناو ناوەرۆکی ئەو "کۆبوونەوە" کەدەبێ دوکتور قاسملوو و مامۆستا عەبدوللە حەسەنزادە و من بەشداری بوویبێتین، هەروەها "ڕێکخراوی موجاهدینی بانە کەدوایی بوو بەخەبات". پێویستە بەدڵنیاییەوە ڕابگەیەنم کەهیچکاتێک چاوپێکەوتنێکی ئەوتۆ ڕووی نەداوە، حیزبی دیمۆکرات لەو سەردەمەدا هیچ دەفتەرێکی تەشکیلاتی لەشاری سەردەشت دانەمەزراند بوو، مامۆستا حەسەنزادە پێی ڕاگەیاندم کەهیچکاتێک لەکوردستان چاوی بەکاک شوعەیب نەکەوتووە، منیش بەهیچ شێوەیەک دانیشتنێکی لەو چەشنەم وەبیرنایە، هیچکاتێکیش لەگەڵ ڕێکخراوی خەبات چاوپێکەوتنم نەبوو، هەروەها لەگەڵ کاک حوسێن مرادبیگیش (حەمەسوور).

کاک شوعەیب باس لەکۆبوونەوەی ناوخێوەتی مام جەلالیش دەکا کە ئەویش کەم و کووڕ پێوە دیارە و گێڕاوەکان بەجێگە نیین، ڕووداوەکان بەو شیوەیە بەڕێوەچوون کە لەسەروە باسمان لێوە کردوون.

سەبارەت بەدامەزراندنی ستادی هاوبەش، هەندێک بابەتی خستۆتەژێر لێکۆڵینەوە وبڕیک باسی تری هێناوەتە گۆڕێ وەک ئەوە کە لەچاوپێکەوتنەکاندا حیزبی دیمۆکرات داواکار و پێداگریی ئەوە بووە کە حێزبی توودەی ئێران بەشداری لەو بەرەدا بکا، ئەو لێدوانە لەجێی خۆیدا نییە، بەم هۆیانە:

١- نەک هەر لەو سەروبەندە بەڵکوو هیچکاتێک لەپاش گەڕانەوەی ڕێبەرایەتی حیزبی دیمۆکرات بۆ وڵات کەمترین نێوان و پەیوەندی لەگەڵ حیزبی توودەدا دانەمەزرا، دوکتور قاسملو و کیانووری کێشەی کۆنی شەخسییان هەبوو.

٢- جیاوازی ئیدەئۆلۆژیک و دووربوون لەهەڵوێستی سیاسی و ستراتێژیک لەسەرسۆسیالیزم و بەدڵنیایی لەسەر کۆماری ئیسلامی، ڕوانگەکانی ئەو دوو حێزبە بەتەواوی لەگەڵ یەک نامۆ بوون.

٣- حیزبی توودە لەمێژنەبوو ڕێکخراوی نیزامی خۆی هەڵوەشاندبوویەوە، نەدەکرا سەر لەنوێ ڕوو لەکردەوەی سەربازی بکاتەوە، ئەویش بەرامبەر بەرژیمی کۆماری ئیسلامی کە هەمووکاتێک بەشان و باڵی هەڵدەگوت و وەک دەوڵەتی

دژبەئەمپریالیزم دەسرەی بۆ هەڵبەستبوو.

٤- حیزبی توودە بەهیچ شوەیەک ئامادە نەبوو بیر لەبەشداری لەپلاتفۆرمێکی ئەوتۆ بکاتەوە، ئەگەر نیازێکی لەو شێوەشی هەبایە زۆر ڕوون بوو کە هیچیەک لەبەشدار بووان ئامادە نەدەبوون ئەندامێتی و هاوڕێیەتی بکەن.

لەوکۆبوونەوەدا بەشداربووان نەپرژانە سەر ئەوە کە بەرنامە و نەخشەڕیگایەکی هاوبەش ئامادە بکەن و بەبێ هیچ ئەنجامێکی کۆنکرێت دوایی هات.

## چاوپێکەوتنەکانی دوایی:

پێشمەرگەکان بوێرانەو قارەمانانە سەرکەوتنیان بەدەست دەهێنا، گشت ڕۆژێ لەڕۆژنامە و میدیاکانی ئێران و جیهان باس لەلاوازی پاسدار و ئەرتەشی ئێران دەکرا و بەدەستەوەگرتنی بنکەکانیان بەدەستی پێشمەرگە. هەندێک دەنگۆی وتووێژ لەئارادا بوون. شەوێک رادیۆی مونت کارلۆ بەشی عەرەبی قسەی ئایەتوللا شەریعەتمەداری بڵاو کردەوە کە پێشنیاری ناوبژیوی دابوو لەنێوان کوردەکان و دەوڵەت. دوکتور قاسملوو داوای لەمن کرد کەسەفەری تاران بکەم بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ میدیاکان بەتایبەت ڕۆژنامەکان. لەتاران بەیارمەتی زیندوویاد دوکتورشەرەفکەندی کە ئەوکات وەک ئەندامی حیزب ئاشکرانە بوبوو جموجۆڵێکی ڕاگەیاندنمان وەگەرخست و ڕامانگەیاند کە ئێمە وەک حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ئامادەین بۆ وتوویژ و دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەری سیاسی. لەگەڵ زیندوویاد جەنابی صارمخان صادق وزیری چاوپێکەوتنێکی دووجارەمان بوو. هەندێک دیداری دیکەش ڕوویدا لەگەڵ چەند کەسایەتی کوردی باشوور و ڕۆژهەلاتی کوردستان کە بەپێویستی نازانم لێرەدا باسیان لێوە بکەم.

شەوێک دەوری کاتژمێری دە، پێشمەرگەیەکی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان نامەیەکی لەزیندوویاد مام جەلال تاڵەبانی گەیاندە دەفتەری سیاسی کە بۆ دوکتور قاسملووی ناردبوو. نووسیبووی "ئەوشۆ داریوش فروهر لێرەیە لەگوندی بنوخەڵەف، پێمخۆشە ئێوەش وەک حیزبی دیمۆکرات بێن لە وتووێژدا بەشداری بکەن". دوکتور قاسملوو گوتی دەستی مام جەلال خۆش بێ، بەڵام زۆر سەیرە کە نە مامۆستا نە کۆمەڵە هیچ باسیکیان لەگەڵ ئێمە نەکردووە. بەگوێرەی نووسراوەی مام جەلال، فروهر ڕۆژی دوایی دەگەڕایەوە بۆ تاران. هەم هەڵوێستی کۆمەڵەمان لەدڵ گران هات و هەم هی مامۆستا و دەفتەرەکەی.

کاک شوعەیب هیچ باسێکی لەو هەڵوێستەی کۆمەڵەی نەکردووە کە مەبەستی لەپەراوێزخستنی حیزبی دیمۆکرات بوو.

دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات بڕیاری دا پلێنۆمیک بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی تایبەت بە وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت ببەستێ. شەوێکی سەرەتای مانگی گەلاڕێزان کۆبوونەوەی حێزب بەبەشداری نوێنەرانی هەموو بەشەکانی ناوچەکان وەدی هات و تا بەری بەیانی درێژەی بوو.

**لێکەوتەی بیروڕاکانی نوێنەرانی بەشدار لەچوار خاڵدا کۆ دەبوونەوە:**

١- حیزبی دیمۆکرات پێشوازی لە وتووێژ دەکا لەبەرئەوە کە لەسەر ئەو بڕوایەیە کە پرسی کورد دەبێ لەڕێگەی سیاسی چارەسەر ببێت.

٢- حیزبی دیمۆکرات پێی وایە کە پێویستە هێزەکانی کورد لەدەوری ئۆرگانێک یان دەستەیەکی یەکگرتوو کۆ ببنەوە بۆ بەڕێوەبردنی وتووێژەکانی لەگەڵ دەوڵەت. لەبەر ئەوە کە باری قورس و بەرپرسیارەتی سەرەکی لەشەڕەکاندا لەسەرشانی حیزبی دیمۆکرات بووە دەبێ سەرۆکایەتی و ڕیبەرایەتی دەستەی نوێنەرایەتی بەدەستەوە بگرێ.

٣- دەبێ ڕاگرتنی دوو لایەنەی شەڕ لەلایەن دەوڵەت و هێزەکانی کورد ڕاگەیەندرێ.

٤- ئەشێ پاسدارەکان لەکوردستان وەدەرکەون.

باسی کۆتاییهێنان بەشەڕ و دەستپێکردنی وتووێژی سیاسی ببوو بەنەقڵ و نوقڵی ناو کۆڕوکۆبوونەوەی شارەکانی کوردستان، لەمەهاباد ئەو دۆخە بەڕوونی هەستی پێ دەکرا و لەڕاستیدا ڕسکانی پێکهاتەیەکی نوێنەرایەتی لەهێزەکانی کوردستان وەک پێداویستییەکی سەرەکی ڕۆژ لەبەرامبەر ڕیکخراوە سیاسییە کوردییەکان ڕاوەستابوو، خەڵکی کوردستان هاندەری بەهێزی ئەم هەستە بوون.

هیچ کۆڕوکۆبوونەوەیەکی دیکە لەپاش دانیشتنی ناوخێوەتەکەی مام جەلال تاڵەبانی نەهاتبوویە ئاراوە. ڕۆژێک مامۆستا شێخ عیزەددین و کاک فاتێح شیخ الاسلامی و کاک ئەحمەدی ئەسکەندەری هاتن بۆ بنکەی حیزبی دیمۆکرات لەئاشی پشکاوێ. لەچاوپێکەوتنەکەدا دوکتور قاسملوو، مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە و من بەشدار بووین. مامۆستا شێخ عیزەددین دەستی بەقسەکرد و گرنگیدان بەوتووێژ لەگەڵ دەوڵەت و پێکهێنانی دەستەیەکی نوێنەرایەتی لەنێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کورد. دوکتور قاسملوو پێشوازی کرد لەو دیدارە و ئاگاداری دا کە هەر بەوبۆنەوە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکرات پلێنۆمیکی تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە بەستراوە و پێداگری کراوە لەبایەخدانان بە مژاری وتووێژ. جەختیشی لەوە کردەوە کە بەپێی بڕیارەکانی پلێنۆم سەرۆکایەتی دەستەی نوێنەرایەتی دەبێ بۆ حێزبی دیمۆکرات لەبەرچاو

بگیرێ. هەروەها باسی ئەوەی کرد کە کاک فاتیح و کاک ئەحمەد لەڕوانگەی حیزبەوە ئەندامی کۆمەڵەن و لەودانیشتنەدا لەگەڵ مامۆستا و کۆمەڵەدا چاوپێکەوتن هەیە. لەو چاوپێکەوتنەشدا نوێنەری ڕێکخراوی چریکەفیداییەکانی گەلی ئیران - لقی کوردستان ئامادە نەبوو، هۆکارەکەی ڕوون نەبوو!

چاوپێکەوتنەکان بەردەوام بوون و پێویستە ئاماژە بەخۆپێوە ماندووکردنەکانی مامۆستا شێخ عیزەددین بکەم و پێداگرتنەکانیان بۆ نزیککردنەوەی هێزەکانی کورد لەدەوری یەکتر بۆ ڕێکخستنی یەکیەتی. ماوەی چەند ڕۆژان جەنابی مامۆستا لەبنکەکەی خۆیان لەگوندی شێنێ بەتێپەڕکردنی هەورازێکی چڕو مەترسیدار(لەگەڕانەوەدا))، لەگەڵ کاک ئەحمەدی ئەسکەندەری سەردانی ماڵی دەفتەری سیاسی حیزبیان دەکرد لەئاشی پشکاوێ و پێداگریان دەکرد بۆ لێکتێگەیشتن و پێکهاتنی هێزەکان بۆ دامەزراندنی دەستەی نوێنەرایەتی. هەموو کاتێک باسیان لەیەکیەتی وەک مەرجی سەرەکی سەرکەوتنی بزووتنەوەی کورد دەکرد. بەڵام حیزب و کۆمەڵە لەسەرهەڵوێستی خۆیان سوور و بەردەوام بوون.

## بڕیاری یەکلاییکەرەوە

لەشارەکانی کوردستان بەتایبەت لەمەهاباد، خەڵک زۆرچاوەڕێی ڕاگەیاندنی دەستەیەکی نوێنەرایەتی کورد بوون و پەرێشان بوون لە وەدرەنگ خستنی. کۆڕوکۆمەڵ دەگیرا بۆ هاندانی هێزەکانی کورد بۆ یەکگرتن.

ئێوارەیەک سێ کەس وەژووری ئێمە کەوتن لە پشکاوێ. ئەوکات دوکتور قاسملوو میوانداری کریس کوچێرا نووسەر و ڕۆژنامەوان و وێنەهەڵگری بەناوبانگی فەڕەنسی دەکرد کە تازە گەیشتبوونە بنکەی حیزب. ئەو ژن و پیاوە بەهەستە لەوەختێکی لەباردا گەیشتبوونە کوردستان و لەگەڵ گشت پێکهاتە سیاسییەکانی بەشەکانی کوردستان کە لەو ناوچەیە بوون دیداریان دەکرد.

**ئەو سێ کەسە بریتی بوون لە:**

**کاک ئەبووبەکر حەسەنزادە،**

**کاک محەممەد ئاریایی،**

**دوکتۆر محەممەد قەسیمی سەوجەیی**

**کاک ئەبووبەکری حەسەنزادە هەڵی دایە قسەکردن و گوتی:**

"ئێمە نوێنەری خەڵکی مەهابادین و هاتووین پێتان ڕابگەیەنین کەخەڵک گەلێک ناڕازین لەو کەمتەرخەمییەی هێزە کوردییەکان سەبارەت بەدامەزرانی دەستەی نوێنەرایەتی بۆ وتووێژ لەگەڵ دەوڵەت و چاوەڕێ و داواکاری ئەوەن کەهەرچی زووترهەنگاوی بەکەڵک بۆ ئەو پرسە گرنگە هەڵبگرن. مامۆستا عەبدوڵلە حەسەنزادە و من دانیشتبووین و سەید ڕەسووڵی بابی گەورەش یادی بەخێر بێ کە لەبۆمبارانادا بریندار ببوو لەوێ بوو. جوابی مامۆستا و من هەر ئەوە بوو کەپێشتر دوکتور قاسملوو ئاراستەی مامۆستا شێخ عیزەددینیان کردبوو، پیمان داگرت لەسەر بڕیارەکانی پلێنۆم و زەقکردنەوەی ئەو خاڵە کە ئەشێ ڕیبەرایەتی دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بسەلمێندرێ. ئەوان گوتیان کەپێشنیارێکیان لەلایەن خەڵکەوە هێناوە:

"مامۆستا شێخ عیزەددینی حوسێنی سەرۆکی هەیئەت بێت، حیزبی دیمۆکرات وتەبێژ، کۆمەڵە و ڕیکخراوی چریکەفیداییەکان وەک ئەندام بەشدار بن. ئێمە بەوەش ڕازی نەبووین و بەپێچەوانەی قەراری دەرکراو لەکۆبوونەوەی بەرینی ناو مزگەوتی دۆڵەتوومان هەڵدەسەنگاند. هەتا مەلابانگدانان قسەکردنەکانمان درێژەی هەبوو و بەبێ هیچ ئاکامێک کۆتایی پێ هات. ئەو برادەرانە چەند کاتژمێرێک کەلای ئێمە چاویان گەرم کرد و بەیانی بۆ خواردنی بەرچا دوکتور قاسملوو هەروەک پێشتر ئاگاداری کردبووین کەپێی خۆش بوو چاوی بەو شاندە بکەوێ هات بۆ لامان. پێشنیارەکانی خۆیان دووپات کردەوە و سکرێتێری حیزبی دیمۆکرات خێرا و بەبێ هیچ باسوخواسێک گوتی ئێمە ئامادەین لەسەر ئەوە ڕێک بکەوین، من واقێکم بردەوە بەرخۆم و چاوێکم لەمامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە کرد و لەسەر کوتە کاغەزێک بۆم نووسی:

ئێمە تەواوی شەوی ڕابردوو پاراستنی بڕیارەکانی دەرچووی پلێنۆمی حیزبمان کرد کەچێ ڕیسەکەمان بوو بە خوری، باشە ئەدی چی وەڵامی نوێنەرانی حیزب لەپلێنۆم بدەینەوە؟ مامۆستا لەژێر نووسراوەکەم جوابی دامەوە:

"وەڵلا کاکە ئەمنیش سەرم سوڕماوە"

دیارە ئێمە بۆ ڕێزگرتن لەسکرتێری حیزب و بیرکردنەوە لەوە کە بێگومان حیکمەتێک لەو هەڵوێستەی دوکتور قاسملوودا هەیە هیچمان نەگوت و بەوجۆرە پێشنیارەکەی "نوێنەرانی خەڵکی مەهاباد" هاتە پەژراندن و هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد دامەزرا. داوا لەو سێ برادەرە کرا کە ئەو باسە ئاشکرا نەکرێ و جاری بەنهێنی بمێنێتەوە، کەچی موهەندیس ئاریایی لەچوارچرای شاری مەهاباد لەپشت میکرۆفۆن باسی لێ کردبوو. لەو سێ کەسە کاک ئەبووبەکری حەسەنزادە دۆستی نزیکی

مامۆستا شێخ عیزەددین بوو، دوو کەسەکەی تر لەکۆنگرەی چواری حیزبی دیمۆکرات، کە لە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٨دا بەڕێوەچوو پالێوراوی ئەندامێتی بەڕێوەبەری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئێران بوون لەگۆنگرەی چوار و ڕایانگەیاند کە ئەندامەتییان لەناو حیزبدا دەگەڕێتەوە بۆ چەندین ساڵ لەوەوبەر.

من سەرەتا لەو هەلوێستە خێرایەی سکرتێری حیزب دڵهێشاو بووم بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو کە بۆم دەرکەوت کە دوکتور قاسملوو هەستی کردبوو بەچەن خاڵی گرنگ:

١- لەوتوویژ لەگەڵ دەوڵەت سوور بوو.

٢- هەستی بەمەترسی جیددی کرد بوو لەناکۆکی ناو ڕیزەکانی کورد و پێی وابوو کە دەبوو بەهەرشێوە و ڕیکارێک بێت بەری بگیرێ و کۆتایی بەدووبەرەکی بهێندرێت.

٣- لەناو حێزبی دیمۆکراتدا یەکیەتی بۆچوون و لێکدانەوە سەبارەت بەماهییەتی دەسەڵاتی ئێران لەئارادا نەبوو، دوکتور قاسملوو پێی وابوو کە کۆمەڵە و ڕێکخراوی چریکە فیداییەکان لەبەرەی سەرهەڵدانی کوردستاندا جێیان گرتووە و دەبێ بپارێزرین. لەپاش چل ساڵ بەسەر تێپەڕینی ئەو هەوڵانە بۆ یەکگرتوویی ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگری مێژوویی دەکەوێتەوە بەرچاو: هەڵوێستە لێبڕاوانەکەی نەمر دوکتور قاسملوو گەلێک لێزانانە، لێهاتووانە و ئاقلمەندانە بوو.

ڕێککەوتن بۆ پێکهاتنی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد دەری خست کەلێدوانەکان لەسەر حیزبی دیمۆکرات بەدیاریکراویش شەخسی دوکتور قاسملوو و تاوانبار کردنی بەوە کەنیازی هێنانی حیزبی توودەی بووە بۆ ناو دەستەی نوێنەرایەتی لەگەڵ ڕاستییەکان یەکیان نەدەگرتەوە. دوکتور قاسملوو دەری خست کەچەندە بوێرانە هەستی بەبەرپرسیارێتی کرد لەو سەردەمە ناسکەی کەکوردستان پێیدا تێپەڕ دەبوو، بۆ چاکەی گشتی و بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی بزووتنەوەی کورد تەنانەت بڕیارەکانی حیزبیشی لەپەراوێز خست.

بەڕاستی هەوڵ و تێکۆشانی مامۆستا شێخ عیزەددین و دوکتورقاسملوو نەبا، یەکگرتوویی و نوێنەرایەتی و یەکریزی لەناو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورددا پێک نەدەهات و دیارنەبوو ئێمە تووشی چ شلەژاوی و گێرەشێوێنی و گیروگرفتێک دەبووین.

من ئەو وەختە گەڕابوومەوە بۆ مەهاباد، خەبەرمان پێ گەیشت کەهەیئەتی تایبەتی نوێنەرایەتی دەوڵەت گەیشتۆتە

وێندەرێ. شەوێک لەگەڵ مامۆستا هێمن، کاک غەنی بلووریان و کاک کەریم حیسامی بڕیارمان دا بچین بۆ بەخێرهاتنیان، تەنێ بۆ بەخێرهاتن، کەچی لەوێ تووشی باسوخواس بووین.

هەر کە وەژوور کەوتین لەشوێنی نیشتەجێبوونیان لەدەفتەری بەندی (سەد) سابڵاغ، دیتمان فروهر و سحابی و صباغیان دانیشتوون و هەندێک تویێلگرژ و نێوچاوانترش بوون. مامە غەنی بەخێرهاتنی کردن. ئەو ئاشنایی کۆنی لەگەڵ عزت اڵلە سحابی و فروهر هەبوو و لەگرتووخانەی تاران هاوبەند ببوون.

لەیادداشتەکانی کە لەو کۆبوونەوەم هەڵگرتوون و ئێستاش لەبەردەستمدان، قسەکانی فروهر و مامە غەنیم نووسیونەتەوە.

فروهر دەستی بەقسە کرد و لە پاش ئاماژە بە ستەمی گەلی کورد گوتی: "لەناو ئێراندا پیلانگێڕی هەیە و پێشەکی لەکوردستان هاتۆتە ئاراوە، عیراق دەستێوەردان دەکا لەخوزستان ..."

مامە غەنی زۆر هێمنانە گوتی: "ئێمە ئێرانین، لەچاوپێکەوتن لەگەڵ ئیمام و دەوڵەت باسی ڕووداوەکانمان کردووە..."

کاک کەریمی حیسامیش چەند وشەیەکی هەر لەو بوارەدا ئاراستەیان کرد. من نەمدەویست بەشداری بکەم لەقسەکان بەڵام کاتێک دیتم مامە غەنی و کاک کەریم بەبێ لەبەرچاو گرتنی مەبەستی دیدارەکەمان، بەبێ ئەوە کە لەلایەن ڕێبەرایەتی حیزب داوایان لێ کردبین و بەتایبەت لەبەر نەرمیی لێدوانەکانیان و گرنگتر لەوانەش بەهۆی ئەوە کە لەبابەتی بەخێرهاتنەکە لایان دا، هەڵمدایە و گوتم کە ئێمە نەهاتووین بۆ وتوویژ، تەنیا بەپێی ڕێسای کوردەواری کە ڕێز دەگرن لەمیوان، هاتووین بەخێرهاتنتان بکەین بۆ شاری مەهاباد و بەتایبەت بۆ وتوویژ و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ پرسی کورد. ئێمە مەرجی خۆمان هەیە بۆ دەسپێکی وتوویژەکان و یەک لەوانە گەڕاندنەوەی پاسدارەکانە و لابردنیان لە کوردستان و گەڵاڵەیەکیشمان هەیە بۆ خودموختاری.

صباغیان ڕووی تێکردم وپرسی: گەڵاڵەکەتان چیە؟ گوتم لەهەشت خاڵدا خۆی دەگرێتەوە:

١- مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بەشێوەی خودموختاری لە لایەن حکوومەت دەبێ ڕابگەیەندرێن و لەدەستووری (یاسای بنەڕەتی) ئێراندا بگونجێن.

٢- چوار پارێزگای کورد وەک ئیلام، کرماشان، کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژاوا لەناوچەی خودموختار جێ بگرن.

٣- مەجلیسی میللی کوردستان بەرزترین ئۆرگانی کوردستانە و...

لێرەدا صباغیان قسەکانی بڕیم و ئاگری لەدەم باری و بەتووڕەیی گوتی:

مەجلیسی میللیمان نییە و قسەی وا قبووڵ ناکەین.

گوتم ئێوە هاتوون بۆ وتوویژ، لەلایەن ئیمام خومەینی ئەو ئەرکەتان پێ سپێردراوە، کاتیک باسی وتوویژ دەکەن یانی دانیشتن لەگەڵ یەک و بەراوردکردنی داخوازیەکان و هەڵسەنگاندنیان، من پێم وتن کە ئێمە ئەوڕۆ تەنیا هاتووین چاوپێکەوتنێکی دۆستانەمان لەگەڵ ئێوە ببێت، دیدارەکامان بەو قسانە کۆتایی پێهات.

لە پاش ڕاگەیاندنی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد، لەلایەن کۆی خەڵکی کوردستان دەنگی شادی بەرز بوویەوە و پێشوازی تەواوی لێکرا. ئەندامانی هەیئەت ئۆرگانێکیان بەناوی دەبیرخانە دامەزراند کەکاروبار و هە ڵوێست و هەڵسووڕاندن و ڕێکخستن وئامادەکاریی بەدەستەوە گرت، کۆبوونەوەی پێک دێنا، بەیانیەی دەردەکرد و ڕاگەیاندنی بڵاو دەکردەوە، شوێنی چاوپێکەوتنی خەڵکیش بوو، لەدەفتەری بەنداوی (سەد) مەهاباد و فەرمانداری ئەو شارە کاروبارەکانی بەڕێوەدەبرد. ئەو کەسانەی کە لەو دەبیرخانەیەدا بەشدار بوون بریتی بوون لە:

کاک فاتێح شیخ الاسلامی لەدەفتەری مامۆستا شێخ عیزەددین، عەزیز ماملێ لەحیزبی دیمۆکرات، دوکتور جەعفەری شەفیعی لەکۆمەڵە و کاک حەمەدەمینی شیخانی نوێنەری ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران - لقی کوردستان. کۆمەڵێک ئەرکی بەرچاو لەکارنامەی دەبیرخانەدا تۆمار کراوە، چەند بەیانیە و ڕاگەیاندراو کەپەیوەست بوو بەڕووداو و پرسەگرنگەکانی ئەو سەروبەندە. یەک لەوانە لەڕۆژی ٤ی سەرماوەز بڵاو کرایەوە. لەو بەیانیەدا داوای خۆپیشاندانێک لەخەڵکی کوردستان بۆ پشتگری لەداخوازییەکانی گەلی کورد کرابوو بۆ پاڵپشتی لەو پێکهاتەیە لەڕۆژی ٦ی سەرماوەزی ١٣٥٨، هەر لەو بیانیەدا گەلاڵەیەکی خودموختاری لەهەشت خاڵدا بڵاو کرایەوە و هەرچوار لایەنی بەشدار لەشاندەکەدا واژۆیان کردووە. لەو ڕۆژەدا جەماوەری بەرفراوانی خەڵکی کوردستان لەهەموو گوند و شارەکان لە ڕێپێوانگەلی شکۆداردا پەیوەندی خۆیان لەگەڵ هێزە سیاسیەکان و کەسایەتییە خۆشەویستەکانی کورد دووپات کردەوە و پاڵپشتییان لەداخوازییەکانی گەلی کورد و لەهەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد دەربڕی و بەکردەوە ڕایانگەیاند کەئەو دامەزراوە سیاسییە بەتەنیا نوێنەری خۆیان دەناسن بۆ دانووستاندنەکان لەگەڵ دەوڵەت. ئەو پشتگرییە لەڕاستیدا بەڵگەی متمانە و اعتبارنامە بوو بۆ دەستەی نوێنەرایەتی کورد.

دەبیرخـانەی هەیئەتـی نـوێنەرایەتی گەلـی کـورد لەسـەرچەند پرسـی گرنـگ ئاگـاداری و بەیـانیەی بڵاوکـردەوە وەک بەشداربنەکردن لەرێفراندۆم بـۆ دەسـتووری داهـاتووی ئێـران لەڕۆژەکـانی ١١ و ١٢ی سـەرماوەزی ١٣٥٨، پشـتیوانی کـردن لە پـاڵێوراویی مسعود رجـوی بـۆ سـەرکۆماری ئێـران، هەروەهـا لەسـەر ڕەوتـی وتووێژەکـان دەبیرخـانە خەڵکی کوردسـتانی لەهەڵسووکەوت و کردەوەکانی هەیئەتی کورد ئاگادار دەکردەوە. لەسەریەک ١٥ ڕاگەیەندرا و و بەیانیە لەلایەن دەبیرخـانەی هەیئەتی کورد بڵاو کرانەوە، هەروەها لەگەڵ بولتە ن یان خەبەرنامەیەکیش.

## تاکە وتووێژەکە

پێویستە باس لەوە بکەین کەپێشتر ئەندامانی هەیئەتی تایبەتی دەوڵەت بۆ پرسی کوردستان چەندجار ڕایانگەیاندبوو کە لەگەڵ هیچ تاقم وحیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی دانووستاندن ناکەن. ئەو لێدوانانە بـوون بەهـۆی ئەوە کە حیزبـی دیمۆکرات داوای کۆبـوونەوەی سـەرۆکایەتی بکـا بەبەشـداری پێکهاتەکـانی هەیئەتـی نـوێنەرایەتی گەلـی کـورد. ئەوان لەو دیـدارەدا خوازیاری ئەوە بـوون کەبـۆ بڕوبیـانوو بەدەستەوەنەدان، بـا ئەنـدامانی هەیئەتـی کـورد وەک شەخسـی خۆیـان بناسـێنین نەک وەک نوێنەری پێکهاتەکان. پێشنیاری حیزب پەسند کرا و بڕیاری لەسەردرا.

کۆبوونەوەی فەرمی لەنێوان دوو هەیـئەت لەڕۆژی ٢٠ی سـەرمەوەزی ١٣٥٨ کـاتژمێری سێ و نیـوی پـاش نیـوەڕۆ لەفەرمـانداری مەهابـــاد دەســـتی پێکـــرد. ڕۆژێـــک بەر لەوە هەیئەتـــی کـــورد لەچـــاوپێکەوتنی نـــاوخۆیی دوایـــین لێکـــدانەوەکان و هەڵسەنگاندنەکانیان گۆڕیەوە و دۆخەکەیـان تـاوتوێ کرد.

سەرەتا داریوش فروهر سەرۆکی هەیئەتـی دەوڵەت خۆشحاڵی خۆی دەربـڕی لەپێکهـاتنی ئەو دانیشـتنە و گەشبینی خۆی بـۆ ئاکامەکانی وتووێژ ڕاگەیاند و ئەندامانی هەیئەتی دەوڵەتی ناسـاند. پاشـان مامۆسـتا شێخ عیـزەددین لەگەڵ بەخێرهـاتنی هەیئەتی دەوڵەت باسی لەوە کرد کە لەجیاتی چارەسەری پرسی کورد شەڕیان بەسەردا سەپاندین، خەڵکی کـورد خوازیـاری خودموختارییە لەنـاو ئێرانێکی دیمۆکراتیک. لەکۆتـایی قسەکانییدا، مامۆستا ڕایگەیـاند:

"کاتێـک وتـووێژ سـەرکەوتوو دەبـێ و دەگـاتە ئەنجـام کە لە کەشوهەوایەکی لێکتێگەیشـتندا بەڕێـوە بچـێ، ئـێمە پێشـتر و لەداهاتووشدا ئەوە ڕەچاو دەکەین، هیوادارم ئێوەش بە لێکتێگەیشتوویی و سازان، بەرسڤی ئاشتیخوازیی و نیازپاکی گەلی کورد بدەنەوە و دۆخێکی لەبار پێک بێت بۆ چارەسەری پرسی کوردستان کەئاواتی گشت ئازادیخوازانی ئێرانە.

**سەرۆکی هەیئەتی کورد یەک بەیەک بەشدارانی کوردی بەناو و بە پێکهاتە سیاسیەکانیان ناساند:**

**فاتێح شێخ الاسلامی، کەریم دانشیار لە دەفتەری من، ئەحمەد قازی ک دەیناسن، عەزیز ماملێ، غەنی بلووریان، دوکتور قاسملوو، عەبدوڵلا حەسەن زادە و کەریم حیسامی لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان. بێهروز سولەیمانی و محەمەد ئەمینی شێخانی و ئەنوەرسوڵتانی لەڕێکخراوی چریکە فیداییانی گەل - لقی کوردستان. یۆسف ئەردەلان، ئیبراهیم عەلیزادە، عەبدوڵلا موهتەدی و جەعفەر شەفیعی لەڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی زەحمەتکێشانی کوردستان (کۆمەڵە). ئەو ئاغایانە نوێنەری هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کوردن و لەلایەن خەڵکەوە پەسند کراون.**

**ناساندنی دەستەی نوێنەرایەتی کورد و ناوبردن لەڕێکخراوە سیاسسیەکانیان نارەزایی صباغیانی لێکەوتەوە و ڕایگەیاند:**

**"من هەروەک چەند جاران بەعەرزی ئێوەم گەیاندووە، پێشتر بە ئاغای دوکتور قاسملوو و ئاغای بلووریان و ئاغای قازیشم عەرز کردووە، من زۆر بەلامەوە سەیر بوو کەجەنابتان دیسان ناوی ئاغایان کە وەک چریکی فدائی خلق و کۆمەڵە لێرە ئامادەن دەهێنیە گۆڕێ. ئێمە پێشتریش ڕامانگەیاند کە ڕاسپێردراوین لەچوارچێوەی فەرمانی ئیمام لە ٢٦ی خەزەڵوەر مافەکانی خەڵکی کوردستان وەک بەشەکانی دیکەی خەڵکی ئێران دیاری و ڕێکوپێک بکەین(تدوین)، درووست نییە کە کەس بەناوی نوێنەری حیزبێکی تایبەتی وەک لایەنی وتووێژ وەربگیرێت ...**

**دوکتورقاسملوو وەک وتەبێژی هەیئەتی کورد لەپاش دەربڕینی خۆشحاڵی لەو دانیشتنە و ڕاگەیاندنی نیازپاکی تەواو لەلایەن هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد هیوای خواست کە ئەوانیش هەربەو هەستە لەدەوری مێزی وتووێژ دابنیشن. وتەبێژی هەیئەت گلەیی زۆری ئاراستەی هەیئەتی دەوڵەت کرد سەبارەت بە ڕیزنەگرتن لە ئاگربەست، بەهێز کردنی ئەرتەش لەهەندێک ناوچەی کوردستان، ڕاگەیاندنی تێکدەرانەی هەندێک لەبەرپرسان وەک منتظری، خلخالی و چمران وەزیری دیفاع و ئەندامی هەیئەتی تایبەتی دەوڵەت کە گەمە بەوتووێژ دەکا و ڕایگەیاندووە کە شەڕ دابگیرسێتەوە و دەبێ ئامادەکاری بۆ بکرێ، خۆگێلکردن لەداوای گۆڕینەوەی بەندکراوەکان. باسی لەوە کرد کە شەڕ لەکوردستان لەلایەن ئێمەوە نەخوازراو بوو و بەسەرماندا سەپا بەڵام پێمانوایە لە شح ڕێ براکوژیدا نە سەرکەوتوو هەیە نە داکەوتوو. ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە ئەگەر بەدڵپاکی گوێ شل بکرێ بۆ داواکارییەکانی ئێمە، داخوازییەکانمان لەچوارچێوەی پەیامی ئیمام خومەینی جێبەجێ دەبێ، هەر بۆیە ئێمە"لبیک" مان گوت بەو پەیامە. دوکتور قاسلموو بەتایبەت جوابێکی بەجێی ئاراستەی صباغیان کرد و گوتی:**

"بەپێی ئوسوول، هەر هەیئەتێکی نوێنەرایەتی بۆ خۆی ئەندامانی خۆی دیاری دەکا. ئەگەر لەلایەن هەیئەتی دەوڵەت گرفتێک هەیە سەبارەت بەوە کە نەتوانن لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکان دابنیشن، ئێمە وەک هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد بەشداری وتووێژ بووین و ئێوەش لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد دانووستاندن بکەن. ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان ڕامانگەیاندووە و دووپاتی دەکەینەوە کە وەک حیزبی دیمۆکراتی کوردستان (هیوادارین هەڤاڵانی دیکەش هەروەتر) بەرژەوەندییەکانی کورد لەسەرووی کۆی ئەو پێکهاتانە دابنێن.

کاتێک هەیئەتی تایبەتی دەولەت ئامادە بێ کە لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد وتووێژ بکا، چ حیزبی دیمۆکرات، چ ڕێکخراوی چریکهای فدائی خلق و چ کۆمەڵە لەناو هەیئەتی کورددا جێیان گرتووە ولەلایەن پڕانی خەڵکی کوردستان پێشوازی و پشتیوانی لێوە کراوە. من پێموایە کە کێشە ڕواڵەتییەکان نابێ ڕێگربن لەدرێژەپێدانی وتووێژەکان و دیسان دەگەڕێمەوە سەر وتەکانی جەنابی ئاغای فروهر کە فەرموویان هەرچی زووتر بچینە سەر ناوەرۆکی گوتوبێژەکان و لەڕاستیدا ئێمە زۆر چاوەڕێی ئەوەین کە هەیئەتی دەوڵەت ئەو گەلاڵەی کە ڕایگەیاندووە ڕادەستی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کوردی بکات. هیوادارین لەپاش چاوپێکەوتنی گەلاڵەی دەوڵەت و لێکدانەوەی، گرفتەوردەکان بەهاسانی چارەسەر بێ.. بەهیواین بەباش لێکتێگەیشتن بگەینە ئەنجام و ئاشتی و ئاسایش لەکوردستان دەستەبەر بێت".

**وەڵامی فروهر:**

"هەر بەمشێوەیە کە ئاغای قاسملوو فەرموویان، ناوەرۆکی ئەو شتە کە بەناوی مافی خەڵک دەسەلمێندرێ فرە گرنگە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە تێپەڕاندنی سیستەمی حوکمڕانی کە هەتا ئێستا یانی بەر لە شۆڕشی ئێران ڕسکاوە بۆ سیستەمێکی دیکە واتە هەڵگرتنی ئەم سیستەمە ناوەندییە و جێگیرکردنی بەسیستەمی لامەرکەزی دەتوانێ داخوازییەکانی خەڵکی ئێران لەهەر قەوم و لەهەر گۆشەیەکی ئێران دەستەبەر بکات و منیش لەگەڵیم کە ئەوە دیمۆکراسی و ئازادی کەسیی و کۆمەڵایەتیەکان دەبێ لەئێران..."

"...ئەو ئەزموونانەی کە ئاغای قاسملوو ئاماژەیان پێکرد دەریخستووە کەدەبێ چوارچێوەی کۆی وتووێژەکان ڕوون بێ و ببەسترێتەوە بەوە کە ئێمە لە چ هەلومەرجێکدا وتووێژ دەکەین؟ لەگەڵ چ هەیئەتێک؟ دیارە هەر بەوجۆرە کە گوتمان و دووپاتی دەکەینەوە کە ئاواتی دڵی تەواوەتی خەڵکی ئێران بەخەڵکی کوردستانەوە ئەوەیە کە وەک یەک هەیئەت بن و وەک تەواوکەری یەکترهەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ..."

"...بابەتێکی کە ئەوڕۆ هاتە گۆڕێ و دیسان لەو قەرارانە بوو کە لەسەری ساغ ببووینەوە و ڕیزی لێ نەگیرا لەلایەن هەیئەتی تایبەتی دەوڵەت بەلامانەوە زۆر گرنگە کە بریتییە لەپێکهاتەی ناو هەیئەتەکە کە دەبێتە لایەنی گوتوبێژ و ڕاوێژکاری، من لەبەر ئەوە کە هەست دەکەم کە لەدانیشتنێکی فەرمی ناگاتە ئامانج، بەئیجازەی جەنابی شێخ پشوودانێکی چەند خولەکی ڕادەگەیەنم و لەپاشان سەبارەت بەو شتە کە جەنابی صباغیان فەرموویان یانی ئەو پرسە کە قەراری پێشەکی لەسەر درابوو، من پێموایە پێویستی بەهەندێک وتوویژی خۆمانە هەیە بۆ جێبەجێبوونی."

دواهەمین بەشی وتوویژەکان بۆ کاتژمێری نۆونیوی ڕۆژی دوایی دیاری کرا، هەیئەتی کورد ئامادە بوو بەڵام هەیئەتی دەوڵەت بەپاساوی نەخۆشی سحابی بەشداری نەکرد و کەوتە دوای نیوەڕۆ و ئەویش لەلایەن هەیئەتی دەوڵەتەوە تێکچۆوە.

فروهر دوو ڕۆژ پاشان واتە ٢٢ی سەرماوەزی ١٣٥٨ چوو بۆ دیداری دوکتور قاسملوو لەشوێنی مانەوەی واتە لەماڵی کاک منتقم قازی و چاوپێکەوتنێکیان بەڕێوەبرد بەبێ ئەوە کە هیچ ئەنجامێکی لێ دەرکەوێ. پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە کۆپییەکی گەلاڵەی هەیئەتی دەوڵەت نێردرا بۆ دەبیرخانەی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد و هەیئەتی دەوڵەت کوردستانی بەجێهێشت.

شیاوی ئاماژەیە کە لەپاش سەرنەگرتنی گوتوبێژەکان، سەرباری ئەوە کە هەیئەتی دەوڵەت ئامادە نەبوو لەگەڵ کۆمەڵە و ڕێکخراوی چریکە فیداییەکان گوتوبێژ بکا، هەر ئەو ڕۆژە لەپاش تێکدانی دانووستاندنەکە لەفەرمانداری مەهاباد جیاجیا لەگەڵیان دادەنیشتن!!!

لێدوانە بەناوبانگەکەی خومەینی: "من نەمگوتبوو وتوویژ بکەن، وتم پێشتر گەمارۆیان بدەن" هیچ گومانێکی بۆ ئەوانەش نەهێشتەوە کە پێیانوابوو بەشێک لەدەسەڵاتی ئەو سەردەمەی ئێران لایەنداری چارەسەریی پرسی کوردستانە.

دەرکەوت کەمەبەست لەئەم گشتە هاتوهاوارە و پەیام و سەلامە بۆ چاوپێکەوتنێکی ٤٥ خولەکی چ بوو. هەر لەسەرەتاوە هەڵوێست و هەڵسوکەوت و لێدوانەکان و کردەوەکانی هەیئەتی دەوڵەت سەلمێنەری گەڵێک ڕاستی بوو، ئەندامانی هەیئەت دەریانخست کە بەنیازپاکی نەهاتبوون بۆ کوردستان، نەلە قۆم نە لەتاران، نە ڕووحانییەت و نە حکوومەت باوەڕیان بەڕێکخستنی ڕێکاری پێویست بۆ چارەسەری کێشەی کورد نەبوو، ئەندامانی "هەیئەتی تایبەتی دەوڵەت بۆ پرسی کورد" بەهاودەنگی وهاوبیری وهاوکاری تەواوەتی دەسەڵاتی ئێران گەمەیان بەکات کرد بۆ خۆتەیارکردنەوە و داگیرساندنەوەی شەڕیکی سەرانسەری دیکە.

**نیشانەکانی ڕەفتاری هەیئەت لەخۆیدا دیاریکەری وەخت تێپەڕکردن بوو:**

١- سەرەڕای ئەوە کە حکوومەتی کاتی و هەیئەتی دەوڵەت لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد ڕێک کەوتبوون لەسەر ئاگربەست و هەر دوولا ڕایانگەیاندبوو کە ڕێزی لێ دەگرن، بەکردەوە لەژێر پێیان نا و هەرگیز ڕەچاویان نەکرد، لەئاگاداری ژمارە ٤ی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورددا باس لەهێرشی باڵەفڕەکانی دەوڵەت دەکا بۆسەر سێ گوندی کورد لەنێوان ورمێ و سەلماس، هەروەها هاتوچۆ و ڕاگواستنی هێزی ئەرتەش لەسنە و سەقز و پاوە. دوکتور قاسملوو وتەبێژی دەستەی نوێنەرایەتی کورد لە قسە ڕێکوپێکەکانی لەدانیشتنە فەرمییەکەدا ناڕەزایەتی دەربڕی لە ڕێزنەگرتنی دەوڵەت لە ئاگربەست.

٢- ڕاگەیاندنی چەوت و ناڕەوا لەلایەن چمران کە بۆخۆی ئەندامی هەیئەتی دەوڵەت بوو، خلخاڵی و منتظری. وتەبێژی نوێنەرایەتی کورد ناڕەزامەندی دەربڕی بەرامبەر بەو وتە پڕوپووچانە.

٣- خۆدزینەوە و خۆشلوێ نەکردن بۆهیچییەک لەپرسە سەرەکیەکانی کوردستان بەتایبەت خوازیاریە سیاسییەکان.

٤- پەسند نەکردنی داوای دەستەی نوێنەرایەتی کورد بۆ گۆڕینەوەی بەندکراوەکان.

هەندێک باس لەوە دەکەن کە حکوومەتی کاتی و ئەندامانی هەیئەتی تایبەت بەکوردستان باوەڕیان بەدۆزینەوەی ڕێگاچارەسەرییەک بوو بۆ پرسی کوردستان، بەڵام بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو لێکدانەوانە جگە لەو خاڵانەی لەسەرەوە باسمان لێوە کرد ئاماژە بەلێدوانی دووکەس لە ئە ندامانی هەیئەتی دەوڵەت دەکەین:

**عزت الله سحابی لەوتوویژ لەگەڵ "چشم انداز ایران"، خاکەلێوەی ١٣٨٢ ڕادەگەیەنێت:**

"کاتێک لەکوردستان گەڕاینەوە بۆ تاران، لێکدانەوەکانم پێیانسەلماندم کەخەڵکی کوردستان داخوازییان هەیە، بەڵام جوداییخوازنین، لەگەڵ حکومەتی ناوەندین، ڕکابەری شۆڕش و شیعە نیین، بەڵام هێزە سیاسییەکان دۆخێکی وایان چێ کردووە کەمن ناوی فێئوودالیتەی (دەرەبەگایەتی) سیاسیم لەسەرداناوە." ل ٦٥

**لەشوێنێکی دیکەدا باس دەکا:**

"من ئەگەر بمهەوێ لەگەڵ خودموختاری کوردستان ڕیکبکەوم، وەک وەیە کە پێم بێژن ئەشێ دەستەکانت ببڕی، لێی دەگەڕێم دەستم ببڕن بۆ ئەوە کە واژۆی لەسەر نەکەم." ل ٦٦

**صباغیان بۆ خۆی پەنجە دەخاتەسەر ئەوە کە:**

"من وا بیر دەکەمەوە پرسەکانی کوردستان ڕەهەندی قووڵ و بەربڵاویان هەیە و توێژینەوەیەکی پسپۆرانە هەڵدەگرێ چ لەڕووی سیاسی و چ لەبواری کۆمەڵناسی. ئەگەر ئەو ئەرکەی ئێمەیان بەکوردێک سپاردبا، بەبڕوای من وردترو هەمەلایەنەتر هەڵسەنگاندنی دەکرد بۆ کێشەکانی کوردستان. بەڵام من یەکەمجار بوو کە ڕیگەم لەکوردستان کەوتبوو." ل ٥٠

**لەجوابی ئەو پرسیارە کە:**

"ئەو ڕێکخراوە کە ئێوە تێیدا بەشدار بوون، پێش سەرکەوتنی شۆڕش هیچ هەستیارییەکتان بەرامبەر بە پرسی کورد بووە؟ "

صباغیان وا بەرسڤ دەداتەوە:

"نا، نهچت یزادی ایران هیچ بەرنامە یان شرۆڤەیەکی ڕوونی لەسەر ناوچەی کوردستان نەبوو."

**لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێ:**

"لەپاش شۆڕش، گرژی و شڵەژاوی لەکوردستان ڕووی دا، کوردەکان هەندێک پرۆژەیان بوو، ئێمە دەمانگوت "خودگردانی" ئەوان باسیان لەخودموختاری دەکرد، ڕەوش خەریک بوو شپرزەتر دەبوو، چەمران چوو بۆ کوردستان. هێشتا سپای پاسداران دانەمەزرابوو و حکوومەتی ناوەندی هەستی بەوە کرد کە تەنگژەی کوردستان مەترسی دەخاتە سەر ڕیگای شۆڕش... یەکەم کەس کە سەفەری کوردستانی کرد دوکتور چمران بوو، لە سەروبەندی مانگی ڕەشەمە و خاکەلێوەی ٥٨، هەڵسەنگاندنی دۆخی ناوچەی کرد و گوتی کە دەبێ ڕێکاری شەری پارتیزانی بگرینە بەر." ل ٥١

چمران ئەندامی هەیئەتی دەوڵەت بوو، بەڵام صباغیان ئەوا لەسەری دەدوێ:

"چمران زۆر باوەڕی بەوتووێژ نەبووو، دەیگوت من چوومەتە ئەو ناوچەیە و دەیناسم ." ل ٥٣

صباغیان لەسەر ئەرکەکانی هەیئەت دەدوێ:

"لەگەڵ ئێمام ڕاوێژمان کرد و ئیجازەی وتووێژ لەگەڵ حیزبە سیاییەکانمان لێ وەرگرت." ل ٥٦

بەڵام دوایی ئەوەی لێ زیاد دەکا:

"مەرجی ئێمە لەدانیشتنی مەهاباد بەجێ نەگەیشت و تێکچوو." ل ٥٦

هەروەها سحابی لە هەڤپەیڤینێک لەگەڵ ئەم گۆڤارە دەڵێ:

"ئێمە بەئێختیاراتی تەواو و بە بودجەوە، سەفەری کوردستانمان کردبوو، لەهەمانکاتدا ئێمە ڕاسپاردەی وتووێژیش بووین. " ل ٦٩

پێش ئەوە سحابی ئاوا بڕوای خۆی بەچارەسەریی پرسی نەتەوەیی ئاشکرا دەکا:

"من لەشوورای ئینقلاب قسەم کرد لەسەر"ستم مچاعف" نەلەسەر پرسی زمان، بەڵکوو لەبەر دواکەوتوویی کوردستان کە بەڕاستی لەتەواوی ئێران دواکەوتووتر بوو. ل ٦٩

فروهر:

داریوش فروهر کە لەلایەن شەخسی خومەینی بۆ وتووێژ لەگەڵ کورد دیاری کرابوو دمڕاست و وتەبێژی هەیئەتی تایبەتی دەوڵەت بوو، زۆر خۆی دەنواند بۆ دەرخستنی ئەوە کە حەز ئەکا ڕێکارێک بدۆزێتەوە بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد. زۆر کەس لەنیازپاکی فروهر قسە دەکەن.

سحابی لەدرێژەی وتووێژەکانی لەگەڵ گۆڤاری ناوبراو نهێنییەک دەدرکێنیت:

"کەمێک بەرلەوە کە ئێمە دەسنیشان بکەن بۆ هەیئەتی تایبەت بەکوردستان، شەخسی ئیمام خومەینی لەدەرەوەی هەیئەتی دەوڵەت و شوورای ئینقلاب، فروهری وەک نێردەی تایبەت بەخۆی ناردووە بۆ کوردستان. ئاغای خومەینی سەربەخۆ بوو و لەدەرەوەی شوورای ئینقلابیش چالاک بوو. پاشان فروهر بەئێمەی گوت کە ڕایانسپاردووە بۆ ئەوە کە عیزەددینی حوسێنی ڕازی بکا و بیگەیەنێتە قۆم بۆ ئەوە کە ئیمام قسەی لەگەڵ بکا و لەڕاستیدا بەمجۆرە"فتنە" لەکوردستان بچێتە دەر." ل ٦٩ ئەو وتەی سحابی مانای ئەوە نییە کە فروهر جێی متمانەی کەسێک بوو کە فەرمانی جیهادی دەرکرد بۆ کوردستان؟ ئەوە ناگەیەنێت کە لەگەڵ خومەینی ڕیک کەوتبوون بۆ نەهێشتنی "فتنە" لەکوردستان؟ بۆ دەستبەسەرکردنی مامۆستا شێخ عیزەددین کە سەرۆکایەتی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کوردی لەئەستۆ گرتبوو بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەک بۆ پرسی کورد؟

ناساندنی هەیئەتی کورد بەناوی ڕێکخراوەکانیان هۆی ڕاستەقینەی تێکدانی دانیشتنەکە نەبوو، لەڕاستیدا دەوڵەت و نوێنەرەکانی لەهەیئەتی تایبەت بەکوردستان شانۆیەکیان دەگێڕا و ئەو دانیشتنەشیان دیاری کردبوو وەک پەردەی ئاخر. ئەوان ڕێککەوتبوون لەسەر ڕەتکردنەوەی داخوازییەکان و لە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد، لەبیانوویەک دەگەڕان بۆ خۆدەربازکردنیان لە"گوتوبێژ". ئەو "ناساندنەش" نەبا پاساوێکی دیکەیان دەدۆزییەوە.

## خودگەردانی

هەیئەتی دەوڵەت لەپاش هەڵسووکەوتی تێکدەرانەیان کە بەدوور بوو لەئوسوول و ئەخلاقی سیاسی، بەرلەوە کە مەهاباد و گوتوبێژ و چاوپێکەوتن و "چارەسەری" بەجێ بێڵن، کۆپی ئەو گەلاڵەیەی کە ئامادەیان کردبوو ناردیان بۆ هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد. هەیئەتی دەوڵەت لەڕۆژنامەی اطلاعات ڕێکەوتی ٢٩ی سەرماوەزی ١٣٥٨ گەلاڵەی خۆی بڵاو کردەوە و داوای لەخەڵک و ڕێکخراوە سیاسیەکان کرد کە بۆچوونی خۆیان بۆ چاکسازی لەسەری ڕابگەیەنن. ئەگەر مەبەست لە ڕێکخراوە سیاسیەکان بەشێکیشیان پێکهاتە کوردەکان بگرێتەوە، دیار نییە هەیئەتی دەولەت بۆچی ئامادە نەبوو لەگەڵیان لەسەرمێزی وتووێژدا بیروڕا بگۆڕێتەوە، بەڵام ئێستا داوای دەربڕینی بیروڕایان لێدەکات؟

هەر لەسەرەتاوە دیار بوو کە ئەوان حەز ناکەن لەسەر مێزی وتوویژ باس لەخودموختاری بکەن و لەبەرامبەردا ئەو گەلاڵەیان بڵاو کردەوە. ئامادەش نەبوون کە بەشێوەیەکی شارستانیانەت پێشکەشی نوێنەرایەتی کوردی بکەن.

هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد وەڵامێکی سیاسی - حقوقی لەچوار لاپەڕەدا ئامادە کرد و بڵاوی کردەوە. جەنابی صارمخانی صادق وەزیری زەحمەتی ئامادەکردنی وەوەستۆ گرت. دەسخەتەکەی لەلای ئێمە ماوەتەوە. لەلایەن ڕیکخراوە پێشکەوتووەکانی ئێران هێرش کرایە سەر ئەو دەسپێشخەرییە نارەوایە و گەلاڵەی "خود گەردانی" یان ڕەد کردەوە.

لێرە نامانهەوێ بەدوورودرێژی باس لە دانەبەدانە خاڵەکانی گەلاڵەی "خودگەردانی" و بەراوەردکردنی لەگەڵ گەلاڵەی ٢٦ خاڵی بکەین، دەیهێڵینەوە بۆ کاتێکی دیکە.

گەلاڵەی "خودگەردانی" کە لە ١٣ خاڵدا ئامادە کراوە جوابی پێداویستیەکانی مێژوویی سیاسی، چاندی و کۆمەڵایەتی و ئابووری گەلی کورد ناداتەوە. بەرچاوترین و گرنگترین بەشی مافی نەتەوەیەک بۆ بەدستەوەگرتنی چارەنووسی خۆی بەشێوەی خودموختاری یان فیدرالیزم بریتییە لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی. لەنووسراوەی "خودگەردانی" خۆیان لەو بەشە گرنگە گێل و نەبان کردووە و هەندێک باسی ئیداریی و کارگێڕییان هێناوەتە گۆڕێ کە پەیوەندی بەداخوازیەکانی کوردەوە نییە. باس لەشوورا و دیارینەکردنی پێناسەیەک، دیارینەکردنی سنوورەکانی ناوچەی ژێردەسەڵات، لە پەراوێز خستنی پەروەردە بەزمانی زگماکی چەند خاڵی سەرەکین کە لەو گەلاڵەیەدا زەق بوونەتەوە. بەگشتی گەلاڵەی "خودگەردانی" بەهیچ شێوەیەک چارەسەری پرسی کوردی نەدەکرد و بەو هۆکارەش لەکوردستان نێوی "سەرگەردانی" یان لەسەر دانا.

### دەسکەوتنەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد:

**چالاکییەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد هیچ دەرکەوتەیەکی لەلایەن و لەگەڵ دەسەڵاتی ئێران لێ وەدی نەهات بەڵام گەلێک لێکەوتە و بەرهەمگەلی بەکەڵکی لەگەڵ خۆی هێنا:**

١- بەهێزترین و بەرزترین دەسکەوتی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد ئەوە بوو کە دەولەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دانی بەنوێنەرایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا هێنا. سەرباری ئەوە کە هەیئەتی کورد نە خۆشەویست بوو بەلای ئەوان و نەش خوازراو، کەمۆکەیەک هۆگریشییان بۆی نەبوو، لەگەڵ ئەوەش کە دەیانزانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد پێکهێنەرین و تێیدا جێیان گرتووە، نەیانتوانی پشتگوێ بخەن و دانیشتن و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجام دا. هەیئەتی تایبەتی دەوڵەت بۆ پرسی کورد نەیتوانی هیچ گرێیەک بدۆزێتەوە و بەمجۆرە خۆی ڕادەستی ڕاستییەکی مێژوویی - سیاسی کورد کرد. تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی کورد لەلایەن دەوڵەتەوە بەفەرمی ناسران و ملیان بۆ ئەو ڕاستییە ڕاکێشا کەکوردستان جێگە و پێگەی خۆی هەیە، ڕاگەیاندنی گەلاڵەی "خود گەردانی" سەرەڕای جیاوازیەکانی لەگەڵ گەلاڵەی خودموختاری هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد، ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە.

٢- هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد لەئەنجامی ئەو تێگەیشنە و پێگەیشتنە دامەزرا کەهێزەکانی کورد هەستیان

بەپێداویستتیەکی مێژوویی کردبوو لەو جەنگەوگەرمەیەدا و زاڵ ببوون بەسەر کێشە ناوخۆییەکان، دووربوونەوە لەململانێ و مشتومڕەکانی پێشوو، هێزە جۆراوجۆرەکان بە ئیدەئۆلۆژیە جیاوازەکان لەدەوری یەک کۆ بوونەوە، هەڵوێستی یەکگرتوویان گرت و پرسی مێژوویی و نەتەوەیی کوردیان لەژێر دروشمی خودموختاری کرد بەدروشمی سەرەکی بۆ داخوازیەکانی ئەو سەردەمە.

٣- پێکهاتەیەکی لەم شێوەیە لەخۆیدا سەرکەوتنێکی مەزن بوو، تەواوی هێزە سەرەکییەکانی کوردستان تێیدا جێیان گرتبوو، بەشێوەی فەرمی، بەسەربەرزی، بەزلهێزی و کەڵکوەرگرتن لەپشتگیری هەموو چین و توێژەکان، بەبەشداری توێژی باڵای کۆمەڵگای کوردستان، توانیان داخوازەکانیان کۆ بکەنەوە و لەسەری ساغ ببنەوە و بڵاوی بکەنەوە. لەگەڵ ئەوەش کەهەیئەتی دەوڵەت فرە چالاکی نواند بۆ نانەوەی دووبەرەکی لەنێوان پێکهاتەکانی هەیئەتی کورد، بەڵام هەوڵەکانی مایەپووچ بوون.

٤- ئامادەکردن و ئاراستەکردنی گەڵاڵەی ٢٦ خاڵ، هەتا ئەوڕۆشی لەگەڵ بێ یەکێک لە ڕێکوپێکترین، بەپێزترین، بەربڵاوترین، پوختەترین و پێگەیشتوانەترین پرۆژەی مافی نەتەوەییە. ئەو پرۆژەیە لەلایەن پێکهاتە سیاسییەکانی ئێران وەک ڕێکخراوی چریکەفیداییەکانی گەلی ئێران، بەرەی دیمۆکراتیی نەتەوەیی ئێران، ڕێکخراوی موجاهیدینی گەلی ئێران و کۆمەڵێک ڕێکخراوی سیاسی ئێران پشتگیری لێکرا. ئەم گەڵاڵەیە بەمجۆرە بوو بەبنچینە و بنەمایەکی بەهێز بۆ داهاتووی بزاڤی کورد. مخابن هیچکاتێک هەیئەتی دەوڵەت دەرفەتی بەدەستەی نوێنەرایەتی کورد نەدا کە باسە بنەڕەتیەکانیان لەگەڵ بێنینە گۆڕێ و ئەو گەڵاڵەیان پێشکەش بکەن.

گەڵاڵەی ٢٦ خاڵ لەلایەن جەنابی صارمخانی صادق وزیری ئامادەکرا، لەماڵی ئێمە کە بەشانازییەوە میوانداریمان لێ دەکرد، من بۆ خۆم ئاگام لێ بوو لەماوەیەکی کورتدا نزیک کاتژمێرێکی خایاند، تەنیا بۆخۆیان دەوریان تێدا بینی جگە لە گۆڕینی چەند وشە، بەتەواوی لەلایەن ئەندامانی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد پەسند کرا. جەنابی صارمخان بۆ چاوەدێری دانووساندنەکان سەفەری کرد بۆ مەهاباد و چالاکیی و تێکۆشانی بەرچاوی بوو بۆ بەرەو پێشەوە بردنی ڕەوتی سیاسی کوردستان. لەماوەی مانەوەیان لەمەهاباد بەشداری دانیشتنەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتی کوردیان کرد و پێکهاتەکان گەلێک لەبوونی خۆیان و لە لێدوانە بەکەڵکەکانیان سوودیان وەرگرت. لە تارانیش وتەبێژی کۆمەڵی کوردەکانی دانیشتووی ناوەند بوو و گەلێک چالاکی بە نرخی نواند و لە ڕاستی دا باڵوێزی بزووتنەوەی کورد بوو لە تاران، جێگەی ڕێز و متمانەی کۆڕوکۆمەڵ و پێکهاتە سیاسیەکانی ئێران بوو، ئەندامی پێکهێنەر و بەڕێوەبەری بەرەی دیموکرات نەتەوەیی ییران بوو. کۆمەڵی کوردەکان بە یارمەتی هێزی چەپ و ئازادیخوازی ئێران لە بواری سیاسی، ڕاگەیاندن، دەرمانی و ماڵی

یارمەتی بزووتنەوەی کوردستانیان دا.

٥- گەلاڵەی ٢٦ خاڵ بەهۆی ناوەرۆکی بەپێز و دیمۆکراتیک و پێشکەوتووانەی، سەرنجی کۆڕوکۆمەڵ و پێکهاتە سیاسییەکانی ئێرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بوو بەسەرچاوەیەک بۆ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، هەروەها مایەی دڵگەرمی و هیوای ئازادیخوازان لەئێران. لەڕاگەیاندن و شرۆڤەکاندا پشتیان پێ دەبەست و کاردانەوەیان نیشان دەدا.

کاتیک پاڵێوراویی مەسعوود ڕەجەوی سەرۆکی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک بۆ سەرکۆماری ئێران ڕاگەیەندرا، ناوبراو لەڕاگەیاندنی گشتی و لەبەرنامەی خۆی بۆ داهاتووی ئێران بەڵێنی چارەسەریی پرسی کورد لەسەربنەمای گەلاڵەی ٢٦ خاڵی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلێ کورد ڕاگەیاند. هەیئەتی کوردیش پشتگیری هێزەکانی بەشداری ناوخۆی بۆ ناودێری ڕەجەوی پەسند کرد و بڵاوی کردەوە. ڕاکێشانی هێزی پێشکەوتووی چەپ و دیمۆکرات و ئازادیخواز لە ئێران بەشێک لەسەرکەوتنەکانی هەیئەتی کورد بوو.

٦- دەستەی نوێنەرایەتی کورد بەڕاگەیاندنی ئاگربەست سەرکەوتنی بەدەست هێنا بۆ ئەوە کە بۆ ماوەیەک هەتا بەهاری ١٣٥٩ بەرگری بکا لەشەڕی کوردستان. دەولەتی کاتی ئاگربەستی ڕاگەیاند و ملی ڕاکێشا بۆ بەرگری لە هاتوچۆی ئەرتەش و پاسداران لە کوردستان، هەر چەند کە کەموکۆڕیشی تێدا بوو.

٧- دەستەی نوێنەرایەتی کورد بەنوێنەرایەتی لەهێزە سیاسییەکانی بەشدار، بەدەربڕینی ناڕەزامەندی لەشێوەی بەڕێوەچوونی "مجلس خبرگان" و ناوەرۆکی دژ بەدیمۆکراسی، ئازادی و مافی نەتەوەیی گەلانی ئێران لەناو دەستووری پەسندکراو، لەڕاگەیەندراوی ژمارە ٢ ڕێکەوتی ٩ی سەرماوەزی ١٣٥٨ ڕایگەیاند کە لەڕێفراندۆم بۆ دەستووری داهاتووی ئێران لەڕۆژەکانی ١١ و ١٢ ی سەرماوەز بەشداری ناکا. لەهەمانکاتیشدا بۆ ڕیزگرتن لەدیمۆکراسی و ئازادی و بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم لەکەشوهەوایەکی دیمۆکراتیک، لەڕاگەیاندنی ژمارە ٣ ڕێکەوتی ١١ی سەرماوەز لەڕۆژی دووهەمی گشتپرسی، خەڵکی ئاگادار کردەوە کە پێشمەرگەکانی کوردستان پاراستن لەدەنگدانەکان دەگرنە ئەستۆی خۆیان.

٨- دەستەی نوێنەرایەتی بزووتنەوەی کورد بۆ ڕای گشتی ئێران و جیهان دەریخست کە لەڕووی بنەمای ئاشتیخوازی، بەنیازپاکی ڕووی لەوتوویژ و دیالۆگ کردووە و باوەڕی پتەوی بەچارەسەری سیاسیی پرسی کورد هەیە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا لەدرووشمەکانی گەلی کورد پاشەکشە ناکات. لەبەرمبەردا هەیئەتی تایبەتی دەوڵەت بۆ پرسی کوردستان کەوتە بەر تەوس و پلار و کۆمەڵێک ڕەخنە و ناڕەزایی لەلایەن هیزە سەرانسەرییەکانی ئێران.

٩- گەلی کورد بەڕاستی و بەتەواوی پاڵنەر و پاڵپشتی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد بوو، خۆپێشاندانەکانی ڕۆژی ٦ی سەرماوەز وەرچەرخانێک بوو، هەڵگری پەیامێک بوو بۆ هەیئەتی هەڵبژاردەی دەوڵەت، بەدەنگی بەرز لێدوانەکانی چەواشەکارانەی هەندێک لەبەرپرسانی قۆم و تارانیان ڕەد کردەوە و بەهەموو گوڕ و تینی خۆیان دەوڵەتیان ئاگادار کردەوە کەهەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستانە و تاکە مەرجەع و بەردەنگە بۆ وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت. لەهەمانکاتدا بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و ئازادیخوازی سەرانسەری ئێران و ڕێکخراوە سیاسییەکان بەتێئۆری و بەکردەوە پشتیوانی و چالاکی بەرچاویان دەردەبڕی لەهێزەکانی کورد و بزاڤی کوردستاندا.

١٠- ئۆرگانێکی لەوچەشنە تیشکی خستۆتە سەر بزووتنەوەی کورد و ئەزموونێکە بۆ داهاتوو و دەکرێ وەک دیاردەیەکی بەهێز و ڕێفێرنسێک ببێتە چرای ڕێگای داهاتووی بزووتنەوەی کورد.

## دەرەنجام:

گەورەترین سەرکەوتنی بزووتنەوەی کوردستان ئەوە بوو کە توانی پرۆسەی سیاسیی چارەسەریی بەسەرقۆم و تاراندا زاڵ بکا و پێکهاتە سیاسییەکانی کوردستان بەشداری دانووستاندنەکان بن. هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد چوارچێوەیەک بوو بۆ بەڕیوەبردن و هەڵسووڕاندنی ئەو پرۆسە سیاسییە. پێشهاتەکانی دوایی کە لەمپەر و تەگەرەیان خستە بەردەم ڕەوتی سیاسی پەیوەست نەبوو بە ئیرادەی نوێنەرایەتی کورد، دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە ویستی دەسەڵاتدارانی ئێران نە چارەسەری پێ بوو نە نەخشەڕگەی دەربازبوونی ئاشتیانە لەو دۆخە چەقبوستووە سیاسییەدا. پەیوەست بوو بەوە کە خۆیان لە جەوهەری پرسەکانی کوردستان دەدزییەوە. هیچکاتێک دەزگا دەوڵەتییەکان کێشەی کوردیان وەک پرسێکی سیاسی هەڵنەسەنگاند، لەڕوانگەی ئێسلامی سیاسی و لەڕووی ناسیۆنالیزمی ئێرانی خوێندنەوەیان بۆ دەکرد و ئەو دوو دۆکترینەش لەبنچ و بنەما لەگەڵ مافی نەتەوەیی و ئازادی و دیمۆکراسی دوژمنکاریان هەیە. کورد ئەگەر پاسداری ئیسلام و سەربازی ئێرانیش بایە دیسان نەیدەتوانی ناوەرۆکی دەستوور و یاساکان بگۆڕێ، یاساکانی کە لەگەڵ خوازیارییەکانی کورد و هەروەها بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ئێران واتە یەکسانی و بەرابەری لەدژایەتیدا بوو، دەسەڵاتدارانی ئێران باوەڕیان بەسەروەری یاسا و دەسەڵات بۆ خەڵک نەبوو.

## خروشچۆف جارێک لەڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕایگەیاند:

"ئەوەی کە هی ئێمەیە هی خۆمانە، ئەوەی کە هی ئێوەیە گوتوبێژی لەسەر دەکەین." کاری کورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی

لەوەش بەدەر بوو، ئیسلامی سیاسی هی خۆیان بوو و ئامادەش نەبوون لەسەرخودموختاری گوێ لەهەیئەتی نوێنەرایەتی کورد بگرن. بەبیانووی جێگرتنی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی لەناوهەیئەتی کورد، تەنیا دانیشتنی فەرمییان تێکدا لەحاڵەتێکدا کە "ئیجازەی وتوویژ لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسیەکانیان لەئیمام وەرگرتبوو."

ئەگەر هەیئەتێک بەڕاستی و بەدرووستی بەدوای چارەسەری سیاسیدا بگەڕێ، بۆچی دەبێ یەکێک لەئەندامانی وەزیری دیفاع بێت و چەند ئەرتەشیی پلەباڵا بەشداری تێدا بکەن؟ مصطفی چمران وەزیری پاراستن یەکێک لەو کەسانە بوو کە هێرشەکانی بۆ سەرکوردستان دەست پێکرد و لەپەیوەندی هەمیشەیی لەگەڵ خومەینی دابوو. لەغەیری دوژمنکاریش هیچ بەرنامەیەکی دیکەی نەبوو بۆ کوردستان. ئەو پیاوە ئیسلامیستە کۆنەپارێزە کە لەڕێکخراوە توندوتیژەکەی "امل" لە لوبنان پەروەردە ببوو لەیەکێک لە لێدوانەکانیدا کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی قارنێ بە "حادپە" نێو دەبا ودەڵێ:

دشمنان ما در کردستان پتش جنگ را روشن ساختند، با تکیه به ایدئولۆژی مادیگری و چند خدایی خود و با اتکا بەنیروهای اهریمنی ابرقدرتهای غرب و شرق سعی کردند کە ایدئولۆژی اسلام ما را بەشکست بکشانند." پاشان لەسەر کوشتاری قارنێ نایشارێتەوە کەلەگەڵ "حسنی" امام جومعەی ورمێ کە فەرمانی ئەو کوشتارەی دەرکرد بوو هاودەنگ و هاوبیرە و ئێژێ: "...نقده شهری است ترک نشین..." کردستان، دکتر مصطفی چمران، حادپەقارنە ١ نهچت یزادی ایران WWW.nehzateazadi.org"

تێکەڵاویی چمران لەناو هەیئەتی دەوڵەت بۆ پرسی کورد، مانای ئەوە بوو کە بەشداری لایەنی ئەمنییەتی و ئەرتەشی لە ئەولەوییەتی کاریان دابوو، ئەوەش مانایەکی تری نەبوو جگە لە هەڵبژاردنی ڕێگای سەربازی و ئەمنییەتی بۆ کوردستان.

بەسەرچڵی و بەگشتیی، کوردستانی ٥٧ و ١٣٥٨ بەکردەوە کۆمەڵگایەکی لاییک بوو، تێدەکۆشا بۆ ڕزگاری و دەستەبەرکردنی دیمۆکراسی لەئێران و مافی نەتەوەیی لەکوردستان. ئەو قەوارەی کە لەکوردستان ڕسکابوو دەبوو بەهەر تێچوویەک هەڵوەشێتەوە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد مخابن بەتەنیا ما و لەئێران هیچ جموجۆڵێکی بەرچاو و هەمەگیر لەشێوەی کوردستان لەئارادا نەبوو. کۆنەپارێزی و دیکتاتۆری باڵی بەسەر ئێراندا کێشابوو و ئازادیخوازیی بەرەو کزی دەڕۆیشت و ئازادیخوازان کەوتبوونە بەر شاڵاوی گرتن و کوشتن، ڕاوەدوونان و لەسێدارەدان.

سەرهەڵدانی کورد بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەلێک لاپەڕەی زێڕینی لەدڵی مێژوودا تۆمار کردووە، بەشداری نەکردن لەڕیفراندۆمی کۆماری ئیسلامی وهەروەها لەڕیفراندۆمی دەستووری پەسندکراوی "مجلس خبرگان" لەڕاستیدا خەبات و خۆ

بەدوور ڕاگرتن بوو لە دامەزراندنی دیکتاتۆری سیاسی و ئایینی و ماڵوێرانی فەرهەنگی و ئابووری.

نوێنەرایەتی فەرمیی کورد لەسایەی خەبات و خۆبەختکردنی پێشمەرگە ئازا و قارەمانەکانی هێزە سیاسییەکانی کوردستان وەدی هات. گەل و ڕێکخراوە سیاسییەکان و پێشمەرگە سێکۆچکە و بناوانی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد بوون.

سەرنەگرتن لەچەمکی وتوویژ دەگەڕێتەوە بۆسەر ئیرادەی زاڵبوونی شەڕ بەسەر ئاشتی، تارمایی بەسەر ڕووناکایی، خواروخێچی بەسەرڕاستیدا.

**کوردستان ئاشتیخواز بوو.**

تکا لەو خوشک و برا بەڕێزانە دەکەین کە هەر بەڵگە و نووسراوەیەک کە پەیوەست بێ بە بزووتنەوەی کورد لەو سەردەمە بە تایبەت بە هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد، بە کۆبوونەوەکان و ڕێککەوتنەکان، ئەگەر بۆیان دەگونجێ بەو ناونیشانەی خوارەوە بۆمانی بنێرن، پێشەکی سپاسی یارمەتیەکانیان دەکەین.

**١٠ی دێسەمبەری ٢٠٢٠ی زایینی - پاریس**

---

## گەڵاڵەی دەستە نوێنەرایەتیی گەلی کورد دەربارەی خودموختاری کوردستانی ئێران

### مادەی(١)

کوردستانی ئێران سەرزەوینێکە لە چوارچێوەی جوغرافیایی ئێران دا کە لەبارەی مێژوویی یەوە شوێنی دانیشتوانی هۆزەکانی کورد بووە و ئێستاش زۆربەی دانیشتووانی نەتەوەی کورد پێک هاتوون. ئەم سەرزەوینە هەموو ناوچە کوردنشینەکانی ئوستانەکانی ئیلام، کرماشان، کوردستان و ئازەربایجانی رۆژئاوا دەگرێتەوە.

### مادەی(٢)

کوردستانی ئێران بەشێک لە وڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە پێوەندیی قووڵی مێژوویی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی هاوپێوەندیی نەتەوەی کورد دانیشتووی وێی لەگەڵ نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران دا پتەو کردوە.

### مادەی(٣)

دەسەڵاتی نەتەوەی کورد بەسەرسەرزەوینی کوردستانی ئێران دا بەشێوەی خودموختاری لە چوارچێوەی یەکیەتیی سیاسی، ئابووری و تەواویەتیی خاکی وڵاتی ئێران دا بەکار دەبرێ.

### مادەی(٤)

دەوڵەتی ناوەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ دابین کردنی یەکیەتیی سیاسی و تەواویەتیی خاکی وڵات دەسەڵاتی پێوەندی دار بەم مەسەلانەی خوارەووە لە سەرزەوینی خودموختاری کوردستان دا بەرێوە دابا:

**الف**: کاروباری پێوەندی دار بە دیفاع لە سنوورەکان، سەربەخۆیی و تەواویەتیی خاکی ئێران لەبەرامبەر دەستدرێژیی بێگانەکان دا کە بەهۆی هەرکەسێک هێزی زەوینی و هەوایی و دەریایی سوپاوە بەرێوە دەچێ و بەهۆی ئۆرگانەکانی حکوومەتی ناوەندی یەوە سەرپەرستی دەکرێ.

ب: کاروباری پێوەندی دار بە سیاسەت و پێوەندیەکانی دەرەوە و هەروەها پێوەندی لەگەڵ کونسوولگەرییەکانی دەوڵەتانی دەرەوە کە لەسەرزەوینی کوردستانی ئێران جێگیرن، لە سەڵاحییەتی دەوڵەتی ناوەندی دایە.

ج: بازەرگانیی دەرەوە و گومرگەکان و ئەو سیاسەت گشتی یانە کە پێوەندی یان بەم مەسەلانەوە هەیە، بەهۆی ئورگانەکانی دەوڵەتی ناوەندییەوە بەرێوە دەبرێن و سەرپەرستی دەکرێن.

د: بەرنامە دانانی درێژخایەنی ئابووری، کە پێویستیی بە دسمایەی زۆر و زەوند هەیە، و رێکخستن و بەرێوە بردنی سیستمی دراوی و ئەرزیی وڵات لە سەڵاحییەتی ئورگانەکانی دەوڵەتی مەرکەزی دادەبێ.

روونکردەوەی(١)

لەبارەی کاروباری دیفاعییەوە، دەبێ هەمیشە ئەم ئەسڵە لەبەرچاو بگیرێ کە پادگانەکان و دام و دەزگا نیزامییەکان دەبێ لە سنوورەکان و دوور لە شارەکان بن. بە جۆرێک کە بە بیانووی پێداویستی بە نیزامییەکان و شتی لەو بابەتە هیچ کارێک نەکرێ کە بکێشێتە دەست تێوەردان لە کاروباری نیوخۆیی سەرزەوینی خودموختاری کوردستان دا.

روونکردنەوەی(٢)

سەرباز وەزیفەکانی دانیشتووی سەرزەوینی خودموختاری کوردستانی ئێران دەبێ لە پێگە نیزامییەکان و سەربازخانەکانی کوردستان دا خزمەتیان پێ بکرێ.

روونکردنەوەی(٣)

لەو ئیدارە ناوچەیی یانە دا پێوەندییانە بە بازرگانیی دەرەوە و گومرگەکان و بەرنامەدانانی درێژخایەنی ئابووری و بەرێوەبردنی سیستمی دراوی لەسەرزەوینی خودموختاری کوردستان دا هەیە، دەبێ لە کارمەندانی خۆوڵاتی کەلک وەرگیرێ.

مادەی(٥)

جگە لەو شتانەی لە مادەی(٤) دا باس کراون. بەکاربردنی دەسەڵات لە هەموو کاروبارێکی سەرزەوینی خودموختاری

کوردستانی ئیران دا بی هیچ هەڵاوەردانێک لە سەڵاحییەتی ئورگانەکانی خودموختاری دا دەبێ.

**مادەی(٦)**

ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان بەرزترین ئورگانی دەسەڵاتدایەتی نەتەوەی کورد لە سەرزەوینی خودموختاری کوردستانی ئێران دایە. ئەم ئەنجومەنە هەر دوو ساڵ جارێک لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازاد، ڕاستەوخۆ، نهێنی و گشتیی هەموو دانیشیووانی کوردستانی ئێرانەوە هەڵ دەبژیری و پێک دێ.

**مادەی(٧)**

ئەنجوومەنی نەتەوایەتیی کوردستان هەموو ڕێ و شوێننێکی پێوەندی دار بە پێڕەوی نێوخۆی خۆی و هەروەها بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکانی شار و دێ وە دادەنێ و پەسندی دەکا.

**مادەی(٨)**

ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان بەلەبەرچاوگرتنی قانوونە گشتی یەکانی وڵات هەموو قانوون و ڕێ و شوێنێکی بەکاربراو لە دەزگاکانی خودموختاری دا و هەروەها بوودجەی تایبەتیی سەرزەوینی خودموختاری کوردستان پەسند دەکا.

**مادەی(٩)**

ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان، حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی هەموو کاروباری سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و ئینتیزامیی سەرزەوینی خودموختاری کوردستان هەڵ دەبژێرێ.

**مادەی(١٠)**

حکوومەتی خودموختاری کوردستان لە بەرامبەر ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان دا بەرپرسایەتیی هاوبەشی دەبێ و هەرکام لە ئەندامانی حکوومەتی خودموختاریش بەتەنیا بەرامبەر بە ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان بەرپرس دەبن.

**مادەی(١١)**

ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان ماف و ئەرکی سەرشانیەتی کە هەل و مەرجی تێکۆشانی ئازاد و دێموکراتیی ژیانی کۆمەڵایەتی لەبوارەکانی ئازادیی حیزبەکان و کۆبوونەوەکان و چاپەمەنی و بیروڕا دەربڕین و قەڵەم و بیروباوەر و مەزهەب و ئەنجومەنە دێموکراتی یەکان و هەقی مانگرتن لە هەموو سەرزەوینی کوردستان دا پێک بێنێ و بەوردی چاودێریی بەرێوەچوونی رێ و شوێنەکانی لە لایە هێزی ئیجرایی یەوە بکا.

**مادەی(١٢)**

بوودجەی خودموختاری کوردستان بەهۆی حکوومەتی خودموختاری کوردستانەوە رێک دەخرێ و بە ئەنجومەنی نەتەوایەتی کوردستان پێشنیار دەکرێ و پاش پەسند کران بەرێوە دەبرێ.

**مادەی(١٣)**

سەرچاوەکانی دابین کردنی بوودجەی کوردستانی خودموختار بریتین لە:

**الف**: مالیات باج و داهاتە ناوچەیی یەکانی دیکە.
**ب**: بەشێک لە بوودجەی گشتیی وڵات کە لە لایەن حکوومەتی ناوەندی یەوە دەدرێ بە حکوومەتی خودموختاری کوردستان.

**مادەی(١٤)**

بەرنامە دانان بۆ هەڵدان و پێگەیشتنی ئابووری لە سەرزەوینی کوردستان دا بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو دواکەوتوویی یە کە بەهۆی زۆرداریی نەتەوایەتی یەوە دروست بووە، واتە پێکهینانی پیشەسازیی نەتەوایەتی، پەرپێدانی کشت و کاڵ و ئاژەڵداری، پێشخستنی کاروباری ئاوەدانکردنەوە و خۆشگوزەرانی و خزمەتە گشتی یەکان بە جۆرێک کە ژیانی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی گەلی کورد گۆڕانی بەسەردابێ، جگە لەو ئەو شتانە کە لە بەندی(د)ی مادەی (٤) دا باس کرا. بەشێک لە ئەرکەکانی حکوومەتی خودموختاری کوردستان.

## ڕوونکردنەوەی ماددەی(١٤)

پاش دەرکردنی بوودجەی کاروباری دەوڵەتی ناوەندی لە داهاتە گشتی یەکان بوودجەی پەرپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەپێی ڕادەی حەشیمەت لە نێو ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات دا دابەش دەکرێ پێوانەی دابەشکردنی ئەم بوودجەیە جۆرێک دەبێ کە بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەوپاشکەوتوویی یە ئابووری یە کە بەهۆی زۆرداریی نەتەوایەتی یەوە دروست بووە، بەشی دانیشتوانی ئەم ناوچانە و یەک لەوان کوردستانی خودموختار بەپێی پلەی پاشکەوتوویی یەکەیان زیاتر لە داهاتی نێونجیی سەرانسەری وڵات بێ.

## ماددەی(٥)

زمانی کوردی لە هەموو ئیدارەکانی سەرزەوینی خودموختاری کوردستان دا چ ئیدارەکانی ئورگانە خودموختارەکان و چ ئیدارەکانی دیکە زمانێکی ڕەسمی یە لەگەڵ دووپات کردنەوەی ئەو خاڵە کە زمانی فارسی هەروەک هەر وەک جاران زمانی ڕەسمیی سەرانسەری ئێران بو کوردستانیشەوە.

## ماددەی(١٦)

لەسەرزەوینی خودموختاری کوردستانی ئێران دا فێرکردن لە هەموو پلەکان دا بە سەرتایی و نێونجی و بەرزەوە بە زمانی کوردی دەبێ، بەڵام خوێندنی زمانی فارسیش پاس تەواو بوونی ساڵی چوارەمی سەرەتایی لە هەموو قۆتابخانەکانی سەرزەوینی کوردستانی ئێران دا بەزۆری(اجباری) دەبێ.

## ڕوونکرنەوەی:(١)

کەمایەتی یە نەتەوەیی یەکان لەسەرزەوینی خودموختاری کوردستانی ئێران دا هەقیان هەیە فەرهەنگ و داب و نەریتی خۆیان بپارێزن و برەو پێ بدەن و لە قۆتابخانەکان دا بەزمانی زگماکی دەرس بخوێنن.

### مادەی (١٧)

پێکهێنـانی دام و دەزگـای ناونـدەکانی فێرکـردن و فەرهەنـگ و بەرنـامە دانـان بـۆ تێکۆشـانی ئەم دام و دەزگـا و ناوەنـدانە لەسەرزەوینی خودموختاری کوردستانی ئێران دا لە هەموو پلەکانی سەرەتـایی و نێـونجی و بەرز دا بەشێک لە دەسەڵاتەکانی حکوومەتی خودموختاری کوردستانی ئێرانە.

### ڕوونکردنەی (١)

ناوەندی رادیۆ تەلەویزیۆنی سەرزەوینی خودموختاری کوردستان لە ژێر چاوەدێری حمـوومەتی خودموختـاری کوردستـانی ئێـران دا بەڕێوە دەبرێ.

### مادەی (١٨)

پاراستنی ئەمنییەتی نێوخۆ و کاروبـاری نەزم راگرتـن لە سەرزەوینی خودموختاری کوردستـانی ئێـران دا لەشـار و دێ بە هـۆی هێزەکانی پێشمەرگەوە کە بەرەسمی لە لای حکوومەتی خودموختاری کوردستان دادەمەزرێن. دابین دەکرێ.

### مادەی (١٩)

بەرپرسـانی نەزم و پاراسـتنی شـار و دێ لەسـەزەوینی خودموختـاری کوردسـتانی ئێـران دا راسـتەوخۆ لە لایەن حکـوومەتی خودموختاری کوردستانەوە دیاری دەکرێن و بەرامبەر بەو بەرپرس دەبن.

### مادەی (٢٠)

هەموو ساڵێ ژمارەیەک خوێندکار لە لایەن حکوومەتی خودموختاری کوردستانی ئێرانەوە بۆ دابین کردنی پێداویستیی هێزە دیفاعی یەکان سەرزەوینی خودموختار بۆ خوێندن دەنێردرێنە قۆتـابخانە نیزامییەکان. رێکخراوە پێوەندی دارەکان حکوومەتی ناوەنـدی لەسـەریانە هەمـوو پێویسـتی یەکـانی فێرکـردن و پەروەردەی ئەو خوێنـدکارانە پێـک بێـنن و پێداویسـتی یەکـانی چەکدار کردنی هێزی ئینتیزامی یەکان نێوخۆی کوردستان بە شێوەیەکی ماقووڵ و گونجاو دابین بکەن.

**مادەی (٢١)**

دەسەڵاتی قەزایی لەسەرزەوینی خودموختاری کوردستان دا بەجیا لە هێزەکانی دیکە بەهۆی دادگای سەربەخۆوە بەکار دەبرێ.

**مادەی (٢٢)**

دادگاکانی سەرزەوینی خودموختاری کوردستانی ئێران لە مەسەلە عورفی یەکان دا بەپێی قانوونە عروفی یەکانی سەرانسەری وڵات و قانوونانە کە لەلایەن ئەنجومەنی نەتەوایەتی کوردستانی خودموختارەوە پەسند کراون و لە چوارچێوەی سەڵاحییەتەکانی ئەو ئەنجومەنەدا دانراون و لەگەڵ ئەسلە پەیرەوی کراوە حقوقی و بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و پەیماننامەی جیهانیی حقوقی مەدەنی ڕێک دەکەون، حوکم دەدەن و لەو مەسەلانەش دا کە پێوەندییان بە (احوال شخصیه) وە هەیە بەپێی قانوونە مەزهەبی یەکان هەردوو لای کێشەکە دەجووڵێنەوە.

**مادەی (٢٣)**

لقێکی دیوانی بەرزی وڵات لەسەرزەوینی خودموختاری کوردستانی ئێران دا جێگیر دەبێ و داوای پێ ڕاگەیشتنەوە لە حوکمی دادگاکانی سەرزەوینی خودموختاری کوردستانی ئێران لەم لقەدا لێی دەکۆڵرێتەوە.

**ڕوونکردنەوە:**

دادپرسین لە دادگاکانی سەرزەوینی خودموختاری کوردستانی ئێران دا بەهەردوو زمانی کوردی و فارسی جێ بە جێ دەکرێ.

**مادەی (٢٤)**

بەهێز کردنی یەکیەتیی گەلانی ئێران جگە لەوە کە دانیشتوانی سەرزەوینی کوردستان وەک بەشەکانی دیکەی ئێران نوێنەرانی خۆیان دەنێرنە ئەنجومەنی نیشتمانی، ژمارەیەکی دیاریکراو کە لەگەڵ حەشیمەتی کوردستان ڕێک کەوێ لە ئۆرگانەکانی حکوومەتی ناوەندی دا (کۆڕی وەزیران و وەزارتخانەکان) بەشدار دەبن.

**مادەی(٢٥)**

بۆ دستەبەر کردنی بنەرەتەکانی خودموختاری و پارستنی مافەکانی هەموو گەلانی ئێران، "شوورای بەرزی گەلانی ئێران" لە ناوەندی وڵات پێک دێ و هەرکام لە گەلانی ئیران سێ نوێنەر دەنێرنە "شوورای بەرزی گەلانی ئێران".

**روونکردنەوە:**

سێ کەس نوێنەری سەرزەوینی خودموختاری کوردستانی ئێران لە لایەن ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستانەوە دەست نیشان دەکرێ.

**مادەی(٢٦)**

هەموو قانوونەکانی پەسند کراو لە ئەنجومەنی نیشتمانیی ئێران دا ئەگەر پێوەندی یان بە پێوەندی و مافەکانی گەلانی ئیرانەوە هەبێ، دەبێ لە "شوورای بەرزی گەلانی ئێران" دا بێنە گۆڕێ و پەسند بکرێن.

**دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد**

**٤ی بەفرانباری ١٣٥٨هەتاوی = ٢٥ی دێسەمبەری ١٩٧٩ی زایینی**

---

**ئەم دەقە لە پێ دی ئیفەوە لەلایەن ئامادەکاری نامیلکەکە تایپ کراوەتەوە**

---

## "پێشەکی"

## بۆ کتێبی: "دیپلۆماسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان"

## ١٩١٧ - ٢٠١٧

لە سەردەمی ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ، بنە و بنەچەکەی نەوەی ئەوڕۆی کورد هیوایەکیان لە دڵ دا دەگەڕا، ئاوات و ئامانجێکیان لە سەر دا پەروەردە دەکرد. ئەوان خۆیان بۆ ڕۆژگارێک ئامادە دەکرد کە وەدی هێنەری ڕزگاری و ئازادی بێ، ڕزگاری لە ژێردەستیی و ئازادی بۆ وڵات و گەل، ئاسۆیەکی درەوشاوە لە دوورەوە بە ڕوونی و زەلالی لە بەر چاویان وەدەر دەکەوت.

بزانین لە پاش سەدە یەک و پێنج ساڵ، کام یەک لەو ئارمانجانە وەدی هاتوون؟ نەتەوەی کورد چەندە لە کۆت و بەند و کۆیلەتی ڕزگاری بووە؟

گەنجەکانی ئەوڕۆی کوردستان بە دوای دۆزینەوەی ئەو پرسیارانەوەن، بە شوێن ڕاستیەکاندا دەگەڕێن: بۆچی هەلەکان لە دەست چوون؟ چۆن بوو دەفەرتەکان لە کیس چوون؟ هۆکارەکان چ بوون؟ ناوخۆیی بوون یان دەرەکیێ یان هەردوو؟ ڕەهەندەکانی کە ڕێگر بوون لە بەر دەم خەباتی کورد چ بوون؟ بەشی ئاییني چ دەورێکی نواند؟ لایەنی ئیدەئۆلۆژی چ ڕۆلێکی بوو؟

نەوەی ئێستا جیلێکی توێژەر و لێکۆڵەرە . کتێبی بەرچاوتان لە لاپەڕەکانی ناوخۆیدا وەدووی جوابی کۆمەڵیک پرسیار کەوتووە، مەبەستی نووسەر لە ئامادەکردنی ئەو کتیبە بەرپرچ دانەوە بەو باس و خواستانەیە کە کۆڕ و کۆمەڵی کوردەواری و بەتایبەت گەنجەکانی وریا و بەشدار لە ژیانی سیاسی و مەدەنی دا، لە چوارچێوەی پرسی سەرەکی بابەتی کتێبەکە بریتییە لە "دیپلۆماسی"دەیهێننە گۆڕێ . نووسەر، میژووی سەردەمی ١٩١٧ هەتا ٢٠١٧ ی خەبات و هەوڵەکانی کورد بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی نەتەوەی کورد لە پێش چاوی خوێنەران داناوە و هیممەت و زەحمەتێکی بەرچاوی گرتۆتە سەر ملی خۆی بۆ بە بەڵگە دەرکردنی لێدوانەکانی و بە پشت بەستن بە سەرچاوەکان، کتێبێکی ئەوتۆ لە ڕاستی دا و بە کردەوە ئەشێ بە چالاکیەکی ورد و ڕژد و توێژینەوەیەکی هەڵسووڕاوانە ئامادە بێت بۆ دەرخستنی ڕاستی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی ئۆبژێکتیو و بە بێ دەست تێوەردان، بە بێ گرژە ملی و بە بێ لایەنداری و لایەنگری.

لە لاپەڕەکانی ئەو کتێبە دا دەردەکەوێ کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتی ئێران چەوسێندراوەتەوە و بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ ئەو ڕەوشە نارەوایە کە ستەم و زوڵمی هەمە لایەنەی لێ کەوتۆتەوە، چالاکیی و تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕەوتی شۆڕشی نەپچڕاوە دا درێژە پێدراوە.

**لە سەدەی بیستەم دا گۆڕانکاری بەرچاو بەسەر ژیانی سیاسی - کۆمەڵایەتی کورددا هاتووە:**

- بە ڕێکخراوەکردنی تێکۆشانی سیاسی و سەردەرهێنانی پێکهاتەی سیاسی، نموونەی بەرچاو و دەسپێکی ئەو دیاردەیە کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو کە لە دوایی دا بوو بە بنچینەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان. هەرچەندە تاو و پۆی هۆندراوەی کۆمەڵگای عەشیرەیی لە کوردستان لە دۆخی ئێستاش دا هەر بەردەوامە و گورزی گرچووبڕ لە ژیانی سیاسی دا دەوەشێنێت و بەربەستە لە هەمبەر دیموکراتزاسیۆن و بەرەو پێشەوە بردنی دام و دەزگادیموکراتیکەکان.

- نەتەوەی کورد لە هەموو لایەنەکان، لە گشت بەشەکانی جوغرافیای کوردستان، نەک هەر تووشی ناهومێدی نەبوو لە ئاکامی ڕێککەوتننامەی لۆزان، بەڵکوو بە گوڕ و تین بەرامبەر بە زوڵمێکی مێژوویی، ناوچەیی و ناونەتەوەیی کە دەوڵەتە زلهێزەکان تێیدا بەشدار و سووچدار بوون و دەوری سەرەکییان بوو لە هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سێڤر، سەرهەڵدانیان کرد و بزووتنەوەیەکی مەشرووعیان دەست پێکرد کە هەتا ئەو ڕۆکە هەر بەردەوامە. هەرچەندە گەلی کورد لە داواکارییەکان و دۆخە ڕەواکەی بە تەنیا ماوە و دنیای سەرمایەداری پشتی تێکرد و جیهانی سۆسیالیزمیش ڕوی خۆشی نیشان نەدا، بەڵام بە پشت ئەستووربوون بە ئامانجە ڕەواکان و بەهەستی بڕوا بە خۆبوون، بە پشوو درێژی لە هەمووده‌رفەتەکان کەڵکی گرنگی وەرگرت و بەگژ بێ بەشی و بێ دەسەڵاتی دا هات و تووشی خۆبەخت کردن و دەربەدەری و کوشتن و بڕین بوو.

نە بوونی هاوپەیمانی ڕاستەقینە یان دۆستی سەقامگرتوو کە ببێتە یارمەتیدەر و پشت و پەنایەک بۆ خەباتی کورد یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی سەدەی بیستەم و بیست و یەکەم. هەتا ئێستاشی دە گەڵ بێ سەرەڕای پێداویستیەکان، سەرەڕای بەشدار بوونی کورد لە شێوە خەباتێکی پێشکەوتووی باوەرمەند بە پرەنسیپە دێموکراتیەکان، بەها ئەخلاقیەکان، و لە گەڵ ئەوەش کە نەک هەر ڕووی لە هیچ کردەوەیەکی تێرۆریستی نەکردووە بگرە دژ بە تیرۆریزم و جیهادیزم ڕاوەستاوە و لەو بوارەش دا قوربانی زۆری داوە، بەسەر ئەوەش کە دەوڵەتەکانی ئێران و تورکیە بە کوشتنی سیاسەتوانەکانی کورد لە چوارچیوەی تەعریفی دەوڵەتی تیرۆریست دا جێ دەگرن، بەڵام دەوڵەتە زلهێزەکان وەک ئەمریکا و یەکیەتی ئوروپا و چین و ڕووسیە نەک هیچ بەردێکیان لە سەر ڕێگای بەردەڵانی خەباتی کورد دا لا نەبردووە بگرە کورد بۆتە قوربانی بێ دەنگی و

بێ تەفاوەتی و خەمساردی و تەنانەت ڕێککەوتنی ئەو هێزانە دەگەڵ دەوڵەتە داگیر کەرەکانی کوردستان . کورد بە دروستی ئەو هەستەی بۆ پێکهاتووە کە لە لایەن زلهێزەکانەوە وەلانراوە و لە پەراوێز خراوە.

بە تەنیا مانەوە و بێ پشتوانەیی بۆ نەتەوەی کورد ئەوەی لێ درکەوتووە کە سەدەیەک پاش سایکس پیکۆ چەند باژاڕ و شاری گەورە و بچووکی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان تووشی هێرش و داگیرکاری سپای عێراق و تورکیا بوونەوە. دەوڵەتە بە نێو هاوپەیمانەکان خۆیان نەکردە خاوەنی و بێ دەنگ و بێ لایەن مانەوە و ئەوەش مانای لایەنداری لە دەست درێژییەکانی دەوڵەتی عیراق و دوو دەوڵەتی تیرۆریست و تیرۆریست پەروەری ئێران و تورکیا بوو!!!

ئەو بەسەرهاتە دەری خست کە کورد هاوپایمانی ستراتیێژیکی نیە، نزیک بوونەوەی دەوڵەتان لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕەهەندی تاکتیکی هەیە و لە دەوری بەرژەوەندییە کاتی و تەسکەکان دا خۆی دەبینێتەوە، ڕوونە کە لە و حاڵەتەش دا بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد لە بەر چاو ناگیرێ، تەنێ قازانجەکانی خۆیان گرنگ دەمێنێتەوە.

لە لایەکی دیکە وە ئۆمەتی ئیسلامیش کورد بە موسلمان نازانن و بگرە ململانیشی لە گەڵ دەکەن، چاو خشاندنێک بە هەڵس و کەوتی عەرەبە موسڵمانەکانی دانیشتووی ئورووپا لە گەڵ کوردەکان بە لایەنداری لە تورکە ڕەگەز پەرستەکان و هەروەها بۆ پشتگری لە جیهادیسم و شەڕی داعش دژ بە نەتەوەی کورد ئەو ڕاستیەمان بە زەلالی پێ دەسەلمێنێ.

بەڵام گرچوو برترین زیانێک کە بەر شۆڕشی کورد کەوتووە پەرتەوازە بوون و نەبوونی یەکیەتی ناوخۆیی بووە، ڕەنگە بکرێ باس لەوە بکەین کە لە ڕاستی دا هێزە سیاسیەکانی کورد نەیان توانیوە، یان باشتر بڵێین نەیان ویستووە لەسەر بنەمایەک بو دابین کردنی چەشنەیەکگرتوویەک کۆببنەوە:

- پەرش و بڵاویی سیاسی: کورد نەیتوانیوە لە سەر داخوازەکانی خۆی یەک چەمک و یەک دروشم بکاتە هەوێنی تێکۆشانی سیاسی. لە سەر دامەزراندنی ستراتژیەتیەکی هاوبەش ڕێک نەکەوتووە، دیارنیە ئەو پرسە گرنگەیان بۆ کەنگێ هێشتۆتەوە؟

- هێژێمۆنی: دابەش بوونی کوردستان بۆ سەر دوو لایەن و هێزی سیاسی کوردستان کە لە ئەنجامدا هەر یەک لەوانە بەشێکی زۆر لە هێزەکانی دیکە بە دوای خۆیان دا دەکێشن و بزاڤی کوردیان کردووە بە دوو جەمسەری.

- هێزێکی سەربازی هاوبەش لە نێوان ئەو هێزانە تەنانەت لە ناو حکومەتی کوردستانیش دا دانەمەزراوە.

- لە دەرەوەی وڵات هیچ هەنگاوێکی جیددی بۆ دەستەبەرکردنی دوست و پێوەند و یان بۆ لۆبی گەری نەهاویشتراوە، کوردانی دیاسپۆراش ئەو باسە گرنگەیان پشت گوێ خستووە و نەیان توانیوە لایەنی دەرەکی بۆ پشتگری لە خەباتی کورد دا ڕابکێشن. دیاسپۆرای کورد تووشی چەند بەرەکی و چەند جەمسەری بووە و بە پێچەوانەی مێژووی دیاسپۆرای نەتەوەکانی جیهان چ دەورێکیان لە خۆ نەگرتووە بو ناساندنی پرسی کورد بە کۆمەڵگاکانی کە لێی دەژین.

- نەبوونی یەکیەتی و ئۆرگانی نوێنەرایەتی تەواوی هێز و حیزب و ڕیکخراوی سیاسی کورد لە دەرەوەی وڵات بووە بە هۆی سەرلێ شێواوی لایەنەکانی دەرەکی و لە ئەنجام دا نەبوونی متمانە بۆ سەر هێزە جیاجیاکانی کورد.

ئەوخاڵانەی سەرەوە دەردەخا کە نەتەوەی کورد بە پێچەوانەی زۆرێک لە بزووتنەکانی ڕزگاریخوازی جیهان سوودی لە گۆڕانکاریەکان و بەرەوپێشەوە چوونەکان وەرنەگرتووە و لە چوارچێوەیەکی تەسکی بەرژەوەندی حیزبی و ناوچەیی دا چەقی بەستووە.

خەباتی کورد دەبێ گۆڕانکاری بە سەر دابێت، درێژەپێدانی ستاتوکۆ و مانەوە لە سەر شێوەی کلاسیک زیان دەگەینێت بە شۆڕشی کوردستان.

بەڵام لە هەمان کات دا دەبێ باس لە وەش بکەین کە خەباتی کورد پێشکەوتنی بەرچاویشی بەخۆیەوە بینیوە. لە ئاستی ناوخۆیی، لە ناوچە و لە ڕووی ناونەتەوەییی:

- دان پێداهێنان بە پرسی کورد، بە خاکی کوردستان و بە بەربڵاوترین و گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت بەرلە هەر شتێک دەسکەوتێکی مەزنە، لە دۆخی شپرزە و شڵەژاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرسی کورد گەورەترین، بە هێزترین، پێشکەوتووترین و بەنرخترین بزووتنەوەیە لەو ناوچە گرژ وئاڵۆزە دا.

-

بایەخدان بە خەباتی کورد بە هۆی ڕێز گرتن لە پلورالیزم، فیمێنیزم و بەرابەری ژن لە گەڵ پیاو، لە پرەنسیپە ئینسانی و دیموکراتیە ناو نەتەوەییەکان وەک ئازادیە دیموکراتیەکان، پرەنسیپە یەکسانیەکانی ناو کۆمەڵگا، ڕێزگرتن لە کەمایەتیە نەتەوەیی و ئایینیەکان.

- بەربەرەکانی لە گەڵ ئیسلامی سیاسی و هەروەها بەرهەڵستکاری لە گەڵ تیرۆریزم و جیهادیزم، ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) و باقی هێزە جیهادیستەکان لە ڕۆژئاوا و لە باشووری کوردستان و تێک شکاندنیان لەسەر گۆڕەپانی شەڕێکی هەمەلایەنە بۆ ماوەی چەند ساڵ بوو بە هۆی ڕێزگرتنێکی زۆر لە لایەن بیر و ڕای گشتی جیهان، بەڵام لە ڕووی سیاسی هێزە هاوپەیمانەکان کە بریتی بوون لە ئەرتەشی وڵاتانی سەرمایەداری جیهان هیچ چەشنە پشتگرییەکی ئەوتۆیان نەکرد لە خەباتی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان: لە چەند دانیشتنی سازکراو لە لایەن ڕێکخراوی نەیەوە یەکگرتووەکان لە شاری ژنێو لە وڵاتی سویس، هیچ نوێنەرێکی کوردیان بانگ هێشتن نەکرد بۆ بەشداری کردن لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان لە سووریەکی دیموکراتیک. لە باشووری کوردستان، لە پاش ڕێفراندۆمی سێپتامبری ٢٠١٧، کورد کەوتە بەر پەلاماری ئەرتەشی عیراق و هێزی سازکراوی کۆماری ئیسلامی ئێران بە نێوی حەشدی شەعبی لە شاری کەرکووک، دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی خۆیان گێل کرد.

بوونی دوو ناوچەی نیوە ئازاد لە سەر نەخشەی کوردستان لە باشوور و لە ڕۆژئاوا وەک قەوارەیەکی سیاسی - ئیداری - حقوقی لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم، دەرفەتێکی گەورەی بۆ کورد ڕێک خستووە وەک ئانتیتەیەکی کوردی. هەرچەندە کە لە لایەن دەوڵەتە دیکتاتۆڕەکانی ناوچەی کە بە سەر خاکی کوردستان دا زاڵن کەوتۆتە ژێر مەترسی گەورە و هەمووکاتێک شەڕ و تێک هەڵچوون هەڕەشەیان لێ دەکا بەڵام جاری یەکەمە کە لە مێژوو دا دوو بەش لە کوردستان پێکهاتە و دام و دەزگای دەوڵەتی و حوکمڕانی بەڕێوە دەبەن و توانیویانە تا ڕادەیەک بیر و ڕای گشتی جیهان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

یەک نەگرتوویی کورد بە داخەوە لەو سەردەمەش دا بەردەوام زیان بە بزووتنەوەی کور دە گەیێنێت و وەک ئالنگارێک قیت بۆتەوە لە بەرامبەر شۆڕشی کورد، گۆمانی تیدانیە کە نەوەکانی داهاتوو لە بەرپرسانی ئەوڕۆ نابوورن سەبارەت بە خۆگێل کردن و هەست نەکردن بەو بەرپرسیارەتییە.

پرسی کورد چۆن دەکرێ چارەسەربێت؟ ڕێگا چارەسەرییەکان کامانەن؟ نەخشە ڕێگاکان کێهانەن؟ ئەگەرەکراوەکان چن؟ کۆمڵگای مەدەنی چ دەورێکی دەبێت؟ خەباتی چەکداری چەندە دەتوانێ لە خزمەت خەباتی کورد دا بێت؟

خوێندنەوەی کتێبی نووسەر کە لە پێش چاوتانە هاسانکاری دەکا بۆ چاوخشاندن بە ڕووداوەکان وەرگرتنی ئەزموونەکان و ڕوونکردنەوەی ئەوە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ چەشنە ڕێکار و ستراتژیەک سامانە بکرێت بۆ داهاتوو. یەک شت سوورە ئەویش ئەوەیە کە دیموکراتیزاسیۆن لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی وەک ئێران بە بەشداری و چالاکی تەواوی نەتەوەکان

دەستەبە دەبێ. لە کوردستانیش بە لە بەرچاوگرتنی هەموو نوێنەرانی لایەنە جیاوازەکان، تەنیا لەو حاڵەتە دایە کە ئەسلی پلورالیزمی سیاسی لە ئێران و کوردستان وەدی دێت.

**عەزیز ماملێ**

**پاریس، ٢٥ی ئۆکتۆبری ٢٠٢١**

---

## "پێشەکی"

**وەرگێڕانەوەی کتێبی: "دفاع از دو چهره برجسته جنبش ملی کرد، زنده‌یادان قاضی محمد و احسان نوری پاشا و ماجرای انتخابات دوره هفدهم مجلس شورای ملی در مهاباد"**

بەڕێز کاک حەسەنی قازی سەرە ڕای کاری پڕ و پتەوی ڕۆژنامەوانی، بەردەوام کۆمەڵێک ئەرکی نووسینی کتێب، وتار، و وەرگێران لە زمانەکانی ئینگلیزی و فارسی بۆ سەر کوردی گرتۆتە سەر ملی خۆی و بێ وچان خزمەتی ئەدەب و سیاسەت و مێژووی کورد دەکا. یەکێک لە کارە بەنرخەکانی، وەرگێڕانەوەی کتێبی: "دفاع از دو چهره برجسته جنبش ملی کرد، زنده‌یادان قاضی محمد و احسان نوری پاشا و ماجرای انتخابات دوره هفدهم مجلس شورای ملی در مهاباد" یە بە کوردی کە بە خامەی جوانی جەنابی سارمەددینی سادق وەزیری یە کە لە ساڵی ١٣٨٣ بە فارسی لە چاپ دراوە. مەبەستی کاک حەسەنی بەڕێز ئەوەیە کە کوردەکانی باشووری کوردستانیش بتوانن دەستیان بگاتە ئەو کتێبە بە نرخە و لە زانیاریە بە کەڵکەکانی سوود وەربگرن. بە راستی حەیف دەبێ کە توێژەران و لێکۆڵەرانی کورد نەتوانن لە بەدوادا چوونەوەکانی مێژوویی و ڕوون کردنەوەی ڕووداوەکان و شرۆڤە کردنەوەی بەسەرهاتەکان کە لەو کتێبە دا ئاماژەی پێکراوە ئاگادار نەبن. بە تایبەت لەزمان و بە قەڵەمی زانا و شارەزایەکی مەزن، بە ئەزموون، ڕاست و دروست و بە پرەنسیپ و بە ئەخلاقی سیاسی، وەک مامۆستا و گەورەپیاوی هەڵکەوتووی کورد جەنابی سارمەددینی سادق وەزیری کە بە ڕاستگۆیی و بە بێ لایەنداری باس لە ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکان دەکا، پێچەوانەی زۆربەی ئەو کەسانە کە بیرەوەریەکانی خۆیان دەنووسنەوە و خۆیان دەکەن بە قارەمان و لە گشت بەرپرسیارەتییەکان خۆ دەدزنەوە و کەم و کوڕیەکان بە سەر ئەوانی دیکە دادێنن و خەڵکیش بە خەتابار و کەم کار و نەفام و نا بەرپرسیار ناو دەبەن.

بەشدار کردنی گەنجەکان و ئاگادار کردنەوەیان لە باس و بابەتەکان و ڕوونایی خستن بۆ سەر لایەنە بوومەلێڵەکان چ لە ئێستا و چ لە داهاتوو ویستی نووسەر بووە، گەلێک شتی نە وتراو و نە بیسراو هەیە کە لاپەڕەکانی ئەو کتێبە دا چاومان پێ دەکەوێ.

لەو کتێبە دا نووسەر جوابی لێدوانەکانی خوالێ خۆشبوو دوکتور هاشمی شیرازی داوەتەوە و لە پەراوێزی بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ بابەتە ناڕاست و ناڕەواکان کە بە شێوەیەکی ناڕێک و ئاست نزم ئاراستە کراوە، کۆمەڵێک باسی تازەیان هێناوەتە گۆڕی کە پڕ بایەخ و بە نرخە. بەختەوەرانە کاتی خۆی کتێبی "بیرەوەرییەکانی دوکتور شیرازی گەیشتە دەستی من و بۆم دەرکەوت کە ڕاگەیاندراوەکانی خاوەن بیروەرییەکان چەندە بە بنەما و سوبژێکتیوە، هەر کە بەتەلەیفون ئەوەم بە عەرزی

جەنابی مامۆستای خۆم گەیاند داوایان لێکردم بۆیانی بنێرم و بەختەوەرانە قۆڵیان لێ هەڵماڵی و کتومت دەستیان کرد بە ڕەد کردنەوەی ساختەکارییەکان و قسەکان کە دژایەتییان هەیە لە گەڵ ڕەوت و ڕووداوە مێژووییەکان.

### ئەو کتێبە لە سێ بەش دا ئامادەکراوە:

لەسەر بیرەوەرییەکانی جەنابی سارمخان لە جەنابی پێشوا قازی محەممەد، هەروەها لەسەر جەنابی ئێحسان نووری پاشا ڕێبەری بزووتنەوەی ئارارات لە باکووری کوردستان، لە دوایی دا لەسەر دڵسۆزییەکانی نووسەر بۆ سەر تەڤگەڕی کورد، بۆ زیندوو کردنەوە ی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەرگری لە پووکانەوەی. بۆ ئەو مەبەستەش خۆ بە کاندید کردنی بۆ نوێنەری هەڵبژاردنەکانی  دەورەی حەفدەی مەجلیسی ئێران.

### لەسەر قازی محەممەد

نووسەر، بە ڕێز و حورمەت باس لە مەتانەت، خۆ بە زل نەزانی، ڕادەی بەرزی تێگەیشتوویی و زاڵ بوون بە سەر سیاسەت و دیپلۆماسی بەڕێز قازی محەممەد دەکا. ئاماژە بەوە دەکا کە هەموو هەوڵەکانی لەوە دا جێێ دەگرت کە سەرەداوەکەی بڕیارەکانی حکومەتی کوردستان بە دەست خۆیەوە بێت لە پێناوی بەرەو پێشەوە بردن و سەرکەوتنی داخواز و داواکاریە نەتەوەیی و دیموکراتیەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

### زانیاریەکانیانی سارمخان سەبارەت بە:

سەفەرەکانی پێشەوا قازی محەممەد بۆ تەورێز و تاران و چاو پێکەوتنەکانی سەرۆک کۆماری کوردستان لە تاران دەگەڵ سەرۆک وەزیر و لایەنەکان، دەگەڵ پیشەوەری، کەش و هەوای سیاسی ئەو سەردەمە، قورسایی هەڕەشە و مەترسییەکان، هەڵوێستی دەسەڵاتی ئێران، ڕەوشی کورد لە ناو مێدیاکان و بێکەسی و بێ دەرەتانی کورد و پێچاو پێچ بوونەکانی پرسی کورد، دەنگە ناسازەکان و هەیمەنە و هەژەمۆنیی ئازەرییەکان (تورکەکانی ئێران) و فرت و فێڵەکان، پاوانخوازیەکان و فراوانخوازیەکانیان، دەست تێوەردانەکانی بەرپرسانی یەکیەتی سۆڤیەت و ناوبژیوی کردنیان بۆ چارەسەری کێشەکان لە نێوان دوو حکومەتی ئازەربایجان و کوردستان بە قازانجی کورد، ڕیککەوتنەکان و پەیمانەکانی نێوان پێشەوا قازی محەممەد و پیشەوەری، پەیمان شکێنیەکانی ئازەربایجان و لە پەراوێز خستنی کوردەکان لە لایەن تەورێز و تاران و چەند بابەتێکی دیکە فرە بە نرخ و بەکەڵکە. لە کەم شوێن دا لە سەر ئەو دۆخە تایبەتییە بەو شێوە ئاگاداری ئاراستەی خوێنەران کراوە. تایبەتمەندی فەرهەنگی جەنابی سادق وەزیری و پلەی بەرزی زانیاری و ئاگاداری و کەڵک وەرگرتن لە

پەیوەندی و نزیکایەتی لە کۆڕ و کۆمەڵانی ئێرانی، لێزانی، وریایی و وردبوونەوەی کەم وێنە لە چەمکەکان یارمەتیدەری دۆزینەوەی ڕاستییەکان و پاک کردنەوەیان لە قسە بێ سەرە و بەرەکان بووە.

نووسەر باس لە دەوری گرنگی یەکیەتی سۆڤیەت دەکا لەسەر سڕ کردنەوەی گوشارەکانی بەرپرسانی حکومەتی ئازەربایجان بۆ سەر پێشەوا و هاندانیان بۆ چارەسەربی کێشە مەترسی دارەکان. بێکهاتەی بەرەی نێوان دوو حکومەت دژ بە تاران و ڕێککەوتننامەی ٢٣ ی ئاوریلی ١٩٤٦ لە نێوان دوو حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان لە سەر بانگهێشتنی پێشەوا بۆ تەوریز سەری گرت و بەم شێوە پرۆژە مەترسیدارەکەی حکومەتی ئازەربایجان بۆ لکاندنی خاکی کوردستان سەری نەگرت. نووسەر ئاگای لە وردەکاریەکانی سەفەری جەنابی پێشەوا بۆ تاران بووە و لە کتێبەکە دا ئاماژەی پێکردووە.

سارمخان جەخت دەکاتەوە کە پێشەوا بە پێچەوانەی لێدوانەکەی دوکتور شیرازی، لە پاش چاوپێکەوتن دەگەڵ قوام السلطنە کە لەسەر بانگ هێشتن لە قازی محەممەد پێکهات، هیچ بێ ڕێزییەکی بە ڕێککەوتنەکەی دەگەڵ حکومەتی ئازەربایجان نەکردووە و بە تەواوی نزیکایەتی لە گەڵ ئازەربایجان پاراستووە و نەکەوتۆتە ژێر داو و داواکارییەکانی قەوام.

نووسەر بۆ پێداگرتن لە سەر ئەو لێکدانەوەی خۆی ئاماژە دەکا بەو خاڵە گرنگە کە لەپاش ڕێککەوتنی دوو حکوومەتی کوردستان و ئازەربایجان هاوپەیمانیەتییەکی بەربڵاو پێک هات لە نێوان حیزبی دیموکراتی ئێران، حیزبی توودەی ئێران، حیزبی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستان و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کە ڕێک بە پێچەوانەی سیاسەتی حکومەتی قوام بوو.

نووسەر پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە سەرۆک وەزیری ئێران قوام السلطنە ڕوی خۆشی نیشان نەدا بە نەمر پێشەوا و تەنانەت بەیەک شێوە پێشوازیان نەکرد لە سەرۆکایەتی دووحکومەتی ئازەربایجان و کوردستان . نوێنەرانی قەوام چەند جار چاوپێکەوتنیان کرد دەگەڵ هەیئەتی ئازەربایجان بە تایبەت مظفر فیروز کە جێگری سەرۆک وەزیر بوو، پەیوەندییەکان دەگەنە ئاکام و دەبێتە هۆی واژۆ کردنی گرێبەستێک لە ڕۆژی ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٢٥لە ١٥ خاڵ دا.

نووسەر دەنگۆ بێ بنەماکان، لێدوانە نالەبارەکان، بۆچوونە نارەواکان و قسە هەڵبەستراوەکان کە سەبارەت بە پێشەوا و هەڵس و کەوتەکانی لە کتێبی دوکتور شیرازی دا جێی گرتووە بە بەڵگەی سەلمێنەر ڕەد دەکاتە وە. ڕاستیەکان دەردەخا بەتایبەت لەسەر کۆمەڵەی ژێکاف ڕاگەیەندراوەکان لەسەر قازی محەممەد بەو شێوەیە کە لە کتێبی بیرەوەرییەکانی دوکتور

شیرازی دا هاتووە بە ناڕاست ناو دەبا. هۆندنەوەی هەواڵی دیداری تایبەتی پێشەوا دەگەڵ باڵوێزی ئینگلیزیش بە پێچەوانەی حەقیقەت دەزانێ و بێ بنەمابوون و ناڕاست بوونی ئەو هەواڵە لە لایەن جەنابی سارمخان زەق دەکرێتەوە و دەردەکەوێ کە ئەو دیدارە هیچ کاتێک وەدی نەهات.

سارمخان بیر و فکر و کرداری سیاسی قازی محەممەد زۆر بەرز دەنرخێنێ و بە متمانە چاو لە هەڵسووڕاوییە سیاسی و دیپلۆماتیکە بەجێ و ڕیبەکانی دەکا، قامک ڕادەکێشی بۆ چاوەدێرییە بە نرخەکانی لە ئاستی دیپلۆماسی لە ئیران و لە پەیوەندی لە گەڵ  وڵاتە زلهێزەکانی وەک یەکیەتی سۆڤیەت، ئینگلیز و ئەمریکا.

سارمخان هەر لە ساڵێ ١٣١٩ وە شانازی ئاشنایی لە گەڵ بە ڕێزان قازی محەممەد، سەدری قازی و محەممەد حوسێن سەیفی قازی پەیدا دەکاله شاری تەورێز. لە کاتی بانگهێشتنی قازی محەممەد بۆ تاران لە لایەن قوام السلطنە، دووجار چاوپیکەوتنیان دەبێ. سارمخان لە وتارەکان و ڕاگەیەندراوەکان و نووسراوەکان، وەک سەرقافڵەی شەهیدانی کوردستان باس لە قازی محەممەد دەکا.

### بۆ ئێحسان نووری پاشا

لە لێدوانەکانی نووسەر لە سەر جەنابی ئێحسان نووری پاشا چەند شت دەردەکەوێت:

بەر لە هەر چ شتێک، بەشی دەرد و حەسرەتی غەریبایەتی کە خوێنەر هەست دەکا بە وە کە ژیانی سەرکردەیەکی کورد لە تاراوگە تا چ ڕادەیەک دڵهێش و گیان تەزێنە، ژیانی پەنابەری و غەریبایەتی لە ناو دڵ و هەست و ڕەمز و ڕازەکان دا بۆ مرۆڤی سیاسی چەندە تاقەت پڕووکێنە، بە تایبەت بۆ کەسێک کە ڕۆژێک لە بەرزایی ڕێبەرایەتی بزووتنەوەیەک دا کۆمەڵێک ئاوات و ئامانج و بەرنامە و ستراتێژی گەڵاڵە کردبوو. ژیانی پەنابەری لە ژێر چاوەدێری دەوڵەتێک کە چاوی بە کورد  هەڵنایە دەبێ چەندە زەحمەت بێ. لە لاپەڕەکانی ئەوکتێبەدا و لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی نووسەر، دەردەکەوێ کە زیندوویاد ئێحسان نووری پاشا لە تاران ژیانێکی پڕ لە ئازار و مەینەتی تایبەت بە دوورەوڵاتی بردۆتە سەر بەڵام بوێرانە و دلێرانە، بەزیپک و بە زەبر و زەنگ ماوەتەوە و ڕابردوو و داهاتووی سیاسی لە بیر نە کردووە و بە دەست نەڕۆیشتوویش هەر هەوڵی خۆی داوە بۆ بەرەو پێشەوە بردنی ڕەوتی بزاڤی کورد.

کوردەکانی ڕۆژهەڵات، دانیشتووی تاران بۆ ڕێز گرتن لە کەسایەتی،  پلە و پایە، جێگە و پێگە لە ناو کۆمەڵانی

خەڵک، خزمەتەکانی ئێحسان نووری پاشا بە پرسی کورد و دەوری گرنگ لە مێژووی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد دەستی قەدر و حورمەتیان لێناوە و هات و چۆیان کردووە. نووسەر ناوی کەسانێکی بردووە لە کوردەکانی ڕۆژهەلات کە وەک بەشێک لە ڕووناکبیرە بە ئەرکەکان لە خەڵکی کرماشانەوە گرتوویەتی هەتا دەگاتە موکریان سەردانی ئەو ڕیبەرە کوردە بە قەدرەیان کردووە و بە هەستی پیزاین هەستان و دانیشتنیان دەگەڵ کردووە و ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستێیە کە کوردایەتی لە لایەن ڕۆشنبیرانی هەموو شارەکانی کوردستان بە هێز بووە و بەشێک لە وانە پەیوەست دەبن بە "کۆمای ڕەش"، بوونی چەند کەسایەتی بە ناوبانگی خەڵکی کرماشان سەرنج ڕاکێشە. هەر لەو بەستێنە دا نووسەر بەشێک لە لێدوانەکانی دوکتور شیرازی بە ڕاست نازانێ.

دوکتور شیرازی زۆر هەوڵی داوە کە خۆی زۆر نزیک لە ئێحسان نووری پاشا بناسێنێ، سارمخان تا رادەیەکی زۆر ئەو لێدوانانە ڕەد دەکاتەوە.

سارمخان دراوسێی ئێحسان نووری پاشا بووە ویەکێک لەو کەسانە بووە کە بە شێوەیەکی ڕێک و پێک هات و چۆی کردووە، کۆمەڵێک ئاگاداری و زانیاری داوەتە دەر کە لە هێچ شوێنێک دا نە دیتراوە و نەبیستراوە. سەرۆکی بزووتنەی ڕزگاریخوازی ئارارات لە لایەن هێزە ئەمنیەکانی ئێران دەستگیر دەکرێ و لە ژێر گوشارەکانی دەوڵەتی تورکیە دەکەوێتە بەر مەترسی ڕادەست کردنەوە. بە هۆی چالاکیی بەرفراوان لە لایەن کوردەکان و هەرمەنیەکان و ناردنی نامە بۆ سەرۆکانی سێ وڵاتی هاوپەیمان: یەکیەتی سۆڤیەت، ئەمریکا و ئینگلیز لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٣ بەشداری کۆنفرانسی تاران دەبن ڕزگاری دەبێت.

ئێحسان نوری پاشا هۆکاری زیندانی کردنی خۆی بۆ سارمخان گێڕاوەتەوە و دەرکەوتووە کە سۆڤیەتیەکان لە بەرنامەیان دابووە و داویان کردووە کە ئێحسان نووری پاشا سەرۆکایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە دەستەوە بگرێت.

ئێحسان نووری پاشا لە دۆخێکی نارەوای ماڵی دا لەگەڵ خانمی بەڕێزی لە تاران ژیان تێپەڕ دەکا. لەو سەردەمە دا سارمخان بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ڕەوشە دڵتەزێنە بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک بۆ دەستەی کارگێڕی حیزبی توودەی ئێران داوای یارمەتییان لێ دەکا کە بێ بەرسیو دەمێنێتەوە.

باسی "کۆمای ڕەش" (کۆما ڕەش)، بابەتێکی مێژوویی دیکەیە کە سارمخان وەک ئەندامی سوێندخواردووی جێی متمانەی بەڕیز نووری پاشا لەو کۆمایە دا جێی گرتووە و ڕوونکردنەوەی لەسەر داوە. نووسەر بە وردی جوابی هەندیک لە راگەیەندراوەکانی دوکتور شیرازی دەداتەوە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی دەگەڵ نوێنەری ئەمریکا و بۆچوون و

بەرنامەکانیان بۆ کورد و بە تەواوی وەک بێ بنەمابوون، وتەکانی ناوبراو ڕەد دەکاتەوە.

ڕۆژی کۆچی دوایی زۆر بەڕێز ئێحسان نووری پاشا لە ٢٥ ی مانگی مارسی ١٩٧٦ لە تاران، من لە گەڵ برادەرێکی خۆشەویستی گیان فیداکردووم لە ڕیزەکانی کۆمەڵە دا، کاک سولەیمانی بلووری لە ڕێ و ڕەسمی بە خاک سپاردن و لە پاشان سەرەخۆشی دا بەشداریمان کرد، دوکتور شیرازی بەشداری ڕێ و ڕەسمەکە بوو و هۆنراوەیەکی بە هەستی کە بەو بۆنەوە هەڵی بەستبوو ئاراستەکرد، لە بەر هەستی پڕ سۆز و کڵپەی گریان بۆی تەواو نەکرا.

سارمخان دەنووسێ:

" ئێحسان نوری پاشا هێچ کاتێک لە بیر و فکری وەدی هێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد غافڵ نەبوو..."

**هەڵبژاردنی ساڵی مەجلیس ١٣٣٠ لە مەهاباد**

بەسەرهاتەکانی هەڵبژاردنی دەورەی حەفدەی مەجلیسی شووڕای میللی لە شاری مەهاباد یەکێکە لە هەرە خاڵە گرنگەکانی ئەو کتێبە، لە بەر ئەوە کە دەردەخا کە جەنابی سارمخان بە هەست و خواستی خۆی و بە سەربەخۆیی تەواو، بڕیار دەدا بێت بۆ شاری مەهاباد و دوو نیشانە بە تیرێک بنگێوێ:

یەکەم: تێکۆشان بۆ هەڵبژاردن بۆ نوێنەرایەتی لە مەجلیس، نوێنەری شارێک کە ٧ ساڵ پێشتر پێتەختی کۆماری کوردستان بووە و بە گوڕ و بە تین بە کەش و هەوایەکی سیاسی دا تێپەڕ دەبوو، مەبەستی سەرەکی کاندیدی سەربەخۆی کورد ئەوەبوو کە لە سەرتریبوونی پارلمانی ئێران پاراستنی داخوازەکان و مافەکانی نەتەوەی کورد بکا.کاندیدی ئەودەورەیە گەنجێکی بەهەست، خوێندەواری بواری حقوق، مافناس و دادوەری دادسەرای تاران بوو.

دووهەم: هەوڵدان بۆ دەست پێکردنەوەی خەباتی سیاسی لە چوار چێوەی تەشکیلات و قەوارەی حیزبێک کە ڕێبەری پێشووی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان بوو و سەرقافڵەی شە هیدانی کوردستان.

سارمخان بە ڕاشکاوی دەسەلمێنێ کە هیچ یەک لەو کەسانە کە لە نووسینەکان و بیرەوەرییەکانیان ئاماژەیان بە هەڵبژاردنی دەورەی حەفدەی مەجلیسی ئێران کردووە نەپڕژاونە سەر جەوهەری سەرەکی ڕووداوەکە وچۆنیەتی سەربردەکانیان

ڕوون نەکردۆتەوە، هەربۆیە بڕیار دەدا کە بەسەرهات و چالاکییەکانی خۆی و کاردانەوە و لێکەوتەکانی بنووسێتەوە و خوێندنەوەیەکی ڕاست و دروست لە پەیوەندییەکانی رابردوو، ئەوجۆرە کەڕوویداوە، لە گەڵ حیزبی دیموکرات و دەست پێکردنەوەی خەباتی حیزب لە پاش شەهیدبوونی قازی محەممەد و سەدری قازی و حەمەحوسێن خانی قازی ئاراستەبکا.

بە پێچەوانەی دەنگۆکان، جەنابی سارمخان نەک هەر لە لایەن حیزبی توودەی ئێران ئەرکی بەشداری لە هەڵبژاردن و ناساندن وەک پاڵێوراو بۆ مەجلیسی پێ نەسپاردرابوو، بەڵکوو تەنانەت بە بێ پرس و ڕای حیزبی تووده بڕیاری دا بۆ سەفەر بۆ مەهاباد و چالاکیی هەڵبژاردن.

جەنابی سادق وەزیری گەلێک بوێرانە لە گەڵ پلانەکانی دام و دەزگای ئەرتەش، ڕوکنی دوو، شارەوانی و ئێدارە دەوڵەتیەکان ڕووبەڕوو بۆوە و بە ڕێکخستنی گەنجە کانی شاری مەهاباد و دوەر و بەر سەرهەڵدانێکی مەدەنی پێک دێنێ کە وەک ڕووداوێکی سیاسیی جەماوەری چاوی لێدەکرێ و هەڵدەسەنگێندرێت. پشتگری خەڵک و بەشداری چالاکانەیان لە کار و باری هەڵبژاردن پەیوەندییەک لە نێوان جەنابی سادق وەزیری و دانیشتوانی شاری مەهاباد و گوندەکان پێک دێنێ و دەبێتە دەسپێک و سەرەتایەک بۆ دەست پێکردنەوەی خەباتی حیزبی. لە ڕاستی دا ڕووداوی هەڵبژاردن دەبێتە بنچینەیەک بۆ کۆ کردنەوەی زیاتری خەڵک لە دەوری حێزبی دیموکراتی کوردستان. پێویستە ئاماژە بکرێ کە کاندیدی کوردی گەنجی خەڵکی شاری سنە ئەوەندە خۆشەویستیی خەڵک لە سابڵاغ بۆ خۆی دەستەبەر دەکا کە خەڵک ناوی بچووکی ئەو،: "سارم" لە سەر کوڕەکانیان دادەنێن. نووسراواکانی جەنابی سادق وەزیری لەو کتێبەدا لەسەر هەڵبژاردنی مەهاباد و دەور و بەری بە تەواوی لە گەڵ ئەو شتانە کە دوکتور شیرازی باسێ کردووە لە ناکۆکی دایە و ئەوەش دەگەیەنێ کە لێدوانەکانی دوکتور هاشمی شیرازی لە گەڵ ڕاستییەکان یەک ناگرێتەو و نووسەر بە بێگەردی دەردەخا کە کە زۆربەی لیدوانەکانی دوکتور شیرازی پڕە لە قەبەکردن و فوو تێکردن، لە بۆچوونی ڕەمەکی و لە گۆشە نیگای خۆی بیرەوەریەکانی هۆندۆتەوە.

لێهاتوویی سیاسی - حقوقی سارمخانی سادق وەزیری بە جوانی، گوتراوە نالەبارەکان و نووسراوە ناڕەواکان وەدەردەخا و مەیدان نادا بۆ لەسەر کورسی دانانی وتە ناڕاستەکان و ڕاگەیاندنەکانی دوکتور شیرازی. جەنابی سارمخان لە خوێندنەوە کتێبەکەی کاک هاشمی سەلیمی کە زەحمەتی کۆکردنەوە و نووسینەوەی ڕاگەیاندراوەکانی دوکتور شیرازی گرتە سەر شانی خۆی زۆر تووڕە بوو لە بەر ئەوە کە درۆ و دەلەسەکانی ناو کتێبەکەی نەک هەر وەک ناڕاست بەراوەرد دەکرد بەڵکوو پێی وابوو کە زیان دەگەیێنێت بە میژووی کوردو بە بەرژەوەندییەکانی، بەختەوەرانە قۆڵیان لێ هەڵماڵی و دەستیان کرد بە نووسین و بە بەڵگە هێنانەوە و بە پشت بەستن بە سەرچاوەکان، بە شێوەی حقوقی وەک پارێزەرێکی قازی محەممەد لیدوانەکانی لە بێژینگ دا و هەرچی قسەی بێ جێ و بێ بایەخ و بێ بنەما و نادروست بوو دەری هاویشت و پووچەڵی

کردەوە، دەستەکانیان خۆشبێت.

لە چوارچێوەی هەوڵەکانی جەنابی سارمخان بۆ هەستاندنەوە و بووژاندنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەرگری لە پووکانەوە، هەر ماوەیەکی کورت لە پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان واتە لە ساڵی ١٣٢٦ ئالیکاری، هاوڕێیەتی و ڕاوێژکارییەکان لە گەڵ ئەندامانی حێزب دەست پێدەکا و دەوری گرنگ دەبینێ بۆ کۆڵنەدان و وازنەهێنان. جەنابی سارمخان بەگیانی کوردایەتی و بە نەفەسی دڵسۆزانە لە گەڵ ئەندامانی حیزب دانیشتن دەکا و گوێڕاگری دەکا بۆ داواکارییەکان و ڕێنوێنی یەکان ئاراستەیان دەکا.

پێشنیارەکانی چەند کادر و ئەندامی حیزب کە لە سەفەری تاران چاویان بە سارمخان دەکەوێ و وەک کەسێکی پایەبەرزی باوەڕپێکراو، بۆ دەست پێکردنەوەی خەبات پەسند دەکرێ و ئەزموون و ئامۆژگارییەکانیان پێ دەگەتێنیت. داوایان لێدەکا کە خۆ لە چەوت و چێلی بە دوور ڕابگرن و ڕسکانی دەورەیەکی نوێ بەدەستەوە بگرن. بە پێچەوانەی بەشێک لە بەشداربووان و لایەنگرانی کۆماری کوردستان کە پشتیان لە هەمووشت کرد و دەرگایان لە سەر ڕابردووی سیاسی و داهاتووی نەتەوەیی گاڵە دا و تەنانەت هەندێک باوەشیان وەدوژمن دا، نووسەر نەک هەر تووشی دوورەپەرێزی نەبوو، بەڵکوو لەسەر ئەو بیرە پیرۆزە بوو کە نابێ دواڕۆژی نێشتمان و نەتەوەی کورد بە قەدەر بسپێردرێ، هەوڵەکانی چڕ کردەوە بۆ دەست پێکردنەوە و سازکردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

متمانەی ئەندامانی حیزب هۆکارێکی دیکە بوو بۆ بڕیاری سارمخانی سادق وەزیری بۆ یارمەتیدانیان. لەو سەردەمە تایبەتیەدا کە لە پاش لە شەهیدکردنی پێشەوا قازی محەممەد، سەدری قازی و حەمە حوسێنی سەیفی قازی و شەهیدەکانی سەقز، ماتەمێکی قورس و خەمێکی قووڵ ڕوخساری خەڵکی داگرتبوو و ئاسەواری کۆستێکی گەورە بە سەرو چاوی خەڵک دا دیار بوو، جەنابی سارمخان بەو ئاکامە گەیشتبوو کە دەبێ یارمەتیدەری نۆژەن کردنەوەی خەبات و ڕێکخراوەکانی حیزبی بێت. ئەو کەساتیە سەربەخۆیە کە ئەو دەمە ئەندامی هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سەرانسەری ئێران نە بوو، بیر لە مەترسییەکان و لێکەوتەکان ناکاتەوە و دەوری ڕاهێنەری بۆ ئەندامانی حیزب دەگرێتە دەست و یارمەتی دەکا بۆ ڕۆنێسانسی خەباتی کورد و درێژەپێدانی سیاسەتەکانی حیزبی دیموکرات. مخابن هەتا ئێستاش ڕێبەرایەتی حێزب و کەسایەتییە کانی کۆن و نوێی ناو حیزب نەیان ویستووە ئەو ڕاستییە وەربگرن و دان بە خزمەت و پاڵنەریی و برەوپێدانەکانی ئەو بلیمەتە دابنێنن کە بۆ زیندووکردنەوەی شانەکانی حیزب و دەست پێکردنەوەی خەباتی سیاسی تۆماری کردووە !!!

جەنابی سادق وەزیری پێداگریان کردووە لە وە کە پاش تێکچوونی حکوومەتەکانی ئازەربایجان و کوردستان، سیاسەت و هەڵس و کەوتی ڕژیمی پەهلەوی بەرامبەر بەو دوو شوێنە وەک یەک نەبوو، تاران لە بەر بەشداری ئازەریەکان لە سیاسەت واتە حکومەت و لە ئابووری واتە بازاڕ، بەسەرئەوەش کە کوشتارێکی زۆریان لە تەورێز و دەوروبەری لە خەڵک کرد بەڵام ویستیان دڵی خەڵکی تورک زمان بە دەست بێننەوە و سیاسەتی لاواندنەوەیان گرتە پێش، بەڵام لە کوردستان سیاسەتی داگیرکەرانە ڕەچاو کرا و مەهاباد و دەورە بەر میلیتاریزە کرا بوو. سیاسەتی ڕژیمی پاشایەتی بریتی بوو لە پەراوێز خستنی کوردستان. کار بەدەستانی ڕژیم بە تایبەت نیزامییەکان سڵیان نەدەکرد لە قۆستنەوەی هەر دەرفەتێک بۆ سزادان و تۆڵە سەندنەوە لە خەڵکی کوردستان.

یەکێک لە هۆکارەکانی خۆکاندید کردنی جەنابی سارمخان بۆ دەورەی حەفدەی مەجلیسی ئێران ئەوەبوو کە کوردستان و بەتایبەت شاری مەهاباد و ناوچەی موکریان لە دۆخی سەربازی دەرباز بکا و بگەڕێتەوە بۆ سەر دۆخی ئیداری ئێران و لە ناوچەی داگیرکاریی سەربازی ڕزگاری بکا و بتوانێ وەک بەشەکانی دیکەی ئێران لە کەش و هەوای ئازادی سەردەمی مصدق کەڵک وەر بگرێ و چالاکیی سیاسی یاسایی بەدەستەوە بگرێ.

بە پێی لێکدانەوەکانی نووسەر ئەو شوێنە لە کوردستان تەنانەت لە سەردەمی حکومەتی زیندویاد دوکتور مصدق و دەور و بەر ناوچەی نیزامی داگیر کراو بوو. سارمخان لە سەر ئەو باوەڕەیە کە لە لایەن شێکەرەوەکان و سەربردە نووسەکانی حیزبی دیموکرات گرنگی بەو دۆخە تایبەتییە نەدراوە و بە شێوەی پێویست لەو بابەتە گرنگە ورد نە بوونەوە.

بە لەبەر چاو گرتنی دۆخە کە و بە درێژە پێدانی پەیوەندییەکان لە گەڵ ئەندامان و نوێنەرانی حیزب، جەنابی سادق وەزیری بڕیار دەدا کە خۆی وەک نامزەدی نوێنەرایەتی لە مەجلیسی ئێران بناسێنێ و پێداگری دەکا لەوە کە تەنیا بۆخۆی ئەو بڕیارە دەردەکا نەک حێزبی توودەی ئێران، بە پێچەوانەی ڕاگەیەندراوی دوکتور شیرازی و هەروەها کاک غەنی بلوریان لە کتێبی "ئاڵەکۆک".

کاندیدی مەجلیس هەر کە پێ دەنێتە ناو شاری مەهاباد ڕووبەڕوو دەبێ دەگەڵ پێشوازی گەرمی ئەندامانی حیزب و خەڵکی مەهاباد و گوندەکان، ئەوەش دەبێتە سەرەتای بە ڕێکخراوەکردنی کاری حیزبی و هەروەها ئەرکەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن، جەنابی سارمخان بە ڕاشکاوی بە ئەندامانی حیزب دەسەلمێنێ کە "دروشمی ستراتێژیک و سیاسی ئێمە هەر ئەوەیە کە بنەمای حکومەتی خودموختاری قازی محەممەدی پێک دێنا."

من کاتێک شانازی شاگردیم پێ بڕا لە دەفتەری جەنابی سارمخان، بە گوڕ و تین بیرەوەرییەکانیان لە سەفەر بۆ مەهاباد و خەبات و چالاکی هەڵبژاردن لە دەورەی حەفدەهەمی مەجلیس بۆ دەگێڕامەوە و وەک سەرهەڵدانێک باسیان لێوە دەکرد.
لە سەرەتای چالاکییەکان، بە دەسپێشخەری کاندیدی مەجلیس، ناوەندێک بە نێوی "ئەنجومەنی پاراستن لە ئازادی" دادەمزرێ و بەرنامە و پێڕەوەی بۆ ئامادە دەکەن بۆ ئەوە کە هیچ بیانوو پاساوێک نە بێ بۆ حکومەتی نیزامی کە لەمپەر بخاتە سەر کار و باری بانگەشەکان.

جەنابی سارمخان بە لێزانی، لێهاتوویی و لێ وەشاوەیی، تەواوی نەخشە و پیلانی نیزامیەکانی پووچەڵ کردەوە.

دەربار و نیزامییەکان بڕیاریان دابوو کە دوکتور حسن امامی، ئیمامی جومعەی تاران لە سندووقی دەنگەکان بێننە دەرەوە و وەک "هەڵبژێردراو "ڕای بگەیەنن، ئاکامی دەنگەکان سەرەڕای تەواوی چەواشەکارییەکان بە قازانجی سارمخان بوو بەڵام ڕێگرییان کرد لە ڕاگەیاندنی کاندیدی خۆشەویستی خەڵک و حەسەنی امامی یان وەک نوێنەر ڕاگەیاند. بەڵام ئەوەی کە سەرکەوت خۆشەویستی، وەفاداری، ئەمەگناسی کەسایەتییەکی کورد و خەڵکی کوردستان بوو بەرامبەر بە یەکتر کە بوو بە ئەوین و هەوێنی دۆستایەتی و مرۆڤایەتی دوولایەنە، دلۆڤانی، دڵاوایی و دڵاراییی درێژخایەن. سارمخان کوردستان و حیزبی دیموکراتی هەڵبژارد لە هەل و مەرجێک دا کە کەڵ بە موو بەند بوو، دووکەس وەک محمەد قازی و ئەحمەد قاسملوو لە لایەن حیزبی توودە وە وەک هاوڕێ بۆ پارێزگاریی و پاراستنی راسپارپاردرابوون نەیان وێرا خۆ لە دۆخەکە بدەن. خەڵکی مەهاباد و ناوچەش نوێنەری خۆیان هەڵبژارد و دیرۆکی کوردستان دووچەپکە گولێ ئاراستەی هەردوولا کرد.

سارمخان دەنووسێ:

"پرۆسەی هەڵبژاردنی دەورەی حەفدە لە مەهاباد لە پاش ڕاگەیاندنی حکومەتی خودموختار لە مەهاباد لە لایەن زیندوویاد قازی محەممەد گرنگترین ڕووداوی مێژووی حیزبی دیموکرات بوو، لە بەرئەوە کە هیوای بە داهاتوو و بە ئاسۆیەکی ڕووناک لە ناو دڵی کۆمەلانی خەڵک دا زیندووکردەوە و دۆخی ئاوێتەی پڕ لە سەرما و سەهۆڵ کە بە سەر کوردستان دا زاڵ بوو تواندەوە. سەرلە نوێ ناوی کورد و کوردستان و حیزبی دیموکرات لە ناو ڕۆژنامەکانی پایتەخت و شارەکان دەرکەوت و سەرهەڵدانی کۆمەڵایەتی تا رادەیەکی بەرچاو بەرزبۆوە..."

بەشێکی گرنگ لە مێژووی کوردستان لەو کتێبە دا ڕوونکردنەوەی بۆ کراوە، بابەتگەلی نوێی تێدا گونجاندراوە و هەڵسەنگاندنی بە نرخی بۆ کراوە لە لایەن کەسایەتییەکی پایەبەرزی کورد، نووسەرێک کە بە هەستیاری و

بەرپرسیارەتی لە سەر پرسی کورد لە دوو دەورەی مێژوویی دا بوو بە نوێنەر، بالوێز و وتەبێژی شۆڕسی کوردستان لە تاران.

لە سەردەمی کۆماری کوردستان، کاتێک سارمخان هەست بە وە دەکا کە بە پێچەوانەی حکومەتی ئازەربایجان کە لایەنگرانی زۆریان لە مێدیاکان و حیزبەسیاسییەکان دا هەبوو لە پایتەخت و پاڵپشتیان دەکرد لە دەسکەوتەکانی حکومەتی ئازەربایجان و هەواڵەکانیان بە لێشاو بڵاو دەکردەوە، لە لایەن حکومەتی کوردستان چ هەست و خوستێک لە گۆڕێ دا نەبوو، هیچ چەشنە ئیمکان و جم و جۆڵ وچالاکییەک نە بوو بۆ خۆ ناساندن و باس کردن لە چاکسازییەکانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خۆی، هەوڵ دەدا بێ دەنگییەکانی ناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بشکێنێ و بە دژواری ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزب و حکومەتی کوردستان وەدەست دێنێ و دەست دەکا بە وەرگێڕانەوەی هەواڵەکان بە مەبەستی ناردن بۆ ڕۆژنامە ئازادیخوازەکان. لەو ئەرکە دا لە یارمەتی پڕ لە هاودڵی و گەرم و گوڕی "محمود هرمز" کە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "ایران ما" و ئەندامی حیزبی تووده بوو کەڵکی وەردەگرت و خەبەرەکانی حکومەتی کوردستانیان لە و ڕۆژنامە و هەروەها لە ئورگانی حیزبی تووده دا بڵاو دەکردەوە. لەو سەردەمە دا جەنابی سارمخان جگە لە پەیمانێک کە دەگەڵ ئێحسان نووری پاشا بەستبووی ئەندامی هیچ حیزب و لایەنێک نەبوو.

لە سەر و بەندی شۆڕشی گەلانی ئێران در بە حکومەتی پاشایەتی، جارێکی دیکە بەڵام ئەو جارە بەهێز و توانایەکی زیاتر، بە ئەزموون و پێگەیشتوویی بەرز، بە بەژن و باڵای سیاسی و حقوقی کەم وێنە، بە پێگە و جێگەی بە قەدر لە نێو کۆمەڵگای ئێران و کوردستان لە تاران ئەرکی نوێنەرایەتی سەرهاڵدانی کوردی بە دەستەوە گرت و چ بە جوانی و بە دەوڵەمەندی، بە زانیاری و ژیری دەوری بینی بۆ ناساندن، پاراستن و پەڕاندنی مافەکانی کورد بۆ سەربەستی.

خاڵێک کە لەو کتێبەدا لە بیر چۆتەوە ئەوەیە کە جەنابی سارمخان بۆ خۆیان بۆ من باسیان کردبوو:

"خوێندکارەکوردەکانی خەڵکی کرماشان کە زۆرتر لە زانکۆی حقووق دەرسیان دەخوێند ڕۆژێک هاتن بۆ لای من و گوتیان ئێمە حەز دەکەین بچین بۆ مەهاباد و خزمەتی تەڤگەری کورد بکەین لە کۆماری کوردستان. یەکێک لەوانە سادق ئەحمەدی بوو کە لە پاشان پۆستی گەورەی لە وەزارەتی داد گرتە دەست و بوو بە وەزیر. ڕووداوەکان هێندە بە پەلە چوونە پێش کە ئەو سەفەرە هەڵنەسووڕا."

لە پەسنی ئەو بلیمەتە دا چەندی بگوترێ تەواو نابێ .

عەزیز ماملێ (خانە) فەرانسە، ٤ی نۆوامبری ٢٠٢١

## وتویژ لەگەڵ عەزیزماملێ مافناس سەبارەت بە کارنامەی کۆمەڵایەتی و سیاسی سارمەدین سادق وەزیری



بەرنامەی ڕاوێژ، تێلێڤیزیۆنی ستێرک،

چوارشەمە شەو ١٥ی ژوەنی ٢٠٢٢

**حەسەن قازی**: بینەرانی خۆشەویست بەخێر بێنەوە بۆ بەرنامەیەکی دیکەیَ "ڕاوێژ". لە ڕاوێژی ئەمجارە دا باسی کەسایەتییەکی کورد دەکەین نەمر سارمەدین سادق وەزیری. دیارە بۆ زۆر لە تێکۆشەران لە ڕۆژهەڵات و هەر وەها لە باشووری کوردستان ناسراوە بەڵام ڕەنگە لە بەشەکانی دیکە دا کەمتر ناسرا بێ. نزیکەی ١٤ ڕۆژ لەمەوپێش سەدویەکەمین ساڵی لە دایکبوونی سارمەدین سادق وەزیری بوو کە بەداخەوە لەساڵی ٢٠١٨ نزیک چوار ساڵ لەوە پێش وەفاتی کرد. لەم بەرنامەیە دا لەگەڵ بەڕێز عەزیز ماملێ مافناس و کەسایەتی کورد قسە دەکەین کە بە ساڵانی ساڵ لە نزیکەوە دۆستایەتی، ڕەفاقەت و هاوکاری هەبووە لەگەڵ سارمەدین سادق وەزیری. زۆر زۆر بەخێر بێی بەڕێز ماملێ. ئەگەر ئیزنت لە سەر بێ لە سەرەتاوە پێش ئەوەی کە بچینە نێو باسەکەمان، لە ساڵی ٢٠٠٦ لە تێلێڤیزیۆنی ڕۆژ دا چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێزیان کراوە بەشێک لە قسەکانیمان گوێ لێ بێ و ئەوە ببێتە دەروازەیەک بۆ چوونە ناو باسەکەمان.ئەگەر هاوکارانم ئێستا قسەکانی سادق وەزیری بڵاو بکەنەوە سپاسیان دەکەم.

سارمەدین سادق وەزیری: بۆ ئێمە، مەسەلەی ئەساسی بۆ میللەت کورد ئەوەسە کە بزانن کە یەک میللەتێک بە ناوی میللەتی کورد هەس. ئیعتیقادیان بەوە بێ کە:

١- میللەتێ بە ناو میللەت کورد هەس. ئەم میللەتە حەقی ئەساسی خۆی کە ئیمڕۆ لە تەواو دونیا بە ڕەسمییەت شناسیاگە، ئەم میللەتە لەم حەقەی بەرخوردار نییە. ئەشێ بەو حەقە بگەیت. بینا بەرئین هەر حیزبێ کوردی لە هەر بەشێک لە کوردستانا کە تەشکیل ئەوێت، کە فەعالە ئەشێ هەدەفی ئەساسی ئەوە بێت کە حەقێ میللەتێ کورد بە ڕەسمییەت بناسرێ و بدرێت. یانی ستراتیژی تەواو ئەحزابێ کورد یەکێکە، فەرق ناکات لە ئێران بێت، لە عێراق بێ، لە تورکیە بێ، لە سووریە بێ ستراتیژی یەکێکە. وەختێ ستراتیژی یەکێک بوو هاوپەیمانگەڵێ ستراتیژیک تەعیین ئەوێ. هاوپەیمانگەلێ ستراتیژیک هەر حیزبێ کورد ئەحزابێ کوردییە لە بەشگەل ترا. یانی هەر حیزبێک لە ئێران، فەرق ناکا لە عێراق، لە تورکیا بێژێت من لە تەک فلان سازمانێ غەیرێ کوردا ئیتیلافی ستراتیژیکم هەس ئەمە غەڵەتە. مەعنی ستراتیژیک حاڵی نەبووگە. ئەشێ میللەتی کورد وەختێ بەو کەیفییەتە کە شەرحم دا، وەختێ ئەساسێ هەدەف عیبارەت بوو لەوە ئەحزابێ کورد موئتەلیفی واقعی یەکترینن و بۆ ئەوە کە بتانن بە بێهتەرین وەجهە لەو مەوقعییەتە ئیستیفادە بکەن ئەشێ ئیرتیباتیان بێ بە یەکۆ. ئەحزابێ کوردی لە هەر بەخشێکا ئەشێ ئیرتیباتیان بێ بەیەکۆ. ئەگەر بتانن یەک دەفتەرێ ئیتلاعاتێ مەرکەزی دروست کەن کە تەواو ئیتلاعات ئەم بەش ئەو بەش لێنێ بوێت کە مونتەشیر بێ لە خاریجا، کە یەک نەوع هەماهەنگی بەوجوود بێت. ئیتیفاقێک ئەگەر لە تورکیا ئەکەفێت لە ئێران، لە عێراق، لە سووریا فەوری مەردوم عەکسولعەمەل نیشان بەن. نیشان بەن کە بەڵێ ئێمە عوزوی میللەتی کوردین ئەو مەسەلە کە پێش هاتگە مەسئەلەی تەنها تورکیە نییە مەسئەلەی ئێمەیچ هەس، مەسئەلەی عێراق نییە، مەسئەلەی ئێمەیچ هەس، مەسئەلەی ئێران نییە، مەسئەلەی ئێمەیچ هەس، مولاحەزە ئەفەرمووێ؟ ئەگەر بە هەمچی کەیفییەتێ بڕۆن وە بتانن سازماندەهی بکەن بۆ ئەم مەسئەلە، خوب موسەلەمەن وەزعێ موبارزاتێ میللەتێ کورد بەسوورەتێ تر دەرتێت، مولاحەزە ئەفەرمووی ئەمە یەک.

٢- دووەم ئینکێ موتەئەسیفانە لە خارجێ کوردستان، لە ئوڕووپا، لە ئەمریکا، لەملا لەولا تا ئەو جێیەی کە من بزانم، مومکینە ئیتلاعاتی من کەم بێت وەڵی تا ئانچێ کە من ئەزانم ئەو تەور کە بوێت نەیانتانیگە ئەم مەسئەلەیە بە ئەفکاری عموومیێ دنیا بگەیێنن، حاڵی بکەن و بۆ خۆیان تەرەفدار پەیا بکەن. ئێمە میللەتگەلێک ئەوینین کە میللەتەکەیان بە قەد شارێک کوردستان نییە، لە خاریجا ئەنواع و ئەقسام فەعالییەتیان هەس، لوبینگیان هەس مولاحەزە ئەفەرمووی. کەسگەڵێکیان هەس کە دیفاعیان لێ ئەکا، ئەنجومەنگەڵێ هەس کە دیفاعیان لێ دەکا، بۆ کوردستان هەمچێ شتێک نییە. ئەمە عیلەتی چەس، عیلەتی ئەوەسە کە ئەحزاب و سازمانگەل کورد ئانچێکێ تەوجوهیان بێت نیانە بەو مەسئەلە. ئەوان ئەشێ لە دونیا بۆخۆیان تەرەفدار پەیدا بکەن.

٣- سێهەم، مەسئەلە ئەوەسە کە ئەحزابێ کوردی ئەشێ بزانن کە تەکیەگا وپوشتیبانی ئەسڵیان میللەتی کوردە وە بینا بەرئەین بە هیچ نیرووی خاریجی ناوێ نە ئیعتیماد بکەن نە تەکیە بکەن. ئەمە بەو مەعنا نییە کە ئیستیفادە نەکرگێ لە نیرووگەل خاریجی، ئیستیفادە نەکرگێ لە مەوقعییەت موساعید بەینەلمیلەلی. بەو مەعناسە کە بزانن لە نیرووی واقعیان لە کوێنە هەس. نیرووی واقعیان لە میللەتی کورد هەس.

**قازی:** کاک عەزیز دیارە ئەو ڕێنوێنی و ئامۆژگارییانەی ئەمر سارمەدین سادق وەزیری بڵێین ئی نزیکەی ١٦ ساڵ لەوە پێشترە، ٢٠٠٦ هەتا ٢٠٢٢، دە ڕاستیدا هەموو پرێنسیپەکانی واتە ئەساسی ئامۆژگارییەکانی، پایەکەی وەک خۆی ماوەتەوە و بۆ ئێستاش دەشێ. بە کورتی ئەگەر لە سەر ئەو مەسەلەیە بڕۆین و دوایەش بێینە سەر ژیانی بەرایی وی، دوایە دەگەینە ئەو قۆناغەش کە جەنابت ئاشنایەتیت لەگەڵ پەیدا کرد. فەرموو دەست پێ بکە.

**عەزیز ماملێ:** کاک حەسەن گیان زۆر سپاسی ئێوە دەکەم کە بانگهێشتنتان کردووم و ئەو بەرنامەیەتان تەرخان کردووە بۆ ڕێزگرتن و بیروەری لە کەسایەتییەکی پایەبەرزی مێژووی کوردستان. ئەمن پێم خۆشە پێشتر بە عەرزتان بگەیێنم کە من شانازی شاگردیم هەبووە، هیچ وەختێک خۆم بە هاوکار نەزانیوە هیچ وەختێک و ناش زانم و یەکێک لە گەورەترین شانازییەکانی من ئەوە بووە کە لە خزمەتیان دا بووم، زۆر فێری شت بووم. بە ڕاستی لە هەموو بارێکەوە ئەمن خۆم بە مەدیوونی ئەو ئینسانە گەورەیە دەزانم. کە وا بوو نامەوێ زۆرتر لەوە قسە بکەم، فەقەت سەبارەت بەو شتەی کە داتان نا، کە شتێکی زۆر بە نرخە وە ئەوە کورتەیەکە کە برێک بەربڵاوتر لە کۆبوونەوەیەکی ڕێزگرتن لە جەنابی سادق وەزیری لە فڕانکفۆرتی ئاڵمان لە ڕۆژی ٧-ی ژوئەنی ساڵی ٢٠١٤ بەڕێوە چوو لەوێ لە ٨ خاڵدا باسی کردووە کە زۆر بە وردی ئەرکی ڕێکخراوە سیاسییەکان وە هەر وەها ئەو تایبەتمەندییانەی کە دەبێ هەیان بێ باسی کردووە، بەڵام تێبینییەکی کە من هەمە، نەک وەک تێبینی بەڵام بیرەوەرییەک کە من هەمە پێم خۆشە زیاد بکەم لەوە ئەویش ئەوە بوو کە جەنابی سارم خان هەموو کاتێک باسی لەوە دەکرد کە هەتا ئەو ڕۆژە کە نەتەوەی کورد ئۆرگانێک یان پلاتفۆڕمێک یان کۆبوونەوەیەکی نوێنەرایەتی لە هەموو هێزەکانی کوردستان، لە هەموو بەشەکانی کوردستان نەبێ کە ئەوە ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی کورد بە دەستەوە بگرێ شانسی سەرکەوتنی نەتەوەی کورد لە خەباتی ڕزگاریخوازیدا زۆر نییە و ئەوە زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێ لەو شتەی کە ئێمە گوێمان لێ بوو. کە وابوو ئێمە ئەمشەو باسی کەسایەتییەک دەکەین کە لە مێژووی کورد دا چەند لایەنی کەسایەتی هەبووە. یەکێک لە بواری قەزاییدا، یەکێک لە بواری وەکالەتدا، یەکێک لە بواری سیاسەتدا، یەکێک لە بواری کۆمەڵاتیدا، یەکێک لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا. یانی بە ڕاستی نەک هەر لە کوردستان بەڵکوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە دنیاشدا کەم کەسێکی وا هەبووە، زۆر کەمن، بە دەگمەن کەسێکی وا پەیدا دەبێ کە لە هەموو ئەو بوارە، ئەو ڕەهەندانەوە دەسەڵاتی بووبێ، تایبەتمەندی گرتبێتە دەستی خۆی و لە هەموانیشدا سەرکەوتوو

بووبێت، لە هەموانیشدا لە باشترین پلە دا، لە بەرزترین دەسکەوتەکانیدا خۆی نواندبێ. بە کورتی ئەمن پێم خۆشە باسی دەورانی قەزاوەتی بکەم.

**قازی: دیارە دواتر دەگەینە دەورانی قەزاوەتی، بەڵام ئەگەر ئیمکانی هەبێ بۆ ئەوەی زەینی ئەو بینەرانەش ڕوون بێ کە ئاشنایەتییان نییە، ئاشنایەتی سەرەتاییان نییە بەو شێوەیە ئەگەر باسێکی بکەین ڕەنگە لە جێگای خۆیدا بێ ئەویش ئەوەیە دەزاندرێ کە سارمخانی سادق وەزیری خەڵکی سنە بووە، سنەش وەکوو ناوەندی میرنشینی ئەردەڵان مەشهوورە و پاشانیش ئەو لە بنەماڵەی وەزیرییەکانە یانی هێندێک زانیاری گشتی لە سەر ژیانی بنەماڵەیی باس بکەی.**

**ماملێ:** سادق وەزیرییەکان لە بنەماڵەی ئەردەڵانەکان ڕا دین و لەشاری سنە منداڵێکی کە دێتە دنیایە لە سنە لە ساڵی ١٣٠٠ [هەتاوی] دا زۆر زوو دەردەکەوێ کە ئەو زارۆکە، ئەو منداڵە چەندە بە هۆشە، چەندە لێهاتوویی هەیە و وردە وردە کە دەست دەکا بە خوێندن، دەردەکەوێ کە پلەی یەکەمی هەیە و ئەو وەختەی کە زارۆک دەبێ لە سەرەتای منداڵی ڕا ئاشنا دەبێ دەگەڵ ڕۆژنامە خوێندنەوە، سێ ڕۆژنامە لە سنە هەبووە، ڕۆژنامەی"کوشش"، "اطلاعات" و "ایران" لەو وەختە دا نە ڕۆژنامە فرۆشی هەبوو، نە کەسی وابووە ڕۆژنامە بخوێنێتەوە، ماڵێک هەبووە بە نێوی موفەخەم، نێوەکەیم باش لە بیر نییە ئابوونە دەبێ و ئەو ڕۆژنامانەی بۆ دێ، کوڕەکەی هەم کلاسی سارم خان دەبێ و ئەو ڕۆژنامانەی دەداتێ و ئاوا ڕۆژنامە خوێندنەوە فێر دەبێ، بیری کوردایەتی و بیری ڕووناکبیری دەست پێ دەکا، هەستیار دەبێ بە پرسی کورد و بە پرسی ڕووناکبیری و بە پرسی کۆمەڵایەتی و کوردایەتی. لەوێ دەست پێ دەکا و دوایە دەچێ بۆ تەورێز بۆ درێژە دان بە خوێندنی دەبیرستان و دوایە دەچێ بۆ تاران و ئەو وەختەی لە تەورێز دەبێ لە ساڵی ١٣١٩[ی هەتاوی] لەگەڵ جەنابی پێشەوا قازی محەمەد، سەدری قازی و محەمەدحوسێنی سەیفی قازی لەوێ ئاشنا دەبێ و دوو جار ئەوان بانگهێشتنی دەکەن بۆ نانی نیوەڕۆ و لەوێ بنەمای دۆستایەتییەک پێک دێ و ئەوە دەبێتە سەرەتای دۆستایەتییەک کە دوایە لە تاران لەگەڵ سەدری قازی بەردەوام دەبێ. و جەنابی سادق وەزیری وەختێک دەچێ بۆ تارانیش ساڵێک لە بەر ئەوە درەنگ نێونووسی دەکا ناتوانێ بچێتە زانکۆ، دەگەڕێتەوە دەبێتە دەبیر [مامۆستای قۆناغی ئیمدادی] لە شاری سنە و ئینجا دەچێ بۆ تاران لە دانیشکەدەی حقووق دەست بە خوێندن دەکا و لەوێش جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو خوێندکارە کوردە و ئەوانی دیکە، بۆ؟ چونکوو ڕابردوویەکی ڕووناکبیری، سیاسی و ڕۆژنامەوانی هەیە کە لە شاری سنە دەستی پێکردووە و دوو جار تایبەتمەندییەکانی دەر دەکەوێ، یەکێک زەمانێک دوکتور کەریم سەنجابی کە لە دانیشکەدەی حقووق مامۆستای ئابووری دەبێ ڕۆژێک لە خوێندکارەکان دەپرسێ کێ دەتوانێ لە سەر ماتریالیزمی دیالێکتیک قسە بکا تەنیا یەک کەس دەست هەڵدێنێ، جەنابی سارم خان دەبێ، دەڵێ من ئامادەم قسە بکەم. هیچ بەڵگە و هیچ سەنەد و کتێبیشی وەدەست ناکەوێ، دوایی دوکتور سەنجابی بۆ خۆی کتێبێکی دەداتێ بە زمانی فەڕانسە و بۆخۆی بە وردی دەست پێدەکا و ئەو وەخت دێ لە

کۆنفرانسێکدا قسە دەکا، سوخەنرانی دەکا بۆ خوێندکارەکان و بێجگەلە وەش زەمانێک کە دوکتور موسەدیق لە دەورەی چاردەهەمی مەجلیسی شووڕای میللی ئێران دێ دەڵێ " ئێرە دزخانەیە" و هەڵدەستێ لە مەجلیس وەدەر دەکەوێ دەچێتەوە ماڵە خۆی. سارم خان کە خوێندکارێک دەبێ دەگەڵ هێندێک لە خوێندکارانی دانیشکەدی حقووق هەڵدەستن دەچن لە دووی دوکتور محەممەدی موسەدیق و داوای لێ دەکەن بگەڕێتەوە بۆ پارڵمان و دەیهێننەوە و ئەو وەختی حکوومەتی نیزامی دەبێ و سەربازێکی زۆر لە بەر دەرگا دەبێ هێرش دەکەنە سەر خوێندکارەکان سەرنێزەیەک لە کەلەکەی سارم خان دەدرێ و بریندار دەبێ و سەربازێکیش دەکووژرێ. چەند ڕۆژ پاشتر بۆ ڕێز گرتن لەو سەربازە کووژراوە کۆبوونەوەیەک پێک دێنن و لەوێ دوکتور موسەدیق دێ، لەوێ دوو کەس سوخەڕانی دەکەن، یەکێکیان دوکتور موسەدیق یەکێکیشیان سارمخان دەبێ. مەبەستم ئەوەیە کە ئەو ئینسانە هەر لە سەرەتاوە، ئینسانە لێهاتووەکانی،تایبەتمەندییەکانی وەکوو هەڵکەوتوویەک دەر دەکەوێ بۆ هەموو کەس.

**قازی**: لەو چاوپێکەوتنەیدا کە کاکشار ئۆرمار بۆ تێلێڤیزیۆنی ڕۆژ لەگەڵی کردووە کە لێرە دا بەشێکمان نیشان دا و لە نووسینی خۆشیدا باسی ئەوە دەکا کە یەکەم بەرعۆدەییە سیاسییەکەی واتە تەعەهودە سیاسییەکەی لە پێوەندی دا بووە لەگەڵ ئێحسان نووری پاشا. دەزانین ئێحسان نووری پاشا دوای ئەوەی حەرەکەتی ئاگری تێک دەچێ مەجبوور دەبن بێنە نێو ئێران و دوایە تەبعیدیان دەکەن بۆ جنووب و ئاخرەکەی بە جۆرێک دێتەوە لە تارانێ دەگیرسێتەوە. لەو سەروبەندانە کە ئێحسان نووری پاشا، یاشار خانم تۆکتامیشی هاوژینی و عیفەت خانمی خەسووی لە تاران نیشتەجێ دەبن سادق وەزیری پێوندی لەگەڵ ئێحسان نووری پەیدا دەکا و باسی ئەوە دەکا یەکەم تەعەهودی کە داوێتی لە باری سیاسییەوە بە نیسبەت ئێحسان نووری پاشا بووە و دواترتەنانەت بۆ ئەوەی کە ببێتە ئەندام لە حیزبی توودەی ئێرانیشدا وا بزانم سەلاح و مەسڵەحەتی کردووە لەگەڵ ئێحسان نووری پاشا. نازانم ئەمن هەڵەم لەو بارەیەوە یان نا. ئەو زەمینەیە بە تایبەتی " کۆما ڕەش" ئەگەر شی بکەیەوە.

**مامڵێ**: سارمخان زۆر لەگەڵ کوردەکانی ئەو وەختەی دانیشتووی تاران پێوەندی دەبێ. عەرزم کردن زۆر هەستیار دەبێ نیسبەت بە پرسی کورد وە بە ڕاستیش یەکێک لە هۆکارەکانی کە چوو بۆ ناو حیزبی توودە ئەوە بوو کە لە پێڕەوی حیزبی توودە دا نووسرا بوو کە ئێران وڵاتێکی کەسیرولمیللەیە و ئەو پێی وابوو لەو ڕێبازەوە دەتوانێ بۆ میللەتی کورد فەعال بێ، چالاکی دەست پێبکا بۆ ئەوەی بتوانێ بە مافەکانی بگا. لەو بەشەی چاوپێکەوتنەکە کە ئێوە نیشانتان دا دەردەکەوێ چەندە هەستیار بووە، چەندە شێلگیر بووە لە سەر مافی کورد، لە سەر گەیشتنی میللەتی کورد بە مافی چارەنووسی خۆی. کە وا بوو بۆ هەر ڕووداوێک، بۆ هەر کەسایەتییەکی کورد کە لەو سەردەمە دا لە تاران بووبێ سارمخان پێوەندی گرتووە، ئەگەر وەخت بوو ئێمە باسی دانە دانەیان دەکەین. بەڵام سەبارەت بە ئێحسان نووری پاشا، زۆر هاتووچۆیەکی نزیکیان

بووە، ماڵەکەشیان نزیکی یەکتری بووە. دیارە زۆرتر سارمخان چووە سەری داوە. تەنیا یەکجار ئیحسان نووری پاشا چووە ئەویش ئەو وەختەی سارمخان لە زیندان دێتە دەرێ. سارمخان چوارساڵ و نیو لە زیندان‌دا بووە.

**قازی: لە دوای ئەو دیدارەش ئیدی پێوەندییان دەپچڕێ.**

**ماملێ:** بەڵێ، دوای ٢٨-ی گەلاوێژ پێوەندییەکانیان دەپچڕێ، تەنیا ئەو جارە ئیحسان نووری پێوەی دەچێ. سارمخان باس لەوە دەکا دەڵێ ئیحسان نووری پاشا هەمیشە دە فکری وەی دا بوو بە شێوەیەک خەباتێک بکا، کارێک بکا، خەبات نابێ بپسێتەوە بەڵکوو ئەویش دیسانەکە بتوانێ ئەرکی خۆی بەجێ بگەیێنێ بۆ وەی کە نەتەوەی کورد بگاتە مافەکانی خۆی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد سەرکەوێ. شتێکی پێک هێنا بوو بە ناوی "کۆما ڕەش"، کۆما ڕەش چوارچێوەیەکی سیاسی بووە و چەند کەسی کوردیش دەوێدا بوون. ڕۆژێک سارمخان بانگ دەکا دەڵێ ئەمن متمانەیەکی زۆرم بە تۆ هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە ئەو هەموو وەختە کە تۆ هاتوچۆی منت کردووە من بۆم دەرکەوتووە کە تۆ ئینسانێکی باوەڕپێکراوی،ئینسانێکی لێهاتووشی، ئینسانێکی ڕووناکبیری و ئەمن پێم خۆشە ئەتۆ بێی دەست بدەیە دەستی من پێکەوە ئەو شتە وەڕێ خەین،" کۆما ڕەش" و ئەویش دەڵێ زۆر باشە لەوێ قبووڵی دەکا و ئیحسان نووری پاشا سوێندی دەدا و ئەویش سوێند دەخوا، سەرەڕای ئەوەی کە مارکسیست بوو، سەرەڕای ئەوەی کە چەپ بوو بەڵام بۆ وەی کە دڵی ئیحسان نووری پاشا نەشکێنێ و بۆ خۆشی ئەو تەعەهودە بنووسێ و پێی ڕابگەیێنێ قبووڵی بکا لە ئیحسان نووری پاشا، بە قورئانی مەجید سوێند دەخوا و شەمێک لە سەر میزێک دەبێ هەموو پەردەی هۆدەیەکی چکۆڵە دادراوەتەوە و سوێندەکە ئەوە بووە کە من بە شەڕەفی خۆم، بە قورئانی مەجید سوێند دەخۆم کە لە خزمەت میللەتی کورد دا بم، لە خزمەت بزووتنەوەی کورد دا بم و هیچ وەخت خیانەتی پێ نەکەم و ئەگەر خیانەتیشم پێ کرد خوێنی من مەباح بێ.

**قازی: ئێمە لە سەر چالاکییەکانی " کۆما ڕەش " دە ڕاستیدا زانیاریمان کەمە. ئەمن لە سەرچاوەی کوردیی کورمانجی یان تورکی نەمبیستووە هەتا ئێستا شتێک هەبێ جگە لەو ئاماژەیەی کە نەمر سادق وەزیری کردوویەتی جەنابت شتی زیاتر دەزانی لە سەر " کۆما ڕەش"؟**

**ماملێ:** بە داخەوە منیش هیچم دەست نەکەوتووە، زۆرم لێکۆڵین کرد. بەڵام من پێم خۆش بوو ئەوەتان عەرز کەم چەند کەسی دیکەش کە ئەو دەمی زۆرتر کوردەکانی باشووری ڕۆژهەلات بوون یانی کرماشان و سنە و ئەوانە زۆر هاتوچۆی ئیحسان نووری پاشایان کردووە و تەنانەت من پێم خۆشە شتێک بگێڕمەوە : لە ساڵی ١٩٤٣ دا وەختێک موتەفیقین لە ئێران بوون، شووڕەوی و ئینگلیستان و ئەمریکا. پێش ئەو دەمی شووڕەوییەکان بە ئیحسان نووری پاشا دەڵێن پێمان خۆشە ئەتۆ

لەگەڵ ئەفسەرانی ئەڕتەشی سوور بچی دەگەڵ کوردەکان پێوەندی بگری و لەوێ شتێک پێک بێنی، ڕێکخراوێک پێک بێنی و ئێمە پێمان خۆشە یارمەتیتان بکەین بۆ ئەوەی کە کورد بە هێندێک دەسەڵات و مافەکانی خۆی بگا و ئێحسان نووری پاشا هەڵدەستێ لەگەڵ ئەفسەرانی ئەڕتەشی سوور بە جلوبەرگی ئەڕتەشی سوور دێ خێڵی میلانەکان و شکاکەن و هەر وەها جەلالییەکان لە ماکۆ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکا لە گەڕانەوە دا ئەو کەسەی کە شووڕەوییەکان کردوویانەتە واسیتە بە ناوی نادر پیراستە بووە کە مودیری کولی وەزارەتی ناوخۆی ئێران بووە ئەو وەختە، سارمخان دە کتێبەکەیدا باس دەکا، کە دوایی دەردەکەوێ کە ئەو کەسە هەم لەگەڵ ئینگلیسییەکان دە پێوەندی دا بووە هەم لەگەڵ ڕووسەکان دە پێوەندی دا بووە و ئەو بۆ ئینگلیسییەکانی گێڕاوەتەوە، ئینگلیسییەکانیش بۆ حکوومەتی ئێرانیان گێڕاوەتەوە و حکوومەتی ئێران ئێحسان نووری پاشا دەگرێ دوایە هەرمەنییەکان و کوردەکان هەموو بۆی لە جموجۆڵ دەکەون و تەنانەت پێوەندی دەگرن لەگەڵ سەرانی موتەفیقین،ئینگلیستان و ئەمریکا و ڕووس کە ئەو دەم لە تاران بوون و داوایان لێ دەکەن نەیێڵن داوای تورکیای بەجێ بێ کە داوای ڕادەست کردنەوەی ئیحسان نووری پاشای کرد بوو و بەر دەبێ و ڕادەستی تورکیای ناکەنەوە و ، مەبەستم ئەو بەشەیە، ئەوەی زەمانەتی دەکا کەسێک بووە بە ناوی برزوو کەلهور. ئەو پیاوێکی کرماشانی بووە کە زۆر دەگەڵ ئێحسان نووری پاشا هاتوچۆی هەبووە. هەر وەها ئەو وەخت محەمەد کەیوانپوور کە دواتە پاناوی خۆی کردە موکری و دوایە بوو بە سەفیری ئێران لە شووڕەوی و یەکێک لەو کەسانە بوو کە بەربژێری خولی حەڤدەهەمی هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای میللی ببوو لە مەهاباد ئەویش دەچێ بە وتەی سارمخان لەم کتێبەدا [مەبەست لە کتێبی "بەرگری لە دوو سیمای هەڵکەوتووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد یاد زیندووان قازیی محەمەد و ئێحسان نووری پاشا" یە] ئەویش دەچێ سوێند دەخوا. جەنابی سارمخان سوورە لە سەر ئەوەی کە ئەویش کەسێک بووە کە سوێندی خواردووە. مەبەستم ئەوەیە کە لەو سەروبەندە دا کوردەکان زۆر بە دەوری ئێحسان نووری پاشاوە بوون بەڵام هیچیان بە قەد سارمخان هاتوچۆیان نەکردووە و لێی نزیک نەبوون.

قازی: ئەو شێوەی سوێندخواردنە کە وەک سارمخان باسی دەکا و شێوەی سوێند خواردن لە کۆمەڵەی ژیانی کورد، ژێکاف و هەر وەها لە مەرکەزی غەیبی لە حەڕەکەتی مەشرووتییەتی ئێرانێ دا تەقریبەن هەموو شەباهەتێکیان هەیە لەگەڵ یەکتر و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە تێکۆشەرانی ئەرمەنی، داشناک و ئەوانە ئیدیئۆلۆژیان چ بووە ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە بەڵام یارمەتییان کردووە لە مەسەلەی خۆیبوون و حەڕەکەتی چیای ئاگری دا. چونکە هێندێک لە پاشماوەی ئەو ئەرمەنییانە ئەو دەم ئەوانیش لە تاران بوون و تەنانەت یەکێکیان بە شەراکەت دەگەڵ سارمخان ماشێنێکی بارییان کڕیوە بۆ کاسبی کردن. ئیستیلاحی " خۆیبوون " هێندێکان دەیگێڕنەوە بۆ سەر عەینی کۆنسێپت، چەمک لە زمانی ئەرمەنی دا. مومکینە ئەو کۆما ڕەشەش بە ئیحتیمال لەوێوە هاتبێ. ئێستا باسەکە لە بەر ئەوەی زۆر بەربڵاوە دەبێ کورت کورت لە هەموو ڕەهەندەکانی بدوێین. باسی ئەوەت کرد لە مەڕ پەیوەست بوونی بە حیزبی توودەی ئێران لە ساڵی ١٣٢٨-ی هەتاوی

**و ئەوەش هاوکاتە لەگەڵ تێپەڕینی دووساڵ، دووساڵ و نیو لە کۆماری کوردستان و سارمخان نەخشێکی کلیلی هەبووە، نەخشێکی سەرەکی هەبووە لە زیندوو کردنەوەی فەعالییەتی سیاسی بە تایبەتی لە بەشی موکریان و ئەوانە ئەگەر لە بەر چاو بگرین و فەعالییەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە دیارە زۆر نزیک بووە لە حیزبی توودەی ئێران ئەو زەمانی و هەر وەها هەبوونی ئەو کۆمیتەی کە حیزبی توودەی ئێران لە تاران دایمەزراندووە بە نێوی کاک ( کۆمیتەی ئازەربایجان کوردستان) کە کورتەکەی وەک کاک بەکار هاتووە دەو زەمینانە دا ئەگەر هێندێک شی کردنەوە بدەی لە مەڕ دەوری سارمخان لە پێوەندی دەگەڵ تێکۆشەرانی بۆ وێنە وەک ڕەحیم سوڵتانیان، ڕەحیم خەڕازی کە کەمتر باسیان کراوە دە سەرچاوەی کوردیدا ئەوە چۆناوچۆن بووە؟**

**مامڵێ**: کاک حەسەن سارمخان پێم ڕاگەیاندن، عەرزم کردن کە لە پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان زۆر دڵهێشاو بوو، زۆر دڵ بە پەرۆش بوو و تووشی ماتەمێک ببوو زۆری پێ ناخۆش بوو کە ئەو کۆمارە تێک چوو بوو بەڵام هەمیشە هەوڵ و تێکۆشانی ئەوە بوو کە بەشێوەیەک شتێک زیندوو بیێتەوە کە درێژەپێدەری کۆماری کوردستان بێ. لە ڕووی داوخوازەکانەوە بڵێین لە ڕووی تەئسیساتەکەیەوە. لە پێوەندی دابوو هەمیشە لەگەڵ ئەندامانی حیزبی دێمۆکڕات ڕۆژێک ڕەحیمی خەڕازی و ڕەحیمی سوڵتانیان هەر دووک یادزیندوو کە ئێستا لە ژیاندا نەماون ئەوانە دەچن بۆ تاران لە گەڵ سارمخان پێوەندی دەگرن دەڵێن پێمان خۆشە شانەکانی حیزبی دێمۆکڕات زیندوو کەینەوە و دەبێ یارمەتیمان بکەن. ئەویش قسەیان زۆر دەگەڵ دەکا و دەڵێ زۆر باشە داوایان لێ دەکا دەڵێ بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بێ، بە شێوەیەکی بڵێین ڕێکخستنێکی دروست و ماقووڵ و مەنتقی بێ، قەولی هاوکاریان پێ دەدا و ئەوان دێنەوە و پێوەندییان پێکەوە دەمێنێتەوە. و هەر ئەوەش بوو، هەر ئەو هەستە بوو، ئەو تێکۆشانە بوو، هەر ئەو پێوەندییە بوو و هەر ئەو ئەرکەی سەرشانی جەنابی سارمخان بوو کە بۆ خۆی هەستی پێدەکرد دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە دەورەی حەڤدەی هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای میللی ئێران لە ساڵی ١٣٣١ (١٩٥٢-ی زایینی) هەڵدەستێ دێ بە چ وەزعییەتێک، داوای مەرەخەسی دەکا قبووڵی ناکەن، هەموو شتێک بەجێ دێڵێ، یانی لە ژیانی، لە کاری، لە هەموو مەوقعییەتی کۆمەڵایەتی، شوغڵ و ئیداری و ئەوە هەمووی چاوپۆشی دەکا و هەڵدەستێ دێ وەدوای سیاسەت دەکەوێ، وە دوای کوردایەتی دەکەوێ، وە دوای زیندوو کردنەوەی ڕێوشوێنی کۆماری کوردستان دەکەوێ و دێتە مەهاباد و لە مەهاباد پێشوازییەکی بێ وێنەی لێ دەکەن و ئەوە دەبێتە سەرهەڵدانێک. ئەمن دوو سێ ڕۆژ پاش ئەوەی کە چوومە خزمەتیان لە ساڵی ١٣٥٥ (١٩٧٦-ی زایینی) بۆ کابینەی وەکالەت کە بووم بە شاگردی، لەو سەردەمەدا یەکەم شت کە بۆی باس کردم ئەوە بوو کە بەچ گوڕ و تینێک باسی دەکرد دەیکوت بوو بە سەرهەڵدانێک و بە ڕاستیش سەرهەڵدانێک بوو. سەرهەڵدانەکە لە ڕوویەکەوە کە بەربەرەکانی تەواوی پیلانەکانی ئەرتەش و ڕوکنی دوو، شەهرەبانی و ژاندارمەریان کرد لە لایەکی دیکەوە خەڵکیان هان دا ئەو جەوانانە، باسی هەموو ئەو کەسانە دەکا؛ غەنی بلووریان بووە، عەزیزی یۆسفی بووە، خەلیلی سەدیقی بووە، ئەسعەدی خودایاری بووە، عەبدوڵای

ئیسحاقی بووە، هاشمی ئەقەلوتولاب ( قادر شەریف) بووە، ئەگەر باسی کەسێک ناکەم لە بیرم نەماوە. دەنا لەو کتێبەدا (مەبەست لە کتێبی "بەرگری لە دوو سیمای هەڵکەوتووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد" ە ) بە وردی باسی کردووە و بە دوور و درێژی باسی کردووە کە دەبێتە سەرهەڵدانێک و ڕاستە کە پیلانێک دەگێڕن و حەسەنی ئیمامی ئیمام جومعەی تارانێ کە خزمی نزیکی شای بووە دەیهێنن و بە پیلانێکی زۆر دەنگی بۆ دە سندووقەکان داوێن

**قازی:** پێم وا بێ ئەو حەسەن ئیمامی یە دایکی شای خواستووە.

**ماملێ:** بەڵێ وا بوو بوو بە زڕبابی شای بەڵام لە هەرحاڵدا سارمخان سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێنا ئەویش ئەوە بوو کە دەگەڵ ئەو خەڵکە زۆر نزیک بووەوە، پێوەندییەکانی هەتا ئاخر ڕۆژیش هەر بەردەوام بوو. ئەگەر ڕێگام بدەن ئەمن پەڕانتێزێک دەکەمەوە ئەویش ئەوەیە یەکێک لەو کەسانەی کە لە ساڵی ٤٧- ٤٦ پێشمەرگە بووە و لە سویسە بە نێوی مەلا عەزیز، کاک عەزیزی ئەحمەدی بە هەموو گیانەوە بە هەموو ویست و ئیرادەوە بۆ خۆی، خانمەکەی خوشکە ئامین و هەر وەها کوڕەکەی کاک هێمن هەمیشە لە دەوروبەری سارمخانی بوون و خزمەتێکی بێوێنەیان پێکرد لە هەموو ڕوویەکەوە. مەبەستم ئەوە بوو ئەو پێوەندییەی سارمخان لەگەڵ حیزبی دێمۆکڕات دامەزرا و هەتا ئاخرین ڕۆژیش بەردەوام بوو و هەمیشە لە تارانیش کە بوو پێوەندی بوو و ئاخرین شت بە داخەوە لەو کتێبەدا نییە ( مەبەست کتێبی بەرگری لە دوو سیمای ... یە) بەڵام لە وتووێژێکدا کە جەنابی سارمخان لەگەڵ کاک ئەمیری نەژادیان کردوویەتی، وتووێژێکی زۆر ڕێکوپێک و باشە و بە زوویی دەبێتە کتێبێک خەریکە زەحمەتێکی زۆری لە سەر کێشاوە و دەبێتە شەرحی ژیانی سارمخان دەوێدا باس لە شتێک دەکا کە لەو کتێبەیدا نییە ( مەبەست کتێنی پێشتر باسکراوە) باسی عەبدوڵای ئیسحاقی دەکا، یاد زیندوو عەبدوڵای ئیسحاقی ئەو دەمی لە پۆلی پێنجەمی ناوەندی دەبێ وە دێ زۆر بە هەست و زۆر بە گوڕ و تین، زۆر بوێرانە، سارمخان تەعریفی دەکا دەڵێ کوڕێکی جەسوور بوو، کوڕێکی تێگەیشتوو بوو و چەند شت دیاری دەکەن، مەئمووری ئینتیزامات دیاری دەکەن زۆر باش و عەبدوڵای ئیسحاقی لە پاش کودەتای ٢٨-ی گەلاوێژیش دێتە تاران جارێک پێوەندی دەگرێ لەگەڵ سارمخان دەڵێ پێمان خۆشە یارمەتیمان بکەی و پێوەندییەکانمان بەردەوام بێ. دەڵێ حەتمەن بەڵام پێشنیاری تایبەتیم هەیە، قسەکانیان دەکەن و جاری دووەمەیش پاش شەش مانگان دێتەوە و داوا دەکا پێم خۆشە بێی لە کۆبوونەوەی حیزبیماندا بەشداری بکەی. دەچێتە ماڵی ڕەحمەتی شەریعەتی کە بەرپرسێکی حیزبی بوو خەڵکی سنە بوو لەوێدا دوکتور عەلی مەولەوی دەبێ، عەبدوڵای ئیسحاقی دەبێ و سارمخان دەگەڵیان بەشداری دەکا و ..

**قازی:** ئیحتیمالەن سەدیقی ئەنجیریش، دەنا نا؟

**مامڵێ**: کاک سەدیقی ئەنجیری لەوێ نەبووە بەڵام ئێستا باسی ئەویشتان بۆ دەکەم. لەو خولەی مەجلیسدا سارمخان وەک نوێنەر لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرا بە ڕاستی، تەغەلوبێکی زۆریان کرد بۆ ئەوەی وەک براوە ئیمام جومعەی تارانێ لە سندووقی دەنگدان بێننە دەرێ بەڵام ڕاست نەبوو.

**قازی**: دوای کودەتای ٢٨-ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ( ١٩-ی ئووتی ١٩٥٣) سارمخان دەگیرێ و چوارساڵ و نیو دە زینداندا دەبێ ماوەیەک لە کاری قەزاوەت و وەزارەتی داد دووری دەخەنەوە بەڵام دەو ماوەیە دا واتە هەتا کۆتاییەکانی ڕێژیمی شا ئەو وەکوو پارێزەرێک بە دەرد و مەرگی خەڵکەوە بووە بە تایبەتی زۆر کەس لە کوردستانەوە هاتوون و داوای یارمەتییان لێ کردووە. لەو زەمینەیە دا ئەوجار باسی ئاشنایی زیاتری خۆشت لەگەڵی دەوچوارچێوەیەدا بکەی، لە پێوەندی دەگەڵ کاری وەکالەتدا.

**مامڵێ**: کاک حەسەن نەمر کاک جەلیل گادانی منی بە جەنابی سارمخان ناساند و ئەو شەوە کە چووین و کوتی ئەوە برادەرێکی منە و من باوەڕم پێیەتی و پێم خۆشە هێندێک ڕێنوێنی بکەی و لە ڕووی کاری حقووقییەوە دەیەوێ ببێتە پارێزەر. زۆر مێهرەبان بوو، ئەمن زۆرم پێ خۆش بوو. ئەو دەم هێندێک لە خەڵک بە کوردی قسەیان نەدەکرد بە تایبەتی ئەو کەسانەی کاربەدەست بوون من هەر بۆخۆم ڕۆژێک جەنابی سارمخان ناردمی بۆ لای دادستانی کەرەج کوتی ئەو هاوشاری خۆمانە. من چووم بە کوردی قسەم کرد ئەو بە فارسی جوابی دامەوە مەبەستم ئەوەیە بڵێم زۆر کەس بە کوردی قسەیان نەدەکرد. بەڵام کە سارمخانم دی کوردییەکی پاراو، بە هەست قسە دەکا بە ڕاستی زۆر کەیفم کرد کوتی: باوکەکەم، ئاوا بە ئەدەب بە نەزاکەت، سۆزی شەو بێرەو بەیەکۆ قسە ئەکەین و ڕۆژی دوایی چوومەوە کوتم پێم خۆشە ببمە پارێزەر کوتی زۆر باشە وەرە لای من کار بکە و دەگەڵ خۆم کار بکە. ئەوە ساڵی ١٩٧٦ بوو. و ئەمن دیتم پاش ماوەیەک کاک حەسەن دەفتەرێکی چکۆڵە، زۆر بێ تەکەلوف بە بەراوەرد کردن لەگەڵ دەفتەری وەکیلەکانی دیکە هەر هیچ نەبوو. بەڵام، پڕ بوو لە دانش، پڕ بوو لە زانیاری، پڕ بوو لە زانست، پڕ بوو لە ئینسانییەت، پڕ بوو لە سەداقەت و سارمخان لە کاری وەکالەت دا ئەوەندە لە پلە و پایەیەکی بەرز دا بوو کە زوربەی حوکمەکانی لە دیوانی باڵای ئێران، لە دیوانی عالی کیشوەری ئێران نەقز دەکردەوە و حوکمەکانی دەشکاند. پەروەندەیەکی ئەوەندە ئەستوور [ بە دەست نیشانی دەدا] کە پاشان ئەمن لە خزمەتیان دا دەچووم بۆ دەفتەری دیوانی عالی کیشوەر دەیخوێندەوە پاش دوو سێ سەعات دەیگوت ئەو حوکمە غەڵەتە وە حوکمەکەی دەشکاند بە ڕاستی. مەبەستم ئەوەیە کە ئەمن لە دەفتەری وەکالەتەکەی هەستم بەوە کرد کە دوو تیپ خەڵک دێن هاتوچۆی دەفتەرەکەی دەکەن، تیپێک خەڵکی لێقەوماو بوون، خەڵکێک بوون کە زوڵمیان لێ کرا بوو لە ڕووی حقووقییەوە و لە ڕووی ئیدارییەوە هەر وەها تیپێکی دیکە خەڵکێکی ڕووناکبیر بوون چ کورد، چ فارس و بەشی ئەوەڵیش چ کورد، چ فارس لە خووزستانەوە دەهاتن، لە گیلانەوە دەهاتن، لە ئازەربایجانەوە دەهاتن و بە ڕاستی

پەروەندی هەموانی وەر دەگرت و ئەو سەفەر ڕووناکبیرەکانی ئێران، ڕووناکبیرانی بەرز، کۆنە توودەییەکان کە پێوەندیان بڕیبوو لەگەڵ حیزبی توودە بەڵام دەهاتن جێگایەکی قسە و باسی خۆش بوو و لەوێ ئیدی ئەمن دیتم کە ئەو دەفتەری وەکالەتە، دەفتەرێکی وەکالەتی ئاسایی نییە بەڵکوو جێگایەکە کە بە ڕاستی پەناگایە و قیبلەگایە.

**قازی**: باشە ئەگەر ئەوە درێژ بکەینەوە و بیهێنینە سەر کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی تاران کەوا بزانم پێش ڕووخانی ڕێژیمی شا پێک هاتبوو وا نییە؟ یانی ئەو چالاکیانە بەیەکەوە گرێ بدەیەوە.

**ماملێ**: ئەو کۆمەڵەیە پاش ٢٢-ی بەهمەن پێک هات. لەوێدا زوو سارمخانیان کردە سەرۆک و وتەبێژ و بەرپرسیان بوو و دەورێکی یەکجار زۆری بینی. ناوەندی کوردەکانی تاران ئەرکێکی زۆریان خستە سەر شانی سارمخان. ئەو دەمی کە شەڕ بوو لە کوردستان و شەڕێکیان دا سەپاند بە سەر نەتەوەی کورد دا، ئەرکی ئینسانی، ئەرکی ڕاگەیاندن، ئەرکی کۆ کردنەوەی دەرمان، یارمەتی ماڵی و هەر وەها یارمەتی بانگەشە کردن و ڕوونکردنەوە، ڕوونکردنەوەی سیاسی وەزعی شەڕ، وەزعی خەڵکی کوردستان بۆ لایەنە ئێرانییەکان، بۆ حیزبە سیاسییەکانی ئێران و ڕووناکبیرەکان و جەنابی سارمخان یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە زانکۆی شەریف قسەی دەکرد. جارێک ٢٥ هەزار کەس هاتبوون کە بەشێکی زۆری فارس و غەیری کورد بوون.

**قازی**: زۆرباشە ئەو جار پێوەندی دامەزراندن لەگەڵ هێزە ئێرانییەکان و دروستکردنی " جەبهەی دێمۆکراتیکی میللی" و هەر وەها زەمانی کاندیداتۆری مەسعوود ڕەجەوی هەوڵدان بۆ پشتوانی لێکردنی لە لایەن کوردانەوە و بە تایبەتیش ئەو مانیفێستەی ٢٦ مادەیی داوخوازی خودموختاری.

**ماملێ**: ئەگەر ڕێگام بدەن بەو شێوەیە باسی بکەم جەنابی سارمخان لە کاری قەزاوەت دا بۆ خۆی دەستپێشخەری دوو ناوەندی مەدەنی بوو، دوو ناوەندی سینفی بوو کە یەکێکیان "جمعیت قضات و کارمندان دادگستری" بوو، کە کارێکی زۆری کرد دژ بە گەندەڵی کە یەکێک لە کارە هەرە گرینگەکانی ئەو بوو کە ئەو وەخت کە ڕەزم ئارا سەرۆک وەزیر بوو بە وەزیری دادگوستەری دەڵێ دەبێ دوو ڕەئیسی دیوانی عالی کشور شوغڵەکانیان بگۆڕن و بیانتێرن بۆ شوێنی دیکە، بیانتێرن بۆ تەورێز و خۆراسان و ئەوە دژ بە یاسا و دەستووری ئێران بوو و سارمخان یەک و دوو هەڵدەستێ و قیام دەکا و دەڵێ نابێ کاری وا بکەن دەچێ بۆ لای قازییەکان و تۆماری ئیمزا کۆ دەکاتەوە و کارێکی وا دەکا، تەواوی قسەکەشی ئەوەیە کە ئەوە دژایەتی هەیە لەگەڵ ئوسوولی قانوونی ئەساسی و دەستووری ئێران و ئەو وەختەش وەزعییەت بە جوورێک بوو کە هەر نەیان دەتوانی بیر و ڕای گشتی لە بەرچاو نەگرن و پاشە کشە دەکەن. ئەوە یەکێکیان بوو. دوایە "جمعیت مبارزە با فساد"

دا دەمەزرێنێ کە کارەکەی ئەوە بوو دەبێ هەموو مەحکەمەی تایبەتی لە ئێران هەڵوەشێتەوە، هەموو سەڵاحییەتەکان بدرێ بەدادگوستەری و دادگوستەری پاکسازی بکرێ.

قازی: بەداخەوە زۆر کەم کاتمان ماوە بۆیە ئەگەر دەکرێ هەر سەر مقەستی باسەکان باس بکەین. ئەو خەباتە هەر وا بەردەوام دەبێ و سارمخان لە چوارچێوەی کۆمەڵەی کوردانی دانیشتووی تاران دا دەورێکی زۆر گرینگ دەلیزێ بۆ ئەوەی هێزە سیاسییەکان و خەڵک لە مەسەلەی کورد ئاگادار بن. ئەگەر بە کورتی باسی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد بکەی و پاشان هاتنی بۆ دەرەوەی وڵات و لەو پێوەندییەش من پرسیارێکم هەیە لێت دەکەم و بەو شێوەیە کاتەکەمان تەواو دەبێ.

ماملێ: کاک حەسەن جەنابی سارمخان یەکێک لەو کەسانە بوو کە دەوری گرینگی بینی لە پێکهاتن و لە دامەزراندنی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد. وە کاتێک هەیئەتی ویژەی دەوڵەت پێک هات، دامەزرا بۆ گۆیا "چارەسەری" پرسی کورد هاتن بۆ مەهاباد سارمخانیش بۆ خۆی تەشریفی هێنا و من شانازی خانەخوێیم بوو لە ماڵی ئێمە و وەختێک کاتی جوابدانەوی تەرحی خودگەردانی بوو، ڕێکخراوە سیاسییەکان شتێکیان نووسیبوو، ئەو ڕێکخراوانەی لە هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد دا بوون بەڵام، بە دڵی سارمخان نەبوو و بۆ خۆی وڵامێکی گەلاڵەکەی داوە، وڵامێکی زۆر ڕێک وپێکی داوە و دواییش دیسانەکە لە جوابی ئەوەدا گەلاڵەی ٢٦ خاڵی ئاراستە کرد.

قازی: یانی ئەوە یەکێکە لە وردترین ئەو سەنەدانەی کە حەرەکەتی کوردی دەو دەمیدا پێشکێشی کردووە.

ماملێ: بەڵێ ماوەتەوە و جەنابی سارمخان بۆخۆی نووسیویەتی و هەر وەها جەنابی سارمخان زۆر شتی دیکەشی بۆ خۆی نووسیوە، یەک مەرامنامەی "جمعیت ملی مبارزه با استعمار" و لە خاڵی یەکدا لەوێدا نووسیبووی کە دەبێ نەوتی سەراسەی ئێران میللی بکرێ بەڵام لەوێدا نەفەرێک کە لە حیزبی توودە بوو دەینێرێ بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی توودە و حیزبی توودە ئەوە دەگۆڕێ و دەیکا بە "میللی کردنی نەفتی جنووب" مەبەستی ئەوە بووە کە نەفتی شیمال بپارێزێ.

قازی: ئێستا دێینە دەرەوەی وڵات، ١٩٨٠ دێتە دەرەوەی وڵات. کارێکی کە کەمتر پێی زاندراوە دیارە لە بیرەوەرییەکانی نەمر کەریمی حیسامی دا ئیشارەی پێ کراوە ئەویش بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەک وەکوو پلاتفۆرمێکی سیاسی یە کە بەڕێزیشت ڕاستەو ڕاست تێیدا بەشدار بووی ئەوەش ئەگەر شی بکەیەوە باش دەبێ.

ماملێ: ماوەیەک بوو ڕووناکبیرانی کورد بڵێین لە ساڵەکانی ١٩٨٥، ١٩٨٦ کە لە هێزە سیاسییەکان بە تایبەتی لە حیزبی

دێمۆکرات جوێ دەبوونەوە یان "دەریان" دەکردن ئەوانە هەم لە کوردستان ڕا دە پێوەندی دابوون لەگەڵ جەنابی سارمخان و هەم لە ئورووپا ڕا و داوایان لێ دەکرد، تەشیلاتێک، هێزێکی سیاسی، حیزبێکی سیاسی پێک بێنێ. جەنابی سارمخان هیچوەخت نەچووە ژێر باری وەی دەیکوت حیزبی سیاسی هەن ئێمە شتێکی دیکە پێک ناهێنین، حیزبی سیاسی دەبێ لە ناوخۆی کوردستان پێک بێ، لە دەرەوەی وڵات هیچ بایەخێکی نییە و بەو ئیستیدلالانە ئەوەی ڕەد کردەوە بەڵام لە ئاکامدا کوتی دەبێ ئێمە کارێکی فەرهەنگی بکەین و ڕۆژنامەیەک دەر بخەین. و ئەوە بوو لە پاریس لە ماڵی ئێمە دوو کۆبوونەومان گرت کە جەنابی سارمخان بوو، کاک کەریمی حیسامی بوو، کاک مەلا محەمەدی خزری بوو، کاک سالار حەیدەریش هات، کاک ئەمیر قازیش هاتبوو و منیش بووم و کاک ڕەحمانی حاجی ئەحمەدیش بوو و بڕیار درا ڕۆژنامەیەک بە ناوی " سەردەمی نوێ" دەر بکرێ و ژمارەی یەک و دوو و سێ و چوار و پێنج و شەشیش دەر کرا و زۆر بابەتیشی بە کوردیش بوو بە فارسیش بوو، زۆر شتی ڕێکوپێکیش دەنووسرا سەرمقالەکانی سارمخان دەینووسی بۆ خۆی مودیرییەتەکەی بە دەستەوە گرتبوو بەڵام بە داخەوە بەداخەوە کاک کەریمی حیسامی هەڵسوکەوتێکی زۆر ناجوامێرانەی کرد لە حەقی جەنابی سارمخان دا و بەڕاستی غەیری ئوسوولی بوو و بوو بە هۆی ئەوەی کە جەنابی سارخان خۆی کێشاوە و منیش بە دوای ویدا، کاک مەلا محەمەدی خزری و ئەوانیش هەر وەها. کاک ئەمیری قازی هەر نەهات، کاک حاجی ئەحمەدیش کشاوە. هیچکەس نەما، لەو جەمعە تەنیا کاک کەریمی حیسامی ماوە.

**قازی: کاک عەزیز لە ئاخری بەرنامەکە دا پێم خۆش بوو باسی ئەوەش بکەین جەنابت وەکوو شاگردێک وەکوو بۆ خۆت باست کرد وەفاداریت هەیە بە نیسبەت کارەکانی ئەمر سادق وەزیری. هیچ کتێبێک شتێکت بەدەستەوەیە لە سەر ئەو ئەزموونە هاوبەشەتان و پێوەی بڵاوی بکەیەوە؟**

**ماملێ**: کاک حەسەن سارمخان ئینسانێکی زۆر موڕەتەب بوو. ئەمرۆ نامەت بۆ دەنووسی، دەستبەجێ جوابی دەدایەوە و دوو ڕۆژدواتر جوابەکەت بە دەست دەگەیشتەوە. نامەی زۆری بۆ زۆر کەس نووسیوە، دەگەڵ زۆر کەس پێوەندی هەبووە، دەگەڵ جەنابیشتان پێوەندی هەبووە زۆری نامە بۆ نووسیون ئاگام لێیە و بۆ منیشی باس کردووە. من تەقریبەن ٣٠٠ نامەم هەیە. ٩٤ نامەشی بۆ کاک باقری موئمینی نووسیوە کە کاک باقری موئمینی دلۆڤانی کرد و فۆتۆکۆپی نامەکانی داوە بە من. من ئێستا خەریکم لەسەر ئەوانە کار دەکەم و هەر وەها زۆر نامەی دیکەی نووسیوە بۆ زۆر کەسایەتی دیکە. بۆ مامۆستا شێخ عێزەدینی نووسیوە، بۆ دوکتور قاسملووی نووسیوە، بۆ مەسعوودی ڕەجەوی نووسیوە بۆ زۆر کەسی دیکە کە تەواوی ئەو نامانەی دەینارد بۆ منی دەنارد دەیکوت فۆتۆکۆپی لێ هەڵگرە ئینجا بۆیان بنێرە. ئەمن ئێستا خەریکی کار کردن لە سەر ئەوانەم بەڵکوو بتوانم بیکەمە کتێبێک و پێم وایە شتێکی خراپی لێ دەر نایە.

**قازی:** هیوادارم بە جیدی کاریان لە سەر بکەی و بە زووی دەر بکەوێ.

**ماملێ:** هیوادارم.

**قازی:** زۆر زۆرسپاست دەکەم بۆ بەشداریت لەم بەرنامەیەی ڕاوێژ دا. داوای لێ بوردن دەکەم لە بەر تەنگی وەخت مەجبوور بووین قسەکان کورت کەینەوە زۆر داوای لێ بوردن دەکەم.

**ماملێ:** زۆر سپاس، زۆر شتی دیکە هەبوو کە کات نەبوو باسیان بکەین بەڵام دەستتان خۆش بێ ماندوو نەبن.
**قازی:** زۆر مەمنوون. بینەرانی خۆشەویست بەم شێوەیە دەگەینە کۆتایی ئەم بەرنامەیەی ڕاوێژیش. تاکوو ڕاوێژێکی دیکە لای ئێوەمان خۆش،

**تێبینی:** ئەم بەرنامەیەی ڕاوێژ لە چوارشەمە شەو ١٥ی ژووەنی ٢٠٢٢ لە تێلێڤیزیۆنی ستێرک بڵاو کراوەتەوە. لەم لینکەی خوارەوە دا دەکرێ ویدێئۆی بەرنامەکە لە کاناڵی یوتیوب دا تەماشا بکەن.

## پەیوەست

### پەیامی هاوڕێ سارەمەدینی سادق وەزیری، تێکۆشەری ناسراوی کورد و قسەبێژی " کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی تاران"

**بۆ کۆنگرەی ٢١-ی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات (AKSA) نۆهەمی گەلاوێژی ٥٩ بەرانبەر بە ٣١ی ژوونییەی ١٩٨٠**

**کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات**

**برایانی بەڕێز،**

بەوپەڕی شانازی یەوە نامەی بانگ هێشتنی ئێوەم بۆ بەشدار بوون لە بیستوویەکەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات کە ڕۆژی ١٠-ی ژووئییە ناردرابوو، پێ گەیشت.

بۆ من زۆر بە کەلک دەبوو کە لەم ڕۆژە قەیرانی یانەی خەباتی گەلەکەمان دا لە تەک ئێوە برایانی خۆشەویستم دا کە بێگومان لە ڕیزی هیوای دوارۆژی گەلی کورد دان بدوێم بەڵام مخابن لە بەر نەبوونی ئیمکانی سەفەر کردن ناتوانم لە کۆنگرەی ئێوە دا ئامادە بم. بەوپەڕی داخەوە ئەوا بەو هۆیەوە ئارەزووی خۆم بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەی بە بەرووبووتان ڕادەگەیێنم.

برایانی ئازیزم! ئەم حەقیقەتەی کە خوێندکارانی کوردی دەرەوەی وڵات توانیویانە ڕێکخراوەی تایبەتی خۆیان " لە سەر بناغەی دیفاع لە خەباتی زەحمەتکێشانی کوردستان و خەباتی مێژووکردی گەلی تێکۆشەری کورد دامەزرێنن " و سەرەڕای خوارەکە و ژوورەکەی فرە لە پتەو کردن و سەقام پێدانی دا تێبکۆشن نیشاندەری ئەم واقعییەتەیە کە گەلی تێکۆشەری کورد پێی ناوەتە ڕێبازێک کە دوایی ئەم سەرکەوتن واتە وەدی هاتنی مافی میللی و دێمۆکراتیک دەبێ چونکوو بێگومان پێک هاتنی ڕێکخراوێکی ئەوتۆ ئینعیکاسێکە لە واقعییەتی خەباتی گەلی کورد لە پارچە جیاواز و دابەشکراوەکانی کوردستان دا. بێ گومان ئەم ڕێگایە هێشتا فرە دوورو درێژ و پڕ لە مەترسی یە، بەڵام مێژوو سەلماندوویەتی کە گەلی ئێمە توانای ئەوەی هەیە کەسەرکەوتووانە بگاتە ئامانجی.

ئەمەی کە بە شێوەیەکی بڕیاردەر سەرکەوتن دەستەبەر دەکا ئەوەیە کە زەحمەتکێشانی کورد لێر و لەوێ توانیویانە هەرچی زیاتر جڵەوی خەباتی ڕزگاریی بەخش بخەنە دەستی پڕ هێز و توانای خۆیان و لە گێژاوی شەپۆلی کەند و کۆسپان نەپەرینگێننەوە.

لەمەڕ تێکۆشان و چالاکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات وەبیرهێنانەوەی چەند نوقتەیەک پێویستە:

١- پارچەکانی دابەشکراوی کوردستان لە ناو وڵاتە جۆر بە جۆرەکان دا لە حاڵەتی دواکەوتوویی دا ڕاگیراون، ڕزگار بوون لەم دواکەوتوویی یە تەنیا بە هۆی شۆڕشی قووڵی کۆمەڵایەتی یەوە مەیسەرە و لاغەیر جا بۆیە خوێندکارانی کورد کە لەم پارچانە ڕا هاتوون و لە دەرەوە کۆبوونەتەوە دەتوانن و دەبێ لە بنیات نانی کوردستانی دوا ڕۆژ دا دەورێکی جێی سەرنج بگێڕن بەو مەرجەی بە گشت هێز و توانای خۆیانەوە تێبکۆشن کە لە عەینی حاڵ دا کە فێری زانست وفەننی نوێ دەبن، زانستی خەبات و شۆڕشیش فێر بن.

زانست و فەننە نوێیەکان بەروبوو و میراتی موشتەرەکی مێژووی پێگەیشتنی ئینسانانە لە بەر ئەمە هی هەموو قەوم و میللەتێکە، عیلم عیلمە و شەرقی و غەربی بۆ نییە. هەڵبەت مەبەست لە زانست مانای ڕاستەقینەی ئەم وشەیەیە و نەک

تیئۆری هۆندنەوەی نە زانستی.

ڕۆڵەکانی گەلی ئێمە دەبێ بە ڕاستی و بە تەواوی مانا ئەم زانست و فەننانە فێر بن و قەت تووشی ئەم تەوەهومە نەیەن کە بە بێ فێر بوون و دەکار کردنی زانستی پێشڕەو دەکرێ کۆمەڵ بە ودمی هەڵخەڵەتێنەر و دەغەڵ بازان بەڕێوە ببردرێ یان بەرەو پێش بچێ.

٢-زانستی خەبات و شۆڕشیش وێڕای پێگەیشتنی کۆمەڵی ئینسانی و زانست و فەننان و بە کەلک وەرگرتن لە گشت پێشکەوتەکانی زانست و فەن و فەلسەفە ڕێگای پێگەیشتنی پێواوە، لە ڕاستی دا ئینسان دەبێ فێری ئەو زانستەش بێ،لێرە دا نابێ تووشی ئەم تەوەهومە ببین کە زانستی خەبات و شۆڕش هەر دەکرێ لە ناو لاپەڕە و دێڕی کتێبان دا فێر بین! وا نییە، دامەزراندنی پەیوەندی قووڵ و هەموو لایە و زیندوو لە تەک خەباتی ڕۆژانەی زەحمەتکێشان دا و ئیلهام وەرگرتنی بەردەوام لە تەجروبەی وان مەرجی پێویست بۆ فیر بوونی زانستی خەبات و شۆڕشە.

٣ - مێژووی خەباتی گەلەکەمان سەلماندوویەتی کە بەر لە هەموان و زیاتر لە هەموان دەبێ پشت بە هێزی خەڵکی تێکۆشەر و زەحمەتکێشانی کورد ببەسترێ، هەر جۆرە تێئۆری هۆندنەوەیەک کە ئەم حوکمە مێژوویی یە تەبلیغ نەکا نەک هەر فڕی بە عیلم و تێئۆری زانستی شۆڕشەوە نییە بەڵکوو تەپکەیەکە بۆ پێوە کردنی کۆمەڵانی گەلی کورد.

ئینعیکاسی خەباتی ڕۆژانەی گەلی کورد لە وڵاتە جۆر بە جۆرەکان دا ئەرکی کردەوەیی دەرەجە هەوەڵی ڕێکخراوە کوردەکانە لە دەرەوەی وڵات. دوژمنانی گەلی کورد هەمیشە هەوڵیان داوە کە واقعییەتی خەباتی مەردم و زەحمەتکێشانی کوردستان لە خەڵکی دنیا بشارنەوە و بە بڵاو کردنەوەی بوختان و تاوان وەپاڵ دانی جۆراو جۆر داوێنی پاکی میللەتی مەعسووم و غەدرلێکراوی کورد پیس کەن. دەبێ بە هەموو خەڵکی جیهان نیشان بدرێ کە چلۆن گەلی کورد بە درێژایی هەزاران ساڵ بە دەسدرێژکەران و ستەمکارانی ڕەنگاوڕەنگی کوتووە " نا " و سەرەڕای کوشتاری خوێناوی و سەرکوت کرانی سەرانسەری توانیویە هوویەت و خەسڵەتی خۆی بپارێزێ و هەموو جارێ لە بن خۆڵەمێشی بڵێسەی ئاگری دنیا داگر و لە ژێر کاولی تێک تەپینی مەزن ڕا، سەر زیندووتر لە ڕابردوو سەر هەڵێنێ و هاوار بکا: " کورد زیندووە."

٤-خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات بە بڵاو کردنەوەی هەراوی ڕاستەقینەی خەباتی ڕۆژانەی گەلەکەمان بەتایبەتی دەبێ نیشان بدەن کە خەباتی قارەمانانەی ئێستای مەردمی کوردستان، درێژەی مەنتیقی و تەبیعی ئەم مێژووە سەرانسەر پڕ لە نەسرەوتن و فیداکاری و گیانبازی یەیە و بەم ڕێگایە دا هاودەردی هەرە هەراوی زەحمەتکێشانی وڵاتە جۆر بە جۆرەکان

بەرەو خەباتی بەحەقی گەلی کورد ڕاکێشن.

٥- خوێندکارانی کوردی دەرەوەی وڵات دەتوانن بە لێکدانەوە و پوختەکردنی ورد و زانستییانەی جووڵانەوە میللییەکانی گەلی کورد لە پارچە جیاواز و دابەشکراوەکانی کوردستان دا، بە تایبەتی لە دوای شەڕی دووەمی دنیاگر، نیشانی دەن کە دۆستانی ڕاستەقینەی گەلی کورد کامەنن.

ئەم لێکۆڵینەوانە بە تایبەتی دەتوانێ بە دروستی سیمای ڕاستەقینەی هێندێک لە مودەعی یەکانی دیفاع لە مافی بێ بەش و زەحمەتکێشان وەڕوو خا. ئەم لێکۆڵینەوانە هەر وەها بە دروستی دەری دەخەن کە حیزبەکان و ڕێکخراوە سیاسی یەکانی مودەعی نوێنەرایەتی زەحمەتکێشان لە بواری حەساسی مێژوویی دا چلۆن لە حاست خەباتی بە حەقی گەلی کورد دا بزووتوونەتەوە، پۆختە و گەڵاڵەی گشت ئەم تەجروبانە و بە تایبەتی جەرەیانەکانی یەکساڵ و نیوی دوایی لە ئێران ئیسپاتی دەکا کە ڕێکخراوە سیاسی یە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان دەبێ لە هەموو جۆرە بە دواوە ڕۆیشتنی جەریانە سیاسی یەکانی دیکە خۆ بپارێزن و ڕێگای خۆیان بە پشت بەستن بە تەجروبەی ئۆبژێکتیڤ و ڕۆژانەی خەباتکارانە و بە کەلک وەرگرتن لە تێئۆری ڕاستەقینەی شۆڕشگێڕی ببیننەوە و بڕیاردەرانە و موسەممەمانە هەنگاوی تێدا هەڵێننەوە. لاوانی تێکۆشەری کورد کە پڕن لە هەستی قووڵی نەتەوایەتی و کوڵ و کۆی شۆڕشگێڕانە نابێ فریوی ڕستە و قسە و دروشمی ڕواڵەت شۆڕشگێڕانە بخۆن - کە پەیوەندییان بە واقعییەتی خەباتی گەلی کورد و ڕەگ و ڕیشەی قووڵی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ئەوەوە نییە - .

ئەم لاوانە دەبێ بڕوایان بە خۆیان بێ و پشت بە خۆیان ببەستن و لە ناو ڕێکخراوە سیاسی یە بە تایبەتی یە شۆڕشگێڕییە کوردییەکان دا و بە پشت ئەستوور بوون بە هێزی لە بن نەهاتووی گەلی خەباتکار و شۆڕشگێڕی کورد لە ناو شەپۆلی بە سامی تەبلیغاتی ئەم لا و ئەو لا دا، بە یارمەتی تێئۆری زانستی شۆڕش، ڕێگای تایبەتی پێگەیشتنی مێژوویی نەتەوەی کورد بپێون و لە کەند و کۆسپ و پەرژینان نەپەرینگینەوە و لە بەر شکانی کاتی تووشی ناهومیدی و ورە بەردان نەیەن. من مافم نییە زیاتر لە مە کاتی ئێوە برایانی خۆشەویستم بگرم، ئارەزووی سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان دەکەم و هیوادارم کە ئەم کۆنگرەیە بۆ بەرەو ژوور بردنی سەتحی تێکۆشەرانەی کۆمەڵەی ئێوە هەنگاوی بە کەلک و بە پیت هەڵێنێتەوە. وێڕای سڵاو ودروودی زۆر

سارمەدینی سادق وەزیری

سەرچاوە: وێبنووسی ڕوانگە – ڕێکەوتی: ٢٠ی جوونی ٢٠٢٢

## سەبارەت بە مەنشووری کوردستان؛

## یەکگرتوویی کورد لە سەردەمی ١٣٥٨دا و پەرتەوازەبوونی ئێستای ڕێکخراوە سیاسییەکان

بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لە پاش ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ و دەسپێکردنی ململانێ و کێشەکانی لەگەڵ دامەزرانی دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامییەوە، دەرئەنجامی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بەرچاوی مێژوویی بوو کە نەک هەر ئەوڕۆ بگرە لە داهاتووشدا بۆ خەڵک و پێشمەرگە و بەشداران و چالاکوانانی ئەو سەروبەندە وەک هێمای شانازی دەمێنێتەوە. بنچینەی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ئەو تایبەتمەندییانە لە بەستێنی یەکڕیزیی هێزەکان و پشتگریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا پێناسە دەکرێت.

لەو ڕۆژانەی دواییدا بانگەوازێک لە لایەن هەندێک لە هەڵسووڕاوان، چالاکوانانی سیاسی و ڕووناکبیرانی کوردی دەرەوەی وڵاتەوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بووەتەوە. لەو بانگەوازەدا، لەسەر پێویستبوونی داڕشتنەوەی گەڵاڵەیەک کە بتوانێت وەک مانیفێست یان مەنشوورێکی هەمەلایەنە شێوازی داڕشتنی دەسەڵات لە داهاتووی ئێراندا دیاری بکات، جەخت کراوە.
ئاوا دەسپێشخەرییەک گەلێک دڵسۆزانە و بەرپرسیارانەیە. نووسراوەیەکی لەو شێوەیە ئاڵنگارییەکی بەقەدرە بۆ سەرجەم دڵسۆزانی کورد و بە تایبەت بۆ هێزە سیاسییەکانی کوردستان.

لە پێناو قووڵترکردنەوەی تێڕوانینەکان و شیکردنەوەی وردتری باس و بابەتەکاندا، هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستای کوردستان و بەراوردکردنی لەگەڵ ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٥٨دا گەلێک پێویستە، بە تایبەت بۆ لاوانی کورد و لە هەموان زیاتریش بۆ ژنانی پێگەیشتوو کە سەرقافڵەی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»ن.

لە سەروبەندی شەڕی سێ مانگەی ساڵی ١٣٥٨دا دۆخێکی تایبەت بەسەر هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا زاڵ ببوو. هێرشەکانی پاسداران و ئەرتەش بۆ سەر نەتەوەی کورد بێئاکام مابۆوە، پێشمەرگەی کوردستان وەک هێزی بەرگری و پاراستنی گەل و داخوازییەکانی کورد، نەخشە گڵاوە سەربازییەکەی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی و ئایینیی پووچەڵ کردبۆوە. خومەینی داوای وتووێژی لەگەڵ کورد کردبوو. کورد کەوتبووە بەر دووڕێیانێک: هێزە سیاسییەکان هەریەکە بەتەنها و بۆ خۆیان بەشداری لە وتووێژدا بکەن یان بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی؟

ئەو پرسیارە هەستیارە سەرنجی کۆمەڵانی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، زەخت و گوشارێکی بەربڵاو و بەرچاو لە ئارادا بوو بۆ یەکگرتوویی و خۆپاراستن لە پەرتەوازەیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان کە داخوازیی جۆراو جۆر و مەرجە جیاوازەکانیان ببوونە ڕێگرێک لە بەرانبەر یەکڕیزیدا.

هێزە سیاسییەکان فرە لە یەک دوور بوون، مەرجەکانیان ببووە کۆسپی سەرەکی لە بەردەم نزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتندا. بەڵام کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تەوژمێکی ئەرێنیی بەرفراوانیان دەست پێ کردبوو و بەبێ پشوودان داوای دیالۆگ و دانوستانی جیدیی ناوخۆییان لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان دەکرد. پاش جموجۆڵ و تێکۆشانێکی زۆر و ڕۆیشتنی هەیئەتە نێردراوەکانی خەڵک بۆ بنکە و بارەگای هێزە سیاسییەکان لە سەر چیاکانی کوردستان و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بەرپرسانی حیزبەکاندا، ئەو هێزانە دواجار ناچار بوون مل بە داخوازییەکانی خەڵک بدەن و خۆ ڕادەستی ڕاستییەکان و جۆرە پراگماتیزمێکی سیاسی بکەن. هەستی پاک و وریایی بەرزی خەڵک بوو بە هۆکارێکی گرنگ بۆ دامەزراندنی «هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد» کە وەک ئەستێرەیەک لە ئاسمانی سیاسەت و یەکڕیزیی کوردستان و لە مێژووی کورددا دەدرەوشێتەوە.

ئەمڕۆ مێژوو بە جۆرێک لە جۆرەکان خەریکە دووپات دەبێتەوە، بەڵام نەک لە ناوخۆ بەڵکوو لە دەرەوەی ئێران و کوردستاندا. دەسەڵاتی ئەوڕوی ئێران هەروەک ڕژێمی پێشوو کەوتۆتە بەردەم شۆڕش و ئاوەژووبوونەوە و گلۆڵەی سەقامگرتوویی ڕژێمی ئێران کەوتۆتە لێژایی، ئەمەش لەژێر کاریگەریی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا. لە دەرەوەش، هەر وەک ساڵی ٥٧، لایەنێکی کۆنەپارێز خەریکە بە ناحەق دەست بەسەر شۆڕشەکەدا بگرێت. چ لە کوردستان و چ لە دیاسپۆرا، کورد دەورێکی گرنگی هەیە. لە ناوخۆی ئێراندا بیست کۆڕ و کۆمەڵ و دامەزراوەی پیشەیی و مەدەنی و فەرهەنگی داخوازییەکانی خۆیان خستۆتە بەرچاو و پشتگریی بەرەی چەپ و کۆماریخواز و دیموکراتیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە.

بانگەوازی ڕووناکبیران و چالاکوانانی کورد لە ئەورووپا بۆ ئامادەکردنی مەنشوورێکی لانیکەمی لە داخوازییەکانی کورد لە هەلێکی لەبار و گونجاودا بڵاو بووەتەوە؛ نزیک بە چوارسەد کەس لە دڵسۆزانی تێگەیشتووی کوردستان ئاواتەخوازن کە کوردیش مەنشووری خۆی بە دەستەوە بگرێ و داخوازییە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکانی گەلاڵە و پێشکەشی ڕای گشتیی کوردستان و ئێرانی بکات. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: چ کەس و لایەنگەلێک دەبێ ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ و بە چ شێوەیەک؟

**ئاوڕدانەوەیەک لە ساڵی ١٣٥٨ و قووڵبوونەوە لە دۆخی ئەو کاتەی کوردستان پێمان دەسەلمێنێ کە:**

١- ڕەمزی سەرکەوتنی کورد لە بەڕێوەبردنی باشی وتووێژەکان لەگەڵ دەوڵەتی کاتیی ئێراندا، دەگەڕایەوە بۆ بەشداربوون

لە پێکهاتەیەکی دیاریکراودا کە بەتایبەت و دوای زەحمەت و هەوڵێکی زۆر بۆ وتوویژ دامەزرابوو؛

٢- لە هەلومەرجی سیاسی و ڕێکخراوەیی کوردستان و خۆبەزلزانیی هێزەکان لەو سەروبەندەدا، بەبێ هەوڵە نەپساوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی ئەو سەردەمەی کوردستان دیار نەبوو کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان چۆن دەیانتوانی خۆ لە شپرزەیی و شڵەژاوی ڕزگار بکەن، گەلۆ دۆخی ئێستا لەگەڵ ئەو سەردەمەدا جیاوازیی هەیە، ئاخۆ گۆڕانکاری بەسەر حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەوڕۆی کورددا هاتووە؟؛

٣- هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بە لێهاتوویی بەرەنگاری دۆخە سیاسییەکان بۆوە و بە یەکگرتوویی و بە یەک زمان و یەک پێکهاتە لەگەڵ هەیئەتی دەوڵەتی ئێراندا کەوتە دانوستاندن؛

٤- کۆی گەلاڵەی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بۆ خودموختاریی کوردستان بە کۆدەنگیی گشت لایەنەکان پێشکەشی میدیاکان و ڕای گشتیی ئێران کرا.

کۆمەڵگای مەدەنیی ئەوڕۆی کوردستان گەلێک بەهێز و بەپێزە. فرە دڵسۆز و دڵفراوانە و بە وریایی چاوی بڕیوەتە سەر هەڵسوکەوت و هەڵوێستی ڕێکخراوە سیاسییە چالاکەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان. چاوەڕوانیی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و کەسایەتیەکان و کۆڕ و کۆمەڵانی خەڵک لە حیزبە سیاسییەکان ئەوەیە کە چەمکی یەکڕیزی لە بیر نەبەنەوە و بایەخی پێ بدەن.

ئەگەر گەلاڵە مێژووییە ٢٦ خاڵییەکە لە لایەن سەرجەم ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانەوە پەسند کرا و جێگیر بوو، لەبەر ئەوە بوو کە پێشتر لەژێر ناوی «هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد»دا یەکگرتوویی و یەکڕیزی لە نێوان هێزە کوردییەکاندا پێک هاتبوو. دۆخی ئەوڕۆی کوردستان جارێکی دیکە ئەو داواکارییە دەخاتە بەردەم حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، ئەمە کۆی هێزەکان دەگرێتەوە، وا نییە کە هەندێک بگرێتەوە و ئەوانی تر نەگرێتەوە، یاخود هەندێکیان هەبن و ئەوانی تریان نەبن.

ڕوون و ئاشکرا و پێویستە کە هەتا قبووڵکردنی یەکتر لە ئارادا نەبێت و لە دووتوێی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا چەشنە یەکیەتییەک لە نێوان سەرجەم هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا پەروەردە نەکرێت و نەیەتە دی، لە بەرژەوەندیی گشتیی کوردستاندا ناگونجێ کە یەک یان چەند لایەن گەلاڵەی داخوازییەکانی کورد لە ژێر سەردێڕی «مەنشووری

کوردستان»دا بنووسن و بڵاوی بکەنەوە، چونکە هەر لەسەر کاغەز دەمێنێتەوە... ئاوا پێشهاتێک دەبێتە هۆی ئاڕاستەکردنی چەند «مەنشوور» کە ئەمەش ناتەبایی و نایەکڕیزیی بزووتنەوەی کوردستانی لێ دەکەوێتەوە.

بێگومان زۆر پێویستەکە هەوڵەکان چڕوپڕ بکرێتەوە بۆ دەسپێکردنی ئەو ئەرکە گرنگە، ئەمەش یەکانگیرە لەگەڵ چاوەڕوانیکردن بۆ دانیشتن و دیالۆگی نێوان سەرجەم هێزەکانی کوردستان لەگەڵ یەکدا بە ئامانجی نزیکبوونەوە، لێکتێگەیشتن و دامەزراندنی نوێنەرایەتییەک لانیکەم بۆ داڕشتن و گەڵاڵەکردنی ئەو مەنشوور و مانیفێستە نیشتمانییە.

سەردەمی ئێستا لە دۆخی ٥٨ دژوارتر نییە. ڕاستە کە بە داخەوە سێ کەسایەتیی پایەبەرزی ئەوددەمی بزووتنەوەی کورد، واتە سارمخانی سادق وەزیری، مامۆستا شێخ عیزەددینی حوسێنی و دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو، لە مەیدانی سیاسیی ئەوڕۆدا نین، بەڵام کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستان گەلێک بەتوانا و لێهاتووە و دەتوانێت لە بەرانبەر دیاردەی پڕ لە زیان و خەساری پاوانخوازیدا بوەستێت کە بێگومان دەشێت زەبرێکی گورچکبڕ لە کۆمەڵگەی ڕێکخراوەیی ئەوڕۆی کوردستان بدات کە لە هەموو وەخت زیاتر پێویستی بە یەکیەتی و یەکگرتووییە.

تایبەتمەندییە بەنرخەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد ئەوڕۆکەش دەبێ لە بەرچاو بگیرێت و دەرسیان لێ وەربگرین؛ زەنگی ترسناک نابێ لێ بدرێت، کۆڵانەکانی بەرژەوەندیی کورد نابێ دابخرێن، ڕێکاری تاکلایەنە وەڵامدەر نیە، پانتاییەکان و بەستێنەکانی خەبات دەبێ فراوانتر بکرێنەوە و هەوڵەکان دەبێ بە ئاڕاستەی ڕێزگرتن لە پلۆرالیزمی سیاسی و ڕێکخراوەیی کوردستاندا بن. ئەگەر لە جیات یەکگرتوویی و یەکڕیزی، هەست و هەوڵی سڕینەوەی یەکتر لە ئارادا بێ، نەک هەر ئیمکان و ئەگەری نووسینەوەی «مەنشوور» پێک نایەت، بەڵکوو لە داهاتووی پاش کۆماری ئیسلامییشدا کێشەی قووڵ و مەترسیدار بەرۆکمان پێ دەگرێت.

با هەموو بە یەکەوە بەرەو یەکڕیزی و یەک زمانی هەنگاو هەڵگرین، با بۆ ئامادەکردنی یەکگرتووانەی «مەنشووری کوردستان» و ڕاگەیاندنی بە گەلانی ئێران هەموو هەوڵ و توانامان لەسەر یەک کۆ بکەینەوە.

١ی مانگی مارسی ٢٠٢٣

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی = مارچی ٢٠٢٣ی زایینی